# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.452 Wed 22/ 4/ 2009 | نرخ 500 دینار | 2009 /4 /22 چوارشەممە ژمارە 452




لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا

## «داوادەکات کەرکوک لەسەر نەوتەکەی بژی»

# دیمستۆرا راپۆرتە(٥٠٠) لاپەڕەییەکەی بڵاودەکاتەوە



رۆژنامە

بڕیارە دوو سبەی ستیڤان دیمستۆرا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق دووەمین راپۆرتی خۆی لەسەر ناوچە کێشەدارەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بڵاوبکاتەوە، کە هەفتەی رابردوو بەپێی زانیاری میدیاکان کۆپیەکی ئەو راپۆرتەی داوەتە تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لەو راپۆرتە(٥٠٢) لاپەڕەییەدا چارەسەری یەکلاییکەرەوە بۆ کێشەی کەرکوک دانەنراوەو ئاماژە بەوە دەکات، کە کەرکوک یان بە نەوتەکەی بژێنرێت، یان بەغدا ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

فاتیح عەبدوڵڵا شوانی، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانیو شارەزا لە مێژووی کەرکوک پێیوایە، چارەنووسی کەرکوک وەک چارەنووسی شاری موسڵی لێدێتو کورد ئەو شارەش دەدۆڕێنێت، چونکە وەک ئەو وتی: «لەچەند ساڵی رابردوودا سەرکردایەتی کورد هیچی بۆ ئەوە نەکردووە کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمو هەموو شتێکمان فرۆشتووەو هیچ دەرفەتێک لە بەردەستدا نەماوە»

لە ل (٣-٤) دا چەند بەدواداچوونێک بخوێنەوە

## جارێکی تر وادەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە هەولێر هەڵوەشایەوە

فەلاح نەجم

کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان، کە بڕیاربوو لە چەند رۆژی داهاتوو (کۆتایی ئەم مانگە)دا، بەبەشداریی سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی چوار پارچەکەی کوردستان لە هەولێر ببەسترێت، هەڵوەشاوەتەوەو بۆ جاری دووەمو بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

بڕیار بوو لە کۆنفرانسەکەدا سەرجەم پارتە کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان بەشداربن، بۆ تاووتوێکردنی گرفتی نەتەوەی کورد، بەتایبەت چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، لەو کۆنفرانسەدا جگە لە حیزبە کوردستانییەکان، چەندین شارەزاو پسپۆڕی بیانی بانگهێشت دەکران.

ئاریز عەبدوڵڵاسەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریو پەیوەندییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرچەندە پێشتر بە زارەکی کاتی بەستنی کۆنفرانسەکە دیاریکرابوو، بەڵام هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دواخستنی کۆنفرانسەکە هەبوو» پێشتر میدیاکان بڵاویانکردبووەوە کە تورکیا لە دانیشتنە سێ قۆڵیەکەی نێوان ئەمریکاو عێراقو تورکیادا داوای لە ئەمریکاو عێراق کردووە رێگە بە بەستنی کۆنفراسەکە نەدەن، بەڵام ئۆزجا جین، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئەو هەواڵەی رەتکردەوە، کە تورکیا پەیوندی بە دواخستنی ئەو کۆنفرانسەوە هەبووبێت.

## «تۆمار کردنی قەوارەکان بەر لە دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن، فێڵێکی شەرعییە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوە»

ل٣

## موسڵ بەرەو دابەشبوون دەڕوات

هەستیار قادر

پارێزگاری نوێی موسڵ هەڕەشەی گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی لە دژی بەرپرسانی کوردی شەنگارو شێخانو مەخمور دەکات، بەرپرسی لقی موسڵی پارتیش دەڵێت: «بەردەوامبوونی لیستی حەدبا لەو سیاسەتە موسڵ بەرەو دابەشبوون دەبات».

ئەسیل نجێفی سەرۆکی لیستی حەدباو پارێزگاری موسڵ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە بەرپرسانی کوردی هەرسێ قەزای شێخانو شەنگارو مەخمور دەداتە دادگا، ئەگەر پەشیمان نەبنەوە لە بڕیاری هەڵپەساردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای موسڵو رایگەیاند: «تائێستا بەرەسمیی هەڵپەساردنی دامودەزگاکانی ئەو سێ ناوچەیەمان پێنەگەیشتووەو ئەو کەسانەش کە ئەو بانگەشەیە بڵاودەکەنەوە، هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە هاندەدەن، بۆ ئەو کارە دەیاندەینە دادگا».

لەلای خۆشیەوە محەمەد بەشیر وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ئاشکرایکرد، قایمقامی ئەو سێ قەزایە کە سەر بە لیستی برایەتین، سوورن لەسەر هەڵویستی هەڵپەساردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، وتیشی: «لکاندنەوەی یەک لایەنەی ئەو ناوچانە بە هەرێمی کوردستانەوە، بڕیارێکە لەدەست ئێمەدا نییە، بەڵام وەک کارتی گوشار بەکاریدەهێنین»

هاوکات خەسرەو گۆران بەرپرسی لقی موسڵی پارتیش، رایگەیاند: «بەردەوامبوونی لیستی حەدبا لەسەر ئەو سیاسەتانەی، موسڵ بەرەو دابەشبوون دەبات».

## «پێشێلکاریی لە گرتووخانەکانی هەرێم بەردەوامە»

ساڵح رەحمان

وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق، لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە پێشێلکاریی بۆ سەر زیندانیانی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان تائێستا ئەنجامدەدرێت، لیژنەی مافی مرۆڤی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بەنیازە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ بەداواداچوونی ئەو مەسەلەیە.

حارس عوبەیدی ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە هەندێک گرتووخانەی هەرێمی کوردستاندا دەستدرێژی کراوەتە سەر زیندانییەکانو پێشێلکاریی بەرامبەریان ئەنجامدراوە، بۆیە لیژنەکەیان بڕیاریداوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکاتو لە نزیکەوە لە بارودۆخەکە بکۆڵێتەوە، وتیشی: «وەزارەتی مافی مرۆڤ لە راپۆرتێکیدا ئەوەی ئاشکراکردووە، کە تائێستاش پێشێلکاریی لەناو گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە، بۆیە بڕیارمانداوە گرتووخانەو زیندانەکانی هەرێم بەسەربکەینەوە».

ئەندامەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ باسی لەوەشکرد، بڕیارە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت کۆببنەوە بۆ تاووتوێکردنی رەوشی گیراوەکان لە گرتووخانەکانی هەرێمداو بەم نزیکانە وەفدێکیان دەگاتە هەرێم بۆ ئەو مەبەستە، «لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆدەبینەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگە چارەو دانانی سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکارییانەی لەناو گرتووخانەو زیندانەکاندا بەرامبەر گیراوەکان ئەنجامدەدرێت».

www.netewe.com

# کەرکوک بە نەوتەکەی بژی، یان بەغدا بیژیەنێت
# «یۆنامی دەیەوێت بەو ڕاپۆرتە کات بەڕێبکات»

هەستیار قادر

لە ڕاپۆرتە چاوەڕوانکراوەکەی یۆنامیدا چارەسەری یەکلایی کەرەوە بۆ کێشەی کەرکوک دانەبڕاوەو ئاماژە بەوە دەکات، کە کەرکوک یان بە نەوتەکەی بژێنرێت، یان بەغدا ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش دەڵێت: «ناوەرۆکی ڕاپۆتەکە بۆ بەڕێکردنی کاتەو لە بەرژەوەندی کورد نییە»

بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتووە، لە ڕاپۆتەکەی خۆیدا سەبارەت بە کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە، ستیڤان دیمستۆرا نێردراوی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) بەپێچەوانەی ڕاپۆرتەکەی پێشووتریەوە چارەسەری بۆ کێشەی ئەو ناوچانە دانەناوەو تەنیا ڕاوبۆچوونی لایەنە ناکۆکەکانی لە چوارچێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێکدا کۆکردووەتەوەو لە ئەگەرەکانیشدا هاتووە، کە کەرکوک بارێکی تایبەتی جیا لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقی هەبێت، یان بەشێوەی ئیدارەی هاوبەشی نێوان پێکهاتەکانی بەڕێوەببرێت، بودجەو خەرجیی کەرکوک، یان لە داهاتی نەوتی شارەکە بێت، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە بودجەی بۆ دابین بکرێت.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەسەر زاری چەند چاودێرو پسپۆڕێکی یۆنامییەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو ڕاپۆرتە هەڵەی ڕاپۆرتی پێشووتری سەبارەت بە چەند ناوچەیەکی دابڕاوی دیکە چاک نەکردووەتەوەو تێڕوانینی جیاجیای لەسەر ناوچە کێشەدارەکانی شێخانو تەلەعفەرو خانەقین داناوەو بەگشتیش ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتە نوێیە لە بەرژەوەندی کورد نییە»

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد: «بەرپرسانی یۆنامی دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەو فرەڕاو تێڕوانینەی نێو ڕاپۆرتەکەیانەوە سەبارەت بەچارەسەرکردنی کەرکوکو ناوچە کێشەدارەکانی دیکە سوود لە (کات بەڕێکردن)وەربگرن، بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی دیکەی داهاتوودا، کە ئەگەر هەیە بکەوێتە ساڵی داهاتووەوە چارەسەری خۆیان سەبارەت بە کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە ڕابگەیێنن، بەوپێیەی بە وتەی پسپۆڕەکانی یۆنامی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە لە ئەمساڵدا مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق سەبارەت بە ناوچە کێشەدارەکان جێبەجێ ناکرێت»

هاوکات د.سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەپشتبەستن بەو زانیارییانەی بەردەستی کەوتووە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ناوەرۆکی ڕاپۆرتە چاوەڕوانکراوەکەی دیمستۆرا لە دژی مادەی (١٤٠) بێتو ڕایگەیاند: «من زانیاری تەواوم نییە سەبارەت بە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی پێم گەیشتووە زۆربەی ئەگەرەکانی لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠) دانو سێ بۆ چوار ئەگەریشی سەبارەت بە کەرکوک تێدایە»

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا تەنیا پێشکەش بە سەرکردەو بەرپرسە باڵاکانی عێراقو هەرێم دەکرێت، بۆ تاووتوێکردنی، لەوانە سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆمارو هەردوو جێگرەکەیو سەرۆک وەزیرانی عێراق بەمەبەستی تاووتوێکردنو پێشکەشکردنی ڕای خۆیان لەسەری.

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد مەهدی بەیاتی ئەندامی لیژنەی مادەی (٢٣)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بۆ هەندێک زانیاری دزە کراوی دیکەدا لەسەر ڕاپۆرتەکەی دیمستۆراو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یەکێک لە ئەگەرەکانی نێو ڕاپۆرتەکە ئەوەیە، کە کەرکوک دوور لە دەستو کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بێتو بەو هەرێمەوە نەبەسترێتەوە، یان کەرکوک بارێکی تایبەتو جیاوازی هەبێت لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا».

بەیاتی کە ئەندامی لیستی ئیئتیلافیشە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایکرد، کە لەمیانەی کۆبوونەوەی لیژنەی مادەی (٢٣)دا لەگەڵ دیمستۆرا بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەو بەرپرسە لەگەڵ ئەوەدانییە چارەسەرێک بۆ کێشەی کەرکوک بدۆزێتەوە، کە لایەنی براوەو دۆڕاوەی تێدابێتو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە دەبێت چارەسەرێکی تەوافوقی بۆ کەرکوک بدۆزرێتەوەو وتیشی: «دۆزینەوەی ئەو چارەسەرەو کۆتاییهێنان بەو هاوکێشە ئاڵۆزانەی بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسو دوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە دروستبووە، پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە».


ستیڤان دیمستۆرا

# «کردنەوەی دەرگای تۆمارکردنی قەوارەکان بەر لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، فێڵێکی شەرعییە لە لایەن دەسەڵاتەوە کراوە»

دیە فازل

شارەزایانی بواری کاروباری پەرلەمانو هەڵبژاردن تەئکید دەکەنەوە، کە کردنەوەی دەرگای تۆمارکردنی پێکهاتەکان بەر لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن «فێڵێکی شەرعییە» لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوە، پەرلەمانیش تەئکید دەکاتەوە کە کۆمسیۆن لەژێر گوشاری حکومەتو پەرلەمانی کوردستان ئەو کارەی کردووە.

بەرلەوەی ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمیی دیارییبکرێت، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا لە ڕۆژی ٤/١٥ تا ٤/٢٤ تۆماری قەوارەکان دەست پێبکات، ئەمەش بەبۆچوونی جەوهەر نامیق سەرۆکی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان «فێڵێکی شەرعییە»و شێوە ڕوومالکردنێکە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێت تا بزانرێت چەند پێکهاتە خۆیان تۆمار کردووەو لایەنەکان ئاشکرا بن، تا ستراتیژییەتی خۆیان دیاری بکەنو بزانن کێ ڕکابەریانە لە هەڵبژاردنەکەدا.

بەوتەی جەوهەر نامیق دیارینەکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکانو دەستکردن بە ئاشکراکردنی پێکهاتەکان لە قازانجی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەو نەدەبوو بەسەر کەسانی یاساییدا تێپەڕبێت.

هەندرێن محەمەد، سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوەی ڕەتکردەوە، کە کارێکی نایاسایی بێت تۆماری پێکهاتەکان بەر لەدیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن ئەنجامدراو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «ئەوەی کراوە کارێکی ئاساییەو لەبەر ئەوەش کە دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە بوو، ئەم ئامادەکارییانەش بودجەی ناوێت، هەر بۆیە دەستی پێکراوە تا هەڵبژاردنەکان دوانەکەون»

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە کارێکی ئاسایی دانا، کە تۆماری پێکهاتەکان بەر لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئاماژەی بەوەشدا کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بەر لەساڵێک تۆماری پێکهاتەکان کراوەو ئاساییە، چونکە ئەو پێکهاتانە پێویستە دیاری بکرێن، بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکانی دیکە بکرێت.

بەڵام، عەونی بەزاز جێگری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، تەئکید دەکاتەوە دەستکردن بە تۆماری قەوارەکان گوشاری حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بووە، ئەویش بەو مەبەستەی هەڵبژاردن بە زووترین کات ئەنجامبدرێتو زووتر دەست بە ئامادەکارییەکان بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە، پەرلەمان بە پڕۆژە بڕیارێک لە ڕۆژی ٤/١٥ دەسەڵاتی دایەوە بە سەرۆکی هەرێم، تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان دیاری بکات، بێئەوەی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ سەرۆکی هەرێم دابنرێت، محەمەد حەمە ساڵح وەک شارەزایەک لە کاروباری هەڵبژاردن پێیوابوو، کارێکی «نارەوا»و نایاساییە، کە کراوەو ماوەیەک بۆ سەرۆکی هەرێم دیاری نەکراوە، تا ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات، ئەمە جگە لەوەی کەمتەرخەمی پەرلەمانە، تێکەڵو پێکەڵییەکیشە لە کاروباری کۆمسیۆن، چونکە نە دەبوو بەوە ڕازی بێت کە سەرۆکی هەرێم ماوەکەی کراوە بێت تا ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات.

لە بەرامبەردا، سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە هۆکاری پابەندنەکردنی سەرۆکی هەرێم بە کاتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترسێک هەبووە لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردن، کە ڕەنگە ئەگەر کات دیاری بکرایە پێویستی بکردایە جارێکی دیکە ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوەو دەسەڵات بدرێتەوە بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی کاتەکە.

بەڵام، جەوهەر نامیق ئەو بیانووەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ڕەتکردەوەو لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە پێدانی ئەو دەسەڵاتە بە سەرۆکی هەرێم مەترسی ئەوەی لێدەکرێت جارێکی دیکەو بەبیانوی ئامادەنەبوونی پێداویستییەکانی هەڵبژاردنەوە هەڵبژاردنەکە دوابخرێت، هەر بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ئەمەش «فێڵێکە» کراوەو نەدەبوو یاساناسەکانی پەرلەمان پێی ڕازی بن.


هەرێم دەتوانێت هەڵبژاردنێکی هاوشێوەی عێراق ئەنجام بدات؟

# ئاشکرانەکردنی زانیارییەکان، گرفتی بەردەم ڕۆژنامەنووسانە

دلێر عەبدولخالق

ئـەمـرۆ لـە کـوردسـتـان یـادی (١١١)ساڵـەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکـرێـتـەوە، لـە سـەروبـەنـدی ئەو یادەداو لەتەک ئەوەی ڕۆژنامەنووسان ئـامـاژە بە پێشکەوتنەکانی کایەکە دەکەن، بەڵام ئەوەش دەخەنەڕوو، کە دەسەڵاتی کوردی فەزایەکی ئەوتۆی نـەرەخـسـانـدووە بـۆ ئـەوەی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی وەک خۆی گەشەبکات و سـەرچـاوەکـانـی دەسـتـکـەوتـنـی زانیاری و پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و وەرنەگرتنی پەیامی میدیای ئازاد لەلایەن دەسەڵاتەوە بە گرفتەکانی بەردەم کایەکە ناو دەبەن.

لە دوای ڕاپـەڕیـنـەوە سـێ یاسا بـۆ ڕێکخستنی کـاری ڕاگـەیـانـدن و ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کـراون، کە بریتین لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣و یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ساڵی ١٩٩٨و یاسای ژمـارە (٣٥)ی سـاڵـی ٢٠٠٧، لـەگـەڵ ئـەوەی چەند مانگێک بەسەر دەرکـردنـی یاسای ڕۆژنامەگەری تێپەڕیوە، بەڵام بەبڕوای سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە لە سایەی ئەو یاسایەدا پێشێلکارییەکان و توندووتیژییەکان دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە زیادبووندان.

شـوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەلومەرجی ڕۆژنامەگەری لە مێژووی نوێدا، تا ڕادەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت دوای سـاڵـی ٢٠٠٠و پەیدابوونی ڕۆژنامەی ئەهلی و وتی: «ئەو یاسایەی لـەلایـەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە تا ڕادەیـەک گونجاوە، بـەڵام پێویستی بەهەموارکردنەوە هەیە، چونکە لەگەڵ دەرچوونی ئەو یاسایەدا ژمارەی سکاڵاکان و سزادان و توندووتیژییەکان و پێشێلکارییەکان دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە زیادبووندان، هـەروەک ڕۆژنامەنووسانیش دەست کراوەنین لە ئامادەکردنی مادەکانی بەردەستیان، بەتایبەت ئەو بابەتانەی تـابـۆکـراون، کـە بەشێکی زۆریـان پەیوەندییان بەلایەنی سیاسییەوە هەیەو ڕەهەندی ئایینی و کلتووریشی لێ بەدەر نییە».



بە وتەی سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە یەکێک لە گرفتە گەورەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسان، ئەوەیە سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەمیان کراوەنین و وتی: «ئەو یاسایەی دەرچووە ئاماژەی بەوە داوە ڕۆژنامەنووس زانیاری بدرێتی، بەڵام ڕوون نەکراوەتەوە چی دەکرێت بەرامبەر ئەو بەرپرسانەی زانیاری نادەن، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە تائێستا لە کوردستان کارکردنی میدیای ئازاد وەک پێویست لەلایەن دەسەڵاتەوە وەرنەگیراوەو ئەمەش زیانی گەیاندووە بە ئەزموونی دیموکراسی و پێویست دەکـات، دەسـەڵات مامەڵەی لەگەڵیدا بگۆڕێت».

حەکیم عوسمان، سەرۆکی بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی پێیوایە: پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکن، دەسەڵات لە کوردستان ناچار دەکات بەوەی هاوکاری پەیامی ڕاگەیاندنی ئازاد بکات، چونکە ناکرێت زانیارییەکان بشاردرێنەوە، وتی: «ئەگەر زانیاری ڕێگەی لێ بگیرێت لە دەرگاوە، ئەوا لە پەنجەرەوە خۆی بڵاودەکاتەوە».

سەندیکای ڕۆژنـامـەنـووسـانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەدەن، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەخۆیەوە بینیویەتی، بەڵام ئاستەنگو لەمپەر لە بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی هەیەو ئـەو پڕۆژەیاسایەی پێشتر پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کـراوە بـۆ چـارەسـەری کێشەکانی بوارەکە بووە.

فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کـوردسـتـان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دوای ڕاپەڕینەوە کـاری ڕۆژنـامـەگـەری کەوتووەتە قۆناغێکی دیـارو لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا کاریکردووە، بەهۆی نـەبـوونـی سانسۆریشەوە لەتەک ڕۆژنامەی حیزبی و ڕۆژنامەی ئەهلی و ئازادیش تا ڕادەیەک بەشداریکردووە. وتـیـشـی: «دەسـت نەگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری کێشەی بەردەم ڕۆژنامەنووسانە، چونکە هەندێک لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم تاکو ئێستا زانیارییەکانیان ئاوەڵا نـەکـردووەو شەفاف نەبوون لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان».

لە بـارەی ئـەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر ڕۆژنامەنوسان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، فەرهاد عەونی ئەوە دەخاتەڕوو لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەموو زانیارییەکیان بڵاوکردووەتەوەو وتیشی: «هەر کێشەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسان دروستبکرێت ئێمە ڕووبـەڕووی دەوەسـتـیـنـەوە، بـەڵام پێویستیشە ڕۆژنامەنووسانیش ڕێـز لە یاساو کارەکانی خۆیان بگرن و مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ پیشەکەیاندا بکەن».

لە ماوەی ڕابردوودا ڕۆژنامەگەری کوردی دیاردەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی، کە بریتیبوو لە شەڕی میدیای حیزبی و میدیای ئەهلی، بە بڕوای شوان محەمەد، ئەو هەڵمەتە لەلایەن میدیایەکی حیزبی ئاراستەکراوەوە، وەک هەڵمەتی پێش هەڵبژاردن بەرامبەر ڕۆژنامە ئەهلییەکان دەستپێکردووە، بەڵام ئەو پێیوایە ئەو هەڵمەتە کاتییەو دوای هەڵبژاردن وەک بڵقێک دەنیشێتەوە. وتیشی: «ئەو هەڵمەتەی میدیای حیزبی پێش ئـەوەی زیـان بە هەلومەرجی ڕۆژنامەگەری کوردی بگەیەنێت، زیان بە ڕۆژنامەی حیزبی خۆی دەگەیەنێت، چونکە دووردەکـەونـەوە لە کاری پڕۆفیشناڵی و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی خۆیان».

هاوکات حەکیم عوسمان، ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتە دەکات، کە زۆرجار کارەکانی ڕۆژنامە ئەهلییەکان پەرچەکرداری ڕۆژنامە حیزبییەکانەو ئەو حاڵەتەشی بە مەترسی بۆ سەر کایەکە ناوبردوو وتی: «لە هەبوونی ئەو جۆرە کاردانەوەیەی نێوان ڕاگەیاندنی حیزبی و ئەهلیدا ڕاستییەکان ون دەبن، چونکە ڕەنگە حاڵەتەکان بەو ئاراستەیە بڕۆن کە ڕۆژنـامـە حیزبییەکان زیـادەڕۆیـی بکەن لە شاردنەوەو بچوککردنەوەی زانیارییەکان و لە ڕۆژنـامـە ئـازادو ئەهلیەکانیش زیـادەڕۆیی بکرێت لە گەورەکردنی هەندێک ڕووداو لە پێناو دەرخستنی هەندێک لایەنی جیاواز بەپێی جۆری بەرژەوەندییەکانیان».

# لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان بەدواداچوون دەکات لەسەر بازرگانیکردن بەمنداڵانەوە

ئارام شێخ وەسانی

دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردوو هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە لە عێراقدا بازرگانیکردن بەمنداڵان لە تەشەنەسەندندایەو بەو هۆیەشەوە ساڵانە چەندین منداڵ دەفرۆشرێن و بـۆ مەبەستی جـۆراوجـۆر بەکاردەهێنرێن. لیژنەی مافی مـرۆڤ لـە پەرلەمانی عێراق، لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیاندا ئەو پرسەیان بەهەند وەرگـرتـووەو بۆ ئەو مەبەستەش بەدواداچوون دەکەن و هەروەها بەفەرمی داوا لە حکومەت دەکـەن کە ڕێگریی لەو دیاردەیە بکات و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر.

عومەر عەلی ئەندامی لیژنەی مـافـی مـرۆڤ لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و بەشداربوویەکی کـۆبـوونـەوەکـە بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ئێمە لە پەرلەمان وەک لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو بابەتە بەهەند وەردەگرین و بەمەترسیەکی گـــەورەش سـەیـری دەکـەیـن، لەکۆبوونەوەی لیژنەکەشماندا ئەوە دووپات کرایەوە کە پێویستە بەهەموو جۆرێک ڕێگە بگیرێت لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی دیاردەی کرین و فرۆشتنی منداڵان،بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە حکومەت تەواوی هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ، بـۆئـەوەی دەسـتـەبـەری ژیانی خێزانە هەژارەکان بکات و هەروەها دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دابین بکات «ئەگەر ڕێگری لەو بابەتە نەکرێت ئەوا ئەو دیاردەیە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە بەهەموو لایەکمان بەرەنگاری ببینەوە».

# خوێندکاران خۆپیشاندان دەکەن

ئارام نەجیم

زیاتر لە (٤٥٠) خوێندکاری خوێندنی ئێواران لە هەڵەبجەی شەهید، وەک ناڕەزایی بەرامبەر بـەبـڕیـاری ژمـــارە (٣٦٣٠) وەزارەتـــی پـــەروەردە، کە باس لەوە دەکات خوێندنی ئێواران دەکرێت بە پارە، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، لێپرسراوی کارگێڕی بـەڕێـوەبـەرێـتـی پـــەروەردەی هەڵەبجەی شەهیدیش، ئاماژە بەوە دەکات، لەگەڵ ئەو بڕیارە نین، کـە پـــارە لـە خوێندکار وەربگیرێت، بەڵام ئەوان تەنیا لایەنێکی جێبەجێکارن لەو بڕیارەدا.

ئەژی عەبدولقادر، یەکێک لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان وتی: «ئەم بڕیارە بۆ ئێمە بەکارنایەت، چونکە خوێندکارمان تێدایە لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکو ئێستا (٢٥٠) دیناری لەناو خوێندنگەدا سـەرف نـەکـردووە، ئێستا لە کوێوە ئەو پارەیە بدات؟».

بەپێی بـڕیـاری وەزارەتـــی پـــەروەردە، ژمـارە (٣٦٣٠)، کە ئیمزای بەڕێوەبەری فێرکردنی ئێوارانی لەسەرە، ئاماژە بەوە کـراوە کە خوێندنی ئـێـواران دەکرێت بەپارەو بۆ قۆناغەکانی ١-٣ی نـاوەنـدی (٥٠) هـەزار دینارو بۆ قۆناغی ئامادەییش (٧٥) هەزار دینار لە خوێندکار وەرگیرێت.

بـەهـرە تـالـب، نـوێـنـەری خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان لەوبارەیەوە وتـی: «زۆرینەی خوێندکارانی خوێندنی ئێواران باوکیان نییەو دایکیان بێوەژنانەی (٦٠) هـەزار دیناری هەیە، کە چوار مانگ جارێک دەیاندەنێ، ئیتر چۆن دەتوانن ئەو پارەیە بدەن».

کەریم شێخ عەلی، لێپرسراوی کـارگـێـڕی بـەڕێـوەبـەرێـتـی پـــەروەردەی هـەڵـەبـجـە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە لە هەولێرەو یەکێک لەو خاڵانەی باسیدەکات ئـەو بـڕیـارەیـە، وتیشی: «من لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نیم، کە پارە لە خوێندکار وەربگیرێت، بەڵام ئێمە لایەنێکی جێبەجێکارین لەم بڕیارەدا».

لـێـپـرسـراوی کـارگـێـڕی بـەڕێـوەبـەرێـتـی پـــەروەردەی هەڵەبجە ئـامـاژەی بەوەشدا، کە بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی هەڵەبجە هیچ توانایەکی نییەو تەنیا وەک نووسینگەیەک وایەو وتی «ئێمە بڕیاری سـەرووی خۆمان جێبەجێدەکەین.

# بڕیاری گواستنەوەی چەند ئەفسەرێک دەدرێت

سۆران پاڵانی

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ، ئەو ئەفسەرانەی کە بڕوانامەی خوار ناوەندییان هەیەو لە بەشی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانیدا کار دەکـەن، بۆ بەشی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی سەر بە وەزارەت دەگوازرێنەوە.

جـەلال شـێـخ کـەریم، بـریـکـاری وەزارەتـــی نـاوخـۆ لـە (ئـیـدارەی سلێمانی) لـەو بـارەیـەوە بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: بڕیاری گواستنەوەی ئەو ئەفسەرانەماندا وە، لەبەر ئـەوەی بـڕوانـامـەی خوار ناوەندییان هەیەو شارەزایی تـەواویـان لە یاسادا نییە، وتیشی: «ئەو ئەفسەرانەی کە لە بەشی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی محەلین، بە هەمان پلەوە دەگـوازرێـنـەوە بۆ بەشی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن».

# پەرلەمان ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق هەڵدەبژێرێت

نیان مەجید

پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ، بڕیارە هەفتەی داهاتوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاڵایەکی نـوێ بۆ عێراق پەسەند بکات.

د.ڕەئـــوف عـوسـمـان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق لـەسـەر لیستی هاوپەیمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لیژنەکەیان سێ مـانـگـە کـارەکـانـی خـۆی تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرۆکی پەرلەمان و کـێـشـە نـاوخـۆیـیـەکـانـی پـەرلـەمـانـەوە، کـارەکـان دواخـران، وتیشی: «تائێستا نزیکەی (٦٠٠) نموونەی ئاڵاکە گەیشتوونەتە دەست لیژنەکەو سـێ نموونەی سـەرەکـی و سـێ یـەدەگ هەڵبژێردراوەو نابێت لە دوو ڕەنگ کەمتر بێت و یەکێک لە ئەگەرەکانیش ئاڵای ساڵی ١٩٥٨ی عێراقە».

ژمارە (452) چوارشەممە 2009/4/22
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

## کێ دەرگای گفتوگۆ بەڕووی کێشەکاندا دەکاتەوە؟

# مالیکی ئامادەنییە بچێتە هەولێرو سەردانی سلێمانی دەکات

دلێر عەبدولخالق

بەگوێرەی لێدوانی سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بڕیارە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەردانی سلێمانی بکاتو چاوی بە بەرپرسانی هەرێم بکەوێت، بەڵام ئامادەنییە بچێتە هەولێر، ئامانجی سەردانەکەشی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە لەنێوان هەرێمی کوردستانو مەرکەزدا لەئارادان.

لە بەرامبەریشدا ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: «مالیکی کێشەی لەگەڵ سەرۆک کۆماردا نییە، ئەگەر دەیەوێت کێشەکانی هەرێمو بەغدا چارەسەربکات، پێویستە بچێتە هەولێرو لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم گفتوگۆ بکات».

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، رۆژی پێنجشەممە (٢٠٠٩/٤/١٦)، لە بەغدا سەردانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی کرد، دوای سەردانەکەی لە لێدوانێکیدا بە (KNN)ی راگەیاند: نوری مالیکی ئامادەیی خۆی نیشانداوە سەردانی شاری سلێمانی بکاتو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆببێتەوە، بەڵام ئامادەنییە سەردانی هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستان بکات. وتیشی: «سەردانەکە بە ئامانجی کۆتاییهێنانە بەو ناکۆکیانەی ماوەیەکە لەنێوان هەرێمو ناوەندا دروستبووە، چاوەڕوانیش دەکرێت مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە سلێمانی چاوی بە مالیکی بکەوێتو گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی هەولێرو بەغدا بکەن».

لێدوانە توندەکانی مالیکیو راوێژکارەکانی لەسەر دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانو زیادەڕۆییکردن لە مومارەسەکردنی جۆری دەسەڵاتی ئەو هەرێمە، بەردەوامیی هەیە، هەروەک دەسەڵاتدارانی هەرێمیش رەخنە لە خراپیی ئەدای کابینەکەی مالیکی دەگرنو بە پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی بڕگەو مادە دەستوورییەکان تاوانباری دەکەن، ئەم دۆخە لەکاتێکدایە کە (٧) مانگ تێپەڕیوە بەسەر پێکهێنانی ئەو پێنج لیژنەیەی کە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دروستکرابوون، بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی بەئاقاری چارەسەرکردنی کێشەکان لێکەوتبێتەوە.



گرنگترین کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بریتین لە(چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی، ناسنامەی هێزی پێشمەرگە، جۆری سیستمی فیدراڵی لە عێراق، لەگەڵ گرێبەستە نەوتییەکان، چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەش ئاماژەی دروستە بۆ شکستی کاری پێنج لیژنەکە، کە راستەوخۆ لەلایەن جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو دوو جێگرەکەیو نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکران.

لەگەڵ قوڵبوونەوەی کێشەکانو ئەو جەنگە ساردەی لەڕێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە خوڵقێنراوە، کێشەکان کەمتر دەرگای گفتوگۆو دیالۆگی بەڕوودا ئاوەڵاکراوە، هەروەک ماوەیەکی درێژیشە سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنزیکەوە بۆ چارەسەری گرفتەکان یەکتریان نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەی چەند جارێک باس لە سەردانی نوری مالیکی کراوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی بەشێک لەو لێدوانە توندانەی بەرپرسانی هەرێم بەرامبەر مالیکی لەڕێی ئامرازەکانی راگەیاندن لەلایەکو خراپیی تێڕوانینی مالیکی بەرامبەر دەسەڵاتەکانی هەرێم لەلایەکی دیکە، ئەو سەردانانە ئەنجام نەدراونو سەرینەگرتووە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی سەربەخۆی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: کێشەکانی هەرێمو بەغدا بەرەو قوڵبوونەوە چووەو چارەسەری پێویستی بۆ نەکراوە، ئەگەر مالیکیش ئامادەنەبێت بچێتە هەولێر، ئەوا کێشەیەکی دیکەش زیاد دەکات. وتیشی: «هاتنی مالیکی بۆ سلێمانیو دانیشتنی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هیچ پێویست ناکات، چونکە ئەوان دەتوانن هەرکاتێک بیانەوێت لە بەغدا یەکتر ببینن، بۆیە پێویست دەکات لە سەردانی بۆ کوردستان بچێتە هەولێرو لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم کۆببێتەوە».

بەوتەی مەحمود عوسمان «چەند جارێکی دیکە مالیکی بەڵێنی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان داوە، بەڵام بەجێی نەگەیاندووە»، هەربۆیە گومانی هەبوو لە سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەوەشی وت: «پێویست ناکات سەردانی مالیکی گەورە بکرێت، ئەگەر ئەو دەیەوێت کێشەکان چارەسەربکات، ئەوا پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا بکات، چونکە لەڕاستیدا مالیکی کێشەی لەگەڵ سەرۆک کۆمار نییە، بەڵکو کێشەی ئەو لەگەڵ هەرێمە، ئەگەر بچێتە سلێمانیو ئامادەنەبێت بچێتە هەولێر، کەواتە سەرباری ئەو کێشانەی ئێستا هەیە، کێشەیەکی دیکەش زیاد دەکات».

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێمو ناوەند، ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆچوونی جیاواز دەخەنەڕوو، وەک ئەوەی پێشتر لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، فریاد رەواندوزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاندبوو: ئەو کێشەیەی هەیە لەنێوان نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، زیاتر پەیوەندی شەخسییەو کێشەکە لەنێوان فەرمانگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵو فەرمانگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندایە.

د.مەحمود عوسمان کێشەکان لەوە قوڵتر دەبینێتو پێیوایە «نوری مالیکیو زۆربەی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان لە عێراقدا، بڕوایان بەو دەسەڵاتانەی ئێستای هەرێمی کوردستان نییە، ئاماژە بەوەدەدەن هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵە دەکات، هەربۆیە لە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کورددانو دژایەتی دەکەن»، وتیشی: لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکاندا ئاساییە ئەگەر رێککەوتنی پێشوەخت هەبێت لەبارەی سەردانەکە، مەسعود بارزانی لە سلێمانی یان لە دوکان بە ئامادەبوونی تاڵەبانی لەگەڵیدا کۆببێتەوە.

# پەرلەمانتار، رابحە حەمەد عەبدوڵڵا: مەرکەزیبوونی پرۆژەکان بواری زیاتر بۆ گەندەڵی دەڕەخسێنێت

سالح رەحمان

**رابحە حەمەد عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی کارو خزمەتگوزارییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێویستی دەزانێت، پێویستە بودجەی وەزارەتو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی عێراق بەشێوەیەک کەم نەکرێتەوە کاریگەری بکاتە سەر بواری ئاوەدانکردنەوەو کاری خزمەتگوزاریی، جەختیشیکردەوە لەوەی دەبێت دەسەڵاتی بەشێکی زۆر لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بدرێتە دەست پارێزگاکان، بۆ ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەبچێت.**



**رۆژنامە: لیژنەکەتان هەڵوێستی چییە لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی حکومەت، بەتایبەت وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان؟**

* ئێمە وەکو لیژنەکەمان کەمتر باسی کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانمان کردووە، چونکە کاروباری ئەو وەزارەتانە پێویستی بە بودجەی شیاو هەیەو دەبێت لە کاری بنیاتنانەوەدا بەردەوام بن، ئەو بودجەیەش کە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان پێشنیازیان کردووە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهێنراوە، چونکە پێشنیازەکانی ئەوان لەگەڵ ئەو بودجەیەی کە بۆیان تەرخانکراوە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهێنراوەو کەم نەکراوەتەوە.

**رۆژنامە: بۆچی بودجەی ئەو وەزارەتانە کەمتر دەستکارییان کراوە؟**

* چونکە ئەو وەزارەتانە پەیوەندی راستەوخۆیان بە هاوڵاتییانەوە هەیەو کاری خزمەتگوزاریی ئەنجامدەدەن، ئەگەر بودجەکانیان کەمبکرێتەوە کار دەکاتە سەر بەڕێوەچوونی ئیشو کارەکانیان، لەهەمانکاتیشدا بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێن، دەستیان پێکراوەو ناکرێت بودجەیان لێببڕدرێتو دەبێت تەواو بکرێن، لەهەمانکاتیشدا کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان لە بەرژەوەندی کەسدا نییەو پێویستە لە قۆناغی ئێستادا بواری زیاتر بەو وەزارەتانە بدرێت کە کار لە بنیاتنانەوەی وڵاتدا دەکەن.

**رۆژنامە: ئایا تەنیا وەزارەتەکان بەرپرس دەبن لە جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان؟**

* ئێمە داوامانکردووە بواری زیاتر بدرێت بە پارێزگاکان بۆ ئەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاریی جێبەجێ بکەن، چونکە پارێزگاکان زیاتر شارەزای ئەو پرۆژانەن کە پێویستە لەو ناوچانەدا ئەنجام بدرێن، ساڵی پار پارێزگاکان کەمتر بواری ئەوەیان هەبوو، بەڵام پێویستە یاسایەکی تایبەت بۆ ئەو بوارە دابڕێژرێتو دەسەڵاتی زیاتر بداتە پارێزگاکان، بۆ ئەوەی خۆیان سەرپەرشتیو پلانی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دابڕێژن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی زیاتر بنیاتنانەوەی وڵاتو بەڕێوەچوونی بەشێوەیەکی باش.

**رۆژنامە: ئەگەر سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان، مەرکەزی بێت، ئایا هیچ زیانێکی دەبێت؟**

* ئەگەر سەرپەرشتیکردنی سەرجەم پرۆژەکان بەشێوەیەکی مەرکەزی بەڕێوەبچێت، ئەوا جۆرێک لە بێبەرنامەیی سەرهەڵدەدات، چونکە مەرکەز ناتوانێت بەشێوەیەکی وردو دروست پرۆژەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا جێبەجێ بکات، بەڵکو ئەنجومەنی پارێزگاکان زیاتر ئاگاداری بارودۆخی ناوچەکانی خۆیانو دەتوانن پرۆژەی باش ئەنجام بدەن، بەتایبەت پرۆژەی بچووک، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانرێت بەوردی چاودێری ئەو پرۆژانە بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، هەروەها هاوڵاتییانیش دەتوانن چاودێری ئەو ئەنجومەنە بکەن کە خۆیان دەنگیان پێداوە، بۆ ئەوەی بزانن تا چەندە خزمەتی هاوڵاتییان دەکەن.

**رۆژنامە: ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرپەرشتی پرۆژەکان بکەنو خۆیان دەسەڵاتیان هەبێت، ئایا رێگا لە گەندەڵیو بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی دەگرێت؟**

* بێگومان ئەگەر دەسەڵاتی تەواوی پرۆژەکان بەدەست مەرکەزەوە بێت رەنگە نەتوانرێت بەشێوەیەکی دروستو ورد چاودێری بکرێن، بۆیە بوار دەڕەخسێت بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی، بەڵام ئەگەر پارێزگاکان خۆیان سەرپەرشتی پرۆژەکان بکەن، هەلی کەمتر لەبەردەم ئەو کەسانەدا دەبێت کە دەیانەوێت سامانی گشتیی بۆ خۆیان قۆرخبکەنو فێڵ لە پرۆژەکاندا بکەن، دەشتوانرێت بەئاسانی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو چاودێری بکرێن بۆ ئەوەی بەزوویی پرۆژەکان جێبەجێ بکەن.

**رۆژنامە: واتە دەبێت هەمەئاهەنگی لەنێوان مەرکەزو پارێزگاکاندا هەبێت، یا پارێزگاکان خۆیان هەموو دەسەڵاتەکانیان بەدەستەوە دەبێت؟**

* نەخێر، دەسەڵاتی باش دەدرێتە دەست پارێزگاکان، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئیتر حکومەتی ناوەند ئەو مەسەلەیە پشتگوێدەخات، بەڵکو ئەنجوومەنی پارێزگاکان کارەکان دەبەن بەڕێوەو بودجەی بۆ تەرخاندەکەن، بەڵام لە کاتی کەموکورتیو کێشەدا ئەوکاتە حکومەت چاودێری رەوشەکە دەکاتو پەرلەمانیش رۆڵی خۆی دەبینێت وەک چاودێرێک لەو بوارەدا، کەواتە کارەکان هاوبەشن، بەڵام بۆ پرۆژەکان واباشترە نزیکترین دەسەڵات لەو ناوچەیەدا سەرپەرشتییان بکات.

**رۆژنامە: رۆڵی وەزارەتی دارایی چی دەبێت لەو بوارەدا؟**

* وەزارەتی دارایی بە رەچاوکردنی پشکی وەزارەتەکانو پارێزگاکان، پلانی خۆی هەیەو بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانندا گرنگی بە بواری خزمەتگوزاریی دەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش بودجەی ئەو وەزارەتانە لەبەرچاو دەگرن کە خزمەتگوزارین، بەهەمانشێوە لە بودجەی پارێزگاکانو پەرەپێدانی هەرێمەکانیش رۆڵی زیاتر بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەدرێت، ئەوەش بەپێی ئەو بەرنامەیە دەبێت کە وەزارەتی دارایی دایدەڕێژێت، بەڵام ئەگەر بەرنامەکە شیاو نەبوو، ئەوا گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنرێتو پەرلەمان شتەکان یەکلایی دەکاتەوە.

## «هیچ بەڵێنێکی بە کورد نەداوە، تا جێبەجێی بکات»

# بۆچی لیستی هاوپەیمانی سامەڕایی بردە سەر کورسی پەرلەمان؟

**هەستیار قادر**

بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاماژە بە هۆکارەکانی پشتگیریکردنی کورد دەکات لە هەڵبژاردنی ئەیاد سامەڕایی پاڵێوراوی حیزبی ئیسلامی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و دەیبەستێتەوە بە کەسێتیی سامەڕایی‌و ئەجێنداو تێڕوانینی لەسەر مادەی (١٤٠)و ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام دەڵێت: «سامەڕایی هیچ بەڵێنێکی بە لیستی هاوپەیمانی نەداوە، تا جێبەجێی بکات»



**هاوپەیمانی کوردو حیزبی ئیسلامی**

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی پشتگیریکردنی کورد لە ئەیاد سامەڕایی بۆ بوونی بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەیوەندی بە نزیکی ئەو دوولایەنەوە هەیە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەران‌و تێکڕای پرۆسەی سیاسیی، بەتایبەت کە هەردوولا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا پەیماننامەی لێکگەیشتنیان ئیمزا کردووە،

سیروان زەهاوی بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات وەک لیستی هاوپەیمانی پەیماننامەی لێکگەیشتنیان لەگەڵ حیزبی ئیسلامیدا هەبووە، بەڵام هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ ئەو لایەنە سوننییەدا نەبووە، کە پاڵێوراویان هەبووە بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەزموونی پێکهێنانی حکومەتی مەحەلی پارێزگای دیالەش بە نموونەی ئەو پەیوەندیی‌و لێک نزیکییەی نێوانیان دەهێنێتەوەو دەڵێت: «لە پارێزگای دیالە حیزبی ئیسلامی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دایە کورد، کە شەش کورسی هەبوو ئەمەش وەک نەرمی نواندنێکە بەرامبەرمان، ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە موسڵ کورد بە (١٣) کورسییەوە هیچ پۆستێکی پێنەدراوە»

سیروان زەهاوی ئاماژەی بەوەشدا: کە نزیکییەکی زیاتر هەیە لە نێوان لیستی هاوپەیمانی‌و حیزبی ئیسلامیدا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو لایەنە سوننانەی دیکە کە ڕکەبەری سامەڕایی بوون.

**مادەی (١٤٠)**

ئەگەرچی لێرەو لەوێ باس لە دژایەتیکردنی مادەی (١٤٠) دەکرێتەوە، لەلایەن حیزبی ئیسلامی‌و تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارەوە، کە سەرۆکی حیزبەکەیە، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی نەرمی هەڵوێستی ئەو حیزبە بەرامبەر مادەی (١٤٠) بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە هۆکاری دووەمی دەنگدانی کورد بە سامەڕایی لەقەڵەمدەدات‌و دەڵێت: «ئەگەرچی هەڵوێستی حیزبی ئیسلامی بەرامبەر بە ناوچە دابڕاوەکان‌و مادەی (١٤٠) زۆر باش نییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ لایەنە سوننییەکانی دیکە باشترە، چونکە حیزبی ئیسلامی دان بە مادەی(١٤٠)دا دەنێت کە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام لایەنەکانی دیکە بڕوایان بە دەستوور نییە، بەڵکو دان بە دەستووریشدا نانێن»

**ئەجێندای سامەڕایی**

بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەیاد سامەڕایی ئەجێندای سەرەتایی خۆی لەنێو لیستەکاندا بانگەشە کردووەو لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی لە بەردەم پەرلەمانتاراندا بەڵێنیدا کە ڕۆڵی چاودێریی‌و یاسادانانی پەرلەمان چالاک بکات‌و هەموارکردنی دەستووری‌و چاکسازیی سیاسیی ئەنجامبدات‌و داواشی لە پەرلەمانتارو دەسەڵاتی جێبەجێکردن کرد، کە هۆکاربن لە تەواوکردنی لیژنەی مادەی (٢٣)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک.

یەکێک لەو خاڵانەی دیکەی پشتگیریکردنی کورد لە سامەڕایی ئەجێنداکەیەتی‌و لەو بارەیەشەوە سیروان زەهاوی ئاشکرایکرد، کە لیستی هاوپەیمانی هاوڕا بووە لەگەڵ ئەجێندای کاری سامەڕاییدا بە تایبەت چاکسازیکردن لە حکومەت، بەڵام جەختی لە سەر ئەوەش کردەوە، کە بەر لە هەڵبژاردنی سامەڕایی هیچ بە ڵێنێکی بە کورد نەداوە، تا لە وەرگرتنی پۆستەکەیدا جێبەجێی بکات لەگەڵ ئەوەی داوای کردووە مادەی (١٤٠) وەک مادەیەکی دەستووری جێبەجێ بکرێت، بەڵام باسی لە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە نەکردووە.

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی، هەڵبژاردنی ئەیاد سامەڕایی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەقی چەقبەستووی یاسایی ئەو ئەنجومەنە دەشکێنێت، بەڵام ئاماژە بە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی نێوان ئەنجومەنی نوێنەران‌و حکومەت دەکات»

**مێژووی سامەڕایی‌و سەنگی حیزبەکەی**

سامەڕایی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی ناوچەی ئەعزەمییەی بەغدایە، لە ساڵی ١٩٦٢-ەوە پەیوەندی بە حیزبی ئیسلامییەوە کردووەو لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵاتووەو لە وڵاتانی ئوردون‌و ئیمارات‌و وڵاتانی‌دیکەی ئەوروپی‌ژیاوەوبەرپرسی‌ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزبی ئیسلامی بووە.

بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی ئاماژە بەوە دەدات، کە کەسێتی سامەڕایی هۆکارێکی دیکەی دەنگدانی کورد بووە، کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردووی بەر لە هەڵبژاردنیدا لیستەکەی بە وردی تاووتوێی کەسێتی سامەڕایی کردووەو دەڵێت: «سامەڕایی کەسێتییەکی ڕوون‌و نا تەمومژاوی هەیەو ڕاستگۆیەو بڕوای بە تیرۆرو خیانەت‌و پیلانگێڕی نییەو کەسێتییەکی ئۆپۆزسیۆن بووە».

جگە لە کەسێتی سامەڕایی کەسێتی مەعنەویی‌و فیکری حیزبی ئیسلامیش هۆکارێکی دیکەی پشتیگریکردنی کورد بووە، لە پاڵێوراوەکەی، زەهاوی ئاشکرایکرد، کە حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی ئیسلامی لە پشتی سامەڕاییەوەیە کە بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا خاوەنی بەرنامەیەکی ستراتیژیی‌و سیاسیی ڕوونی کارکردنە، کە قسەی لەگەڵدا دەکرێت، جگە لەوە حیزبی ئیسلامی بە چاو حیزبەکانی دیکەی عێراقدا زۆرترین پۆستی لە داموودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقیدا هەیەو دەتوانن هەر بڕیارێک کە بیانەوێت لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەریبکەن».

---

# «ئەگەر کورد بە پێشنیازەکانی UN ڕازی بێت دەبێت تەنازوولێکی زۆر بکات»

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

دوای شەش ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس‌و بەستنەوەی کەرکوک بە چەند مادەیەکەوەو پووکانەوەی هەریەک لەو مادانە، کێشەی شارەکە بەبێ چارەسەر ماوەتەوەو لەئێستادا چاوەڕوانی ئاشکراکردنی پێشنیازەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت، کە بەڕای چاودێران «پێویستە کورد بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەی شارەکە، نەک چارەسەری نێودەوڵەتی».

**لە (٥٨)-ەوە بۆ (١٤٠)و لەوێشەوە بۆ (٢٣)**

لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای (پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە (٥٨) دانرا، کە تایبەت بوو بە چارەسەری کێشەی کەرکوک‌و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە نێوان هەرێم‌و بەغدادا لە سەردەمی حکومەتەکەی عەلاویدا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەو مادەیە نەنرا، دواتریش دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی مادەکەو دواتریش مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق نەنراو، دوای لابردنی جەعفەری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌و دانانی نوری مالیکی، لە مادەی ٢٢ی بەرنامەی کاری حکومەتەکەیدا، مالیکی بەڵێنیدا بە سێ قۆناغی ( ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، ڕاپرسی) تا ٢٠٠٧/١٢/٣١دا هەموو بڕگەکانی مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات، بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو وادەیەی بۆی دیاری کرابوو، شەش مانگ درێژکرایەوەو تائێستاش قۆناغی یەکەمی بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا مادەی (٢٣) ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دانرا، بەپێی ئەو مادەیە پەرلەمانی عێراق لیژنەیەکی لە (٧) پەرلەمانتار پێکهێنا، دەبوایە لە ٢٠٠٩/٣/٣١دا ڕاپۆرتێکیان لە بارەی کەرکوکەوە ئامادە بکردایە، بەهۆی تەواونەبوونی کارەکانیانەوە لە ٣/٣١دا دوو مانگ بۆ کارەکانیان درێژکرایەوە.

**(UN) چارەسەری پێنییە**

لە دوو ساڵی ڕابردوودا نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاریدا هاوکاری تەکنیکی بەرپرسانی عێراق بکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و ئەوەبوو لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا ستیڤان دیمستۆرا، نێردەی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕاپۆرتی یەکەمی بڵاوکردەوە، وا بڕیارە ٢٤ی ئەم مانگەدا ڕاپۆرتی دووەمی ئاشکرا بکات.

لە دوای چەند ساڵ لە چاوەڕوانیکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، لەئێستادا نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەدایەو بۆ ئەوەش لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕاپۆرتێکی (٥٠٢)لاپەڕەیی بڵاودەکاتەوە، هاوکات چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە، پێشنیازەکانی UN نابنە هۆی سارێژکردنی برینەکان‌و کۆتاییهاتن بە کێشەکە.

فاتیح عەبدوڵڵا شوانی، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی‌و شارەزا لە مێژووی کەرکوک، پێیوایە چارەنووسی کەرکوک وەکو چارەنووسی شاری موسڵی لێدێت‌و کورد شارەکە دەدۆڕێنێت، چونکە بە وتەی ئەو بۆ ڕۆژنامە: «هەمووان لەوە دڵنیابووین، کە بەرپرسانی عێراق‌و هەرێم ناگەنە هیچ ڕێککەوتنێک‌و دەدرێتە دەست نەتەوەیەکگرتووەکان، نەتەوەیەکگرتووەکانیش یان کەرکوک دەخاتە سەر عێراق، یان دەیکاتە هەرێمێکی سەربەخۆ، واتا هەرچۆنێک بێت بە زەرەری کورد دەکەوێتەوە».

**سەرکردایەتی کورد چی کردووە؟**

شوانی ئاماژە بۆ ئەو دەکات، لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرکردایەتی کوردیش هیچی بۆ ئەوە نەکردووە، کەرکوک بگەڕێنێتەوە سەر هەرێم‌و «پێش ئێستا هەموو شتێکیان فرۆشتووەو هەموو دەرفەتێکمان لە دەست دا».

هێشتنەوەی مەسەلەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان تاوەکو ئێستا بە هەڵپەسێردراوی، لە هەموو کات زیاتر کوردی تووشی نائومێدیی کردووەو هەندێک بۆچوونیش لە ئارادایە بۆ ئەوەی کورد بیر لە چارەسەری دیکە بکاتەوە.

**ئاڵۆزی زیاتر**

عارف قوربانی، نووسەرو ڕۆژنامەنووس، ڕای وایە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ڕەوشی کەرکوک زۆر ئاڵۆزتربووە لەوەی، کە لەسەرەتاوە خودی کێشەکە چەند ئاڵۆز بوو، بەتایبەتیش دەرکردنی چەند مادەیەک‌و هاتنی دیمستۆرا، کە ئەوانیش جارێکی دیکە بوونەتە گرفت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، چونکە بە وتەی ئەو: «دیمستۆرا لەسەرەتاوە بۆ ئەوە هات، کە لە ڕووی تەکنیکییەوە هاوکاری بکات، بەڵام دیمستۆرا بەنیازە لە ڕاپۆرتەکەیدا بەدیل بۆ چارەسەری کێشەکە دابنێت، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو دەستوورەیە، کە عێراقییەکان لەسەری ڕێککەوتوون».

وتیشی: «هیچ ئومێدێکم بە ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا نییەو داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم ئەو پێشنیازانە قبوڵ نەکەن، چونکە دیمستۆرا دەیەوێت هەموو لایەنەکان لێی ڕازیبن، نەک لەسەر بنەمایەکی مێژوویی»، قوربانی ئاماژەی بەوەشکرد، چاوەڕوانیکردن لەلایەن کوردەکانەوە مانای ئەوەیە، کە کورد مافێکی هەیەو نایەوێت ئەو مافە لەدەستبدات‌و دەستبەرداری ئەو ناوچانە نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ئێمە ڕێگەیەکی هەڵەمان گرتووەتە بەر، ئەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هەڵەی دیکەمان دەبات، ئەوەش لە مادەی (١٤٠)و مادەی (٢٣)دا، دەردەکەوێت.

ئاماژەکانی ئێستا ڕێککەوتن‌و تەوافوقی سیاسیی بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کەرکوک دادەنێن، کە بۆ ئەمەش دەبێت کورد سازش لە بەشێک لە مافەکانی بکات.

عارف قوربانی لەو بارەیەوە وتی: «ئەو چارەسەرو ڕێککەوتنەی کە ئێستا قسەی لەسەر دەکرێت، دەبوایە چەند ساڵێک پێش ئێستا ڕای نەتەوەکانی کەرکوک وەربگیرایەو گفتوگۆی لەسەر بکرایە، لەئێستاشدا هەتا عەرەب‌و تورکمانەکان لەسەر چارەسەرەکان ڕێکنەکەون، کێشەکە هەروا دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کورد بەچارەسەری تەوافوقی ڕازی بێت، دەبێت سازشێکی زۆر بکات‌و بەشێک لە خواستەکانی لە دەستبدات»، ئاماژەی بەوەشکرد، کورد ئێستا کارتێکی بە دەستەوەیە، ئەویش پەنابردنە بەر دادگایە لە سەر پاکتاوی ڕەگەزیی، چونکە بڕیارەکانی دادگا ئیلزامین‌و حکومەتی عێراق دەبێت جێبەجێیان بکات، بەڵام بەداخەوە لە کەیسی پاکتاوی ڕەگەزیشدا خەمساردیی هەیە».



## ـسان دواخستو داواکانیان کردە دەقێکی یاسایی»

# ـەوە تا کۆتاییهاتنی


محەمەد تەمیم


خالید شوانی


سیروان کاکەیی

دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دواخستەوە بۆ رۆژی ٨/٣ ، ئـەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نوێنەرانیش کەپێشتر لە ٧/٢٢دا یاساکەیان پەسەندکردبوو، هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی پێویستیان دەدا بۆ دووبـارە پەسەندکردنەوەی یاساکە بە هەمانشێوەی پێشووی خۆی، لە بەرامبەردا کورد هەوڵی دەدا دەنگدان لەسەر بودجەی تەواوکاریی وەک کارتی گوشار لەودانیشتنەدا بەکاربهێنێت، وەک چۆن لە بودجەی ٢٠٠٨دا بەرامبەر بە لایەنە سوننەو شیعەکان بەکاریهێنا بۆ پەسەندکردنی ١٧٪ی بەشی هەرێم لە بودجەی عێراقدا.

دوای رەتـکـردنـەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە، نوێنەری ئەو لایەنانەی دەنگیان بە پرۆژەیاساکە دابـوو، لەماڵی خەڵەف علەییانی سەرۆکی زۆربەی پەرلەمانتاران پێیانوابوو ئەو لیژنەیە هیچی پێناکرێتو ناتوانێت بگاتە رێککەوتنی کۆتایی.

### یاساکەی ساڵی ٢٠٠٥

جەلالەدین سەغیر، سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی شیعە، پێشنیازێکی کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکرێتو ئەگەر نەتوانرا یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند بکرێت، ئـەوا پشت بە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ ببەسترێت.

رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ بە ئیمزای جـەلال تاڵەبانی سـەرۆک کۆمارو هەریەک لە غازی عەجیل یاوەرو عادل عەبدولمەهدی جێگرانی، یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنەکان پەسەندکرا، کە بەپێی ئەو یاسایە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەرێوەچوو بەشێوەیەکی گشتیی رەگەزنامەو دەنگدەران دەکۆڵێتەوە، لە کۆتاییدا راپۆرتی کۆتایی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکـەنو لەژێر رۆشنایی ئـەو راپـۆرتـەدا یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک دادەنرێت، ئەگەر رێککەوتن لەسەر ئەو یاسا تایبەتە نـەکـرا، ئەوکاتە هەرسێ سەرۆکایەتیی کۆمارو حکومەتو ئەنجومەنی نوێنەران بە یارمەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان چەند مەرجێک بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک دادەنێن.

بەپێی چەندین رێککەوتنو کـۆبـوونـەوە، دواجـار رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەندکردو رۆژی ٢٠٠٨/١٠/١یش سەرۆکایەتیی کۆمار ئیمزای یاساکەی کرد، بەپێی مادەی (٢٣)ی یاساکە، هەڵبژاردنی کەرکوک دوادەخـرێـت لەماوەیەکدا کە لە

> **پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا ئەو لیژنەیە چیان پێدەکرێت، چۆن بڕیار لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکوک دەدەن؟ کە تائێستا رێککەوتنی سەرەتایی لەنێوان پێکهاتەو نەتەوەکانی کەرکوکدا نەکراوە**

ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی کە بەرەکەی (٨) کورسی هەیە لە لیستی تەوافوقدا، کۆبوونەوەیەکیان سازداوەو هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ کە لە دانیشتنی تایبەت بە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان دەنگی پێویست بەدەست بهێنن، تا دووبـارە یاساکە پەسەندبکەنەوە بـەو دارشتنەی پـێـشـووەوە، یـان رەتـی ڤیتۆکەی سەرۆکایەتیی کۆمار بکەنەوە بە تۆمەتی ئـەوەی نایاساییە، لیستی ئەلعێراقییەو حیزبی فەزیلەو هەندێک گروپی تەوافوقیش بە ئاشکرا کاریان بۆ ئەوە دەکرد.

### دروستکردنی لیژنەیەکی نوێ

رۆژی ٨/٦ لـە دوارۆژی کۆبوونەوەکانی وەرزی یەکەمی دانیشتنەکانی سـاڵـی ٢٠٠٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو لیژنەی یاسایيو لیژنەی هەرێمو پارێزگاکانو ئەو کوتلانەی کە ئەندامیان لەو دوو لیژنەیەدا نییە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان پێکهێنرا، بڕیاربوو لە پشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا کۆبوونەوەکانیان ئەنجامبدەن بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، بەڵام هیچ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامنەدا، بڕیاردرا لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولی نوێی دانیشتنەکان لە ٩/٩دا دووبـارە کۆبوونەوەو گفتوگۆکان لەسەر یاساکە دەستپێبکاتەوە، بەڵام راستەوخۆی نەهێنی.

بەدیلەکانی مادەی (٢٤)

لە کۆبوونەوەی رۆژی ٩/١١ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بڕیاردرا لیژنەیەک پێکبهێنرێت لە یەک نوێنەر لە (کورد، تورکمان، عەرەبو مەسیحی)، کە پێکدێن لە د.سەعدی بەرزنجيو سەعدەدین ئەرگیچو محەمەد ئەلدنيو یونادەم یوسف کەننا بە سەرۆکایەتیی مەحمود مەشهەدانی، بۆ چارەسەرکردنی کـێـشـەی مـادەی ٢٤و یـاسـای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، دواپێشنیازی دیمستۆرا بـۆ چـارەسـەرکـردنـی هەڵبژاردن لە کەرکوک کرایە بنەمای گفتوگۆکانو هەمان شەو ئەو لیژنەیە کۆبوونەوەکانیان دەستپێکرد، بڕیاردرا ئەگەر گەیشتنە دارشتنەوەیەک، ئەو دارشتنەوەیە بکرێتە بەدیلی مادەی (٢٤) بۆ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی یاساکەش ستیڤان دیمستۆرا پێشنیازێکی (٥) خاڵیی پێشکەشکرد.

### پێشنیازی نوێی دیمستۆرا

نـەتـەوەیـەکـگـرتـووەکـان دواپێشنیازی خۆی بۆ چارەسەرکردنی هەڵبژاردنی کەرکوک پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، بەپێی ئەو پێشنیازە کە وەک ئەلتەرناتیڤی مادەی (٢٤)ە، هەڵبژاردنی کەرکوک دوادەخرێتو لیژنەیەک لە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەران پێکدەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی راستییەکانو لە تۆماری ٢٠٠٩/١٢/٣١ زیاتر نەبێت، لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١ەوە لیژنەیەکی پەرلەمانی (٧) کەسی پێکدەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەرانو رەگەزنامەو زیـادەرۆیـیـەکـانو دابەشکردنی پۆستەکان، دەبێت تارۆژی ٢٠٠٩/٣/٣١ دوا راپۆرتی خۆیان لەوبارەیەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران بکەنو لەژێر رۆشنایی ئەو راسپاردانەدا یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک دەردەکرێت.

### مافی کەمینەکانیش خورا

هاوکات لەگەڵ پەسەندکردنی یاساکەدا، مادەی (٥٠) لابرا کە تایبەت بوو بە نوێنەرایەتیی کەمینەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی موسڵو بەسرەو بەغدا، دوای فشارێکی زۆر بەناچاریی هەمواری یەکەمی یاساکە کرایەوە، رۆژی ١١/٣ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی، مادەی (٥٢)ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەندکرد، بەوپێیەش (١) کورسی بۆ هەریەکە لە مەسیحيو ئێزدیو شەبەکەکان لە پارێزگای موسڵ تەرخانکرا، یەک کورسی بۆ هەریەکە لە مەسیحيو سابیئەکان لە بەغداو یەک کورسی بۆ مەسیحییەکانی بەسرە تەرخاکرا.

### پێکنەهێنانی لیژنەکە

لە بەرواری دیاریکراوی خۆیدا ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عێراق نەیتوانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان دیاریبکات کە دەبوو ١١/١ پێکبهێنرایە، بەڵام مەبدەئیەن لیستەکان رێککەوتبوون لیژنەکە لەم ئەندامانە پێکبێت: (سیروان کاکەیيو خالید شوانی نوێنەری کورد، عومەر جبوريو محەمەد تەمیم نوێنەری عەرەب، سەعدەدین ئەرگیچو محەمەد بەیاتی نوێنەری تورکمانو یۆنادەم کەننا نوێنەری کلدانو ئاشوری).

### یەکەم کۆبوونەوەی بێئەنجامی لیژنەکە

دوای دوو مانگ لە پێکهێنانی، رۆژی ٢/٢ لیژنە حەوت کەسییەکەی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عێراق سـەردانـی کـەرکـوکـیـان کـردو یەکەم کۆبوونەوەیان ئەنجامدا، تورکمانو عەرەبەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوایانکردووە وەک پەیامێک بۆ کەرکوکییەکان لە سەرەتاوە راستەوخۆ پۆستی سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگا بدرێتە تورکمانەکان، ئەمەش بکرێتە خاڵی دەستپێکردنی کارەکانی لیژنە پەرلەمانییەکە، بـەڵام راستەوخۆ ئـەم پێشنیازە لەلایەن کـوردەوە رەتکرایەوە.

### بێئەنجام بوون

رۆژی ٢٠٠٩/٣/٧ دوای پەسەندکردنی بودجە لە ٣/٥دا، لیژنەی مادەی (٢٣)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق بەئێجگاریی چوونە کەرکوک بۆ تەواوکردنی کارەکانیانو ئامادەکردنی دوا راسپاردەکانی لەسەر ئەو مادەیە، لـەو بـەرواره بـەدواوە چەندین کـۆبـوونـەوەی هـاوبـەشو بە بەشداریی کونسوڵی ئەمریکاو نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان کرا، بێئەوەی بە ئەنجامێکی ئەوتۆ بگەن کە بکرێتە راسـپـاردە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک تا کۆتاییهاتنی کارەکانیان لە ٢٠٠٩/٣/٣١و بەدەردی لیژنەکانی دیکەی مـادەی (١٤٠)و کێشەی کەرکوک چوون، لەو سەروبەندەشدا لیژنەکە بەشێوەیەکی رەسمیی داوایـانـکـرد مـاوەی کارەکانیان بـۆ دوو مانگ درێژبکرێتەوە، بۆئەوەی قەرەبووی دوو مانگی لەدەستچوویان بکەنەوە.

### درێژکردنەوەی ماوە

رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٦ لە دانیشتنی دوای پشووی زستانەی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لیژنە پەرلەمانییەکە بەرەسمیی داوایـانـکـرد مـاوەی کارەکانیان بۆ مـاوەی دوو مانگ بۆ درێژبکرێتەوەو ئەنجومەنی نوێنەرانیش داواکەی پەسەندکرد.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە دوای بەسەرچوونی مـاوەی یاسایی مادەی (٥٨)و دواتر مادەی (١٤٠)ی دەسـتـووری هەمیشەیی عێراق بێ هیچ ئەنجامێک، لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا ئەو لیژنەیە چیان پێدەکرێت، چـۆن بڕیار لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکوک دەدەن؟ کە تائێستا بچووکترین رێککەوتنی سەرەتایی لەنێوان پێکهاتەو نەتەوەکانی کەرکوکدا نەکراوە، ئەگەر لەماوەی ئەو دوو مانگەی دیکەشدا کە ئێستا بەشێکی ئـەو دوو مانگەش رۆیشتووە، نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بەدیل چی دەبـێـت؟ کێشەی کەرکوکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکەی چی لێدەکرێت؟ هەر لە چاوەڕوانی پێشنیازی ئەم لیژنەو ئەو لیژنەو یۆنامیدا دەبن، یان..؟

# پەیڤەکانی هەڵبژاردنو کاریزما



سەردار قادر

لە ساتەوەختی هەڵبژاردندا پەیڤی جیاواز دەبیسترێت کە هەر گوتارەی پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکی جیاوازەوە، دەکـرێـت گـوتـارەکـان لە زۆر کاتدا لێکچوون هەبێت لەنێوانیانداو هەندێکجار جیاوازیی نێوانیشیان ببینرێت.

حـیـزبو گـروپـەکـانو لیستەکان هـەوڵـدەدەن کە بڕوای دەنگدەر رابکێشن بۆ گوتارەکەیانو دەنگەکەیان بەرن بۆخۆیانو کورسییەکان بـۆخـۆیـان بـەدەسـت بهێنن، ئـەم حـاڵـەتـە حاڵەتە تەندروستەکەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا نە لیستەکان ئەوەندە کار بۆ ئەو حاڵەتە تەندروستە دەکەن، نە دەنگدەران دەنگی خۆیان دەدەن بە هۆکاری تێگەیشتن لە گوتارو بەرنامەی لیستەکان، دەنگدەران لە وڵاتی ئێمەدا پێشوەخت پاپەندن بە:

١- کاریزمای سەرکردە: وڵاتی ئێمە سەرچاوەیەکی بەپێزی دەرکەوتنی کاریزمایە، نەبوونی شەفافیەت لە گشت بوارەکاندا وایکردووە هەمیشە لە وڵاتی ئێمەدا سەرکردەکان ببنە خاوەن کاریزما، تاکی کورد نەیتوانیوە کە تەلیسمەکانی کاریزمای سەرکردە بخاتە بەردەم پرسیار، ئەوان لەسەروو یاساوەن، ئەوان لەسەروو گومانەوەن، ئەوان خاوەن کاریزمای قارەمانێتیی پێشمەرگەن، ئەوان چ دانوسانێکیان خستووەتەڕوو تا بزانین ئایا ئەوان قارەمانی دانوسانن یان بچووکو تەسلیمبوون لە دانوسانەکاندا، ئەوان تەواوکەری داستانەکانن، کامە شەڕو پێکدادان بە داستان باس نەکرا، کامە کۆبوونەوە بە سەرکەوتوو باس نەکرا، کامە گەشت بە گەشتێکی سەرکەوتوو باس نەکرا، کێ توانی دەستپاکیی ئەوان ببینێت، ئاخر کامیان سەروەتو سامانی خۆی بە شەفافی باسکرد تا بزانین چەند دەستپاکن، کامیان ئەو برادەرەی بەرزنەکردەوەو کامیان ئەو برادەرەی تڕۆنەکرد، کامیان خاوەن تەکەتولی خۆیان نین... کامیان خاوەن هێزی تایبەت بە خۆیان نین.. کامەیان لە مەجلیسێکدا لەسەرەتاوە تا کۆتایی خۆیان قسەکەر نەبوون، گەر نوکتەی بێلەزەتیش بگێڕنەوە، دەبێت هەموو بە پشتا بکەوین لە پێکەنیندا... کام سەرکردە هاتوو و وتی من تەمەنی سیاسیم باڵای کردووەو فەرموون با یەکێکی دیکە کارەکە بکات... ئەم کاریزمایە وا لە دەنگدەر دەکات کە پێشوەخت دەنگبدات بە لیستی ئەو سەرکردەیە.

٢- کاریزمای حیزب: حیزب لە وڵاتی ئێمەدا کراوەتە خاوەن پیرۆزیی، حیزب لە وڵاتی ئێمەدا لەدایکبوونی هەیە، بەڵام بەسەرچوونی نییە، حیزب لە وڵاتی ئێمەدا تا تەمەنی زۆربێت زیاتر پیرۆزی دەکەن، پرسیار لەوە ناکرێت لەو تەمەنە درێژەدا چەند لە ئامانجەکانت بەدیهێناوە، حیزب لە وڵاتی ئێمەدا دەکرێتە کەسی مەعنەوییو خزمی بۆ دروستدەکرێت، ئەوەتا میدیای حیزب باس لە کۆبوونەوەی (م.س)ی حیزب دەکات لەگەڵ خزمانی جافو هەمەوەند... حیزب بە ماڵە گەورەکەمان وێنە دەکرێتو دەسەڵاتی کەسی یەکەم هەمان دەسەڵاتی باوکە لە خێزانی یەکەمدا.

٣- کاریزمای بنەماڵەو خـزم: کەم کەسمان هەیە نەبیستێت کە ئەو بنەماڵەیە سەر بەو حیزبەنو ئەوی دیکە سەر بەو حیزبەیە، بەرژەوەندیی بنەماڵە دەکرێت ئەو حیزبو سەرکردە بیپارێزێت، ئیتر دەنگ دەڕوات بۆ ئەو حیزبە، کامە خزم لە دەسەڵاتدایەو چۆن دەکرێت پشتی تێبکرێت...

ئەمە ئەو رایەڵانەیە کە دەنگدەر وابەستەی بووەو ناتوانێت خۆی لێ بـەدوور بگرێت، لەو ناوەندەدا ئەو کەسانەی کە بوونەتە خاوەن گومانو پرسیار، دەبنە ئەو رێژەیەی کە ئایا دەنگبدەن بە کێ؟؟ لە کامە بەرنامەدا ئەو خۆی دەبینێتەوە؟ کامە پەیڤ ئەو تێیدەگات؟ ئێمەی هاوڵاتی هەمیشە ئامادەباش بووین لە:

بەرگریی لە خاکو نیشتمان، لە ئابڵوقەدا سەری بەرز دانەوێنرا بۆ مووچە، عێراقیبوونی ئێوەمان هەڵبژارد، وتتان فیدراڵی، دەنگمان بۆ دا، راپەڕین کرا بەشداربووین، وتارتان دا تا توانیمان چەپڵەمان لێدا بۆ دروشمەکانتان، نەخۆشکەوتن خێری دنیامان کرد، هاتنەوە لە سەفەر هاتینە پێشوازیتان، دەڕۆن بۆ سەفەر دوعای سەلامەتیی گەڕانەوەتان بۆ دەکەین، کارەبا نەبوو بەرگەمان گرتو وتمان وڵاتتان هەروا بۆ دەبرێت بەڕێوە، ئاو نەبوو وتمان وشکەساڵییەو بەرگەمان گرت، لە خاکی خۆماندا زەویمان دەدەنێ دونیایەک سوپاسگوزار دەبین، ئەنفالکراین وتمان ئەوە قەدەرمانەو بەرگە دەگرین، شەری براکانتان پێکردین، هەڵمەتمان برد، ئاشتی دەکەن پێش ئێوە گشت زامەکانی دوێنێ لەبیردەکەینو دڵمان بۆ یەکتر دەکرێتەوە، گەندەڵی دەکرێت دەڵێین نا خۆیان پرۆژەی چاکسازییان هەیە... بەڵام ئیتر ئێمەی هاوڵاتی نارەزاییو گلەییو داواکاریمان لە دەنگداندا بەدەر دەخەین.


## «چۆن عەرەب‌و تورکمان گرەوەکەیان بردەوەو هەڵبژاردنی کەرکوکیان

# حیکایەتی مادەی ٢٣ لە لەداکبوونییەوە

بەهادین یوسف


یونادم کەنا


محەمەد بەیاتی


سەعدەدین ئەرگیج


عومەر جبوری

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ی پارێزگاکان (ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون)، پەسەندکرد، بەپێی برگەی یەکەمی مادەی (٥٤)ی ئەو یاسایە پێویست بوو لەماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە بەرواری پەسەندکردنی یاساکەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان پەسەندبکات، تا بەپێی برگەی دووەمی هەمان مادە پێش ٢٠٠٨/١٠/١ هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

### سەرەتای ڕێکنەکەوتن لەسەر ٣٢٪

لەسەرەتای مانگی نیسانەوە حکومەتی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ناردە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە مانگی ئایارەوە لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی پارێزگاو هەرێمەکان خەریکی ئامادەکردنی یاساکەو ڕاپۆرتی خۆیان بوون، دوای ژمارەیەک کۆبوونەوەو گفتوگۆ بڕیاربوو ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٤ دوا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، دوای کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران‌و سەرۆکی لیستەکان لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام بەهۆی پێداگریی ژمارەیەک ئەندامی تورکمانی لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ ڕێژەی ٣٢٪ بۆ کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و ٤٪ بۆ کلدۆئاشوورییەکان، پێداگریی لیستی هاوپەیمانی لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی کەرکوک تا دوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دوابخرێت، سەرۆکی لیستەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن‌و گفتوگۆی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان دواخرا، چونکە لیستی هاوپەیمانی هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر پێشنیازی تورکمانەکان جێبەجێبکرێت، هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران جێدەهێڵن.

### ١١٩ پەرلەمانتار پشتگیریی دابەشکردنی کورسییەکانی کەرکوک دەکەن

لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆکاندا، (١١٩) پەرلەمانتاری عێراق لە تورکمان‌و عەرەب لە لیستەکانی (بەرەی تەوافوق، لیستی ئیئتیلاف‌و لیستی عێراقییەو بەرەی دیالۆگ) گروپێکیان بەناوی (خانەی قەیران) ڕاگەیاند، لەبەیاننامەیەکدا داوایانکرد کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕێژەی ٣٢٪ بۆ هەرسێ نەتەوەی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و ٤٪ بۆ مەسیحییەکان دابەشبکرێت‌و پارێزگای کەرکوکیش بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن، بەجۆرێک هەرنەتەوەیەک لە بازنەیەکدا نوێنەری خۆی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هەڵبژێرێت.

### سەرنەگرتنی داواکانی کورد

لە بەرامبەر ئەو داواکاریانەی تورکمان‌و عەرەبەکان بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، کورد چەند مەرجێکی هەبوو بۆ کەرکوک: یان وەک هەر پارێزگایەکی دیکە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامبدرێت لەبەر باشیی ڕەوشی ئەمنیی لەچاو پارێزگاکانی دیکەدا، یان هەڵبژاردن دوابخرێت تا دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکەو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و ئەنجامدانی سەرژمێریی‌و ڕاپرسی، یان کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ‌و دیالەش بە هەمانشێوەی کەرکوک دابەش بکرێت، بەڵام هیچکام لەو مەرجانە قبوڵ نەکراو تای تەرازووەکە بەلای تورکمان‌و عەرەبدا شکایەوە.

> **کورد چەند مەرجێکی هەبوو بۆ کەرکوک: یان وەک هەر پارێزگایەکی دیکە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامبدرێت، یان هەڵبژاردن دوابخرێت تا دوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و ئەنجامدانی سەرژمێریی‌و ڕاپرسی، بەڵام هیچکام لەو مەرجانە قبوڵ نەکراو تای تەرازووەکە بەلای تورکمان‌و عەرەبدا شکایەوە**

### یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک

ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٨ هاشم تائی، سەرۆکی لیژنەی هەرێم‌و پارێزگاکان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایکرد، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سیاسیی ئاسایشی نیشتمانی گفتوگۆ لەسەر ئەوەکراوە کە بەدەر لەو یاسایەی لەبەردەستدایە، یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک دەربکرێت‌و بەپێی ئەو یاسایەش هەڵبژاردن لە کەرکوک دوابخرێت تا سەرجەم لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتنێکی تەوافوقی لەسەر کێشەی کەرکوک، تا کۆسپەکانی بەردەم یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لاببرێت‌و بە زوویی ئەو یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تێپەڕێت.

### شکستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران

ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٢ لیژنەی هەرێم‌و پارێزگاکان دوا ڕەشنووسی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران کرد، سەرۆکایەتی‌و سەرۆکی کوتلەکان‌و لیژنەی هەرێم‌و پارێزگاکان کۆبوونەوەیەکیان لەسەر یاساکە کرد، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک، بەهۆیەوە کۆبوونەوەکە شکستی هێنا، چونکە نوێنەری عەرەب‌و تورکمان سووربوون لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا لە کەرکوک ئەنجامبدرێت‌و پارێزگاکە دابەشبکرێت بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن، لیستی هاوپەیمانیش دەیویست کەرکوکیش بە هەمانشێوەی پارێزگاکانی دیکە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامبدرێت، دژی دابەشکردنی کورسییەکان بوو بە ڕێژەی ٣٢٪ بۆ سێ پێکهاتە سەرەکییەکە.

### (UN) هاتە کایەکەوە

ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٣ لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ستیڤان دیمستۆرا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەشداریی کردو پێشنیازیکرد هەڵبژاردن لە کەرکوک دوابخرێت بۆ دوای سەرژمێریی یان ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک، یان لیژنەیەکی پەرلەمانی دروستبکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کەرکوک‌و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دیمۆگرافیای کەرکوکدا هاتووە، یان بە یەکڕیزیی پێکهاتەکان، دەسەڵات‌و ئیدارەی کەرکوک لەنێوانیاندا دابەشبکرێت، دوای یاداشتی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە پەلەمانتارانی کوردو عەرەب‌و تورکمان پێکهێنا بۆ گفتوگۆکردنی ئەو پێشنیازانە.

هەر لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی پێشنیازیکرد، پشت بە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ببەسترێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک، ڕاستەوخۆ ئەو پێشنیازە لەلایەن تورکمان‌و بەشێکی پەرلەمانتارە عەرەبەکان ڕەتکرایەوە.

### دەنگنەدان

جارێکی دیکە بڕیاردرا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٠ لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت، ئەو پێشنیازەش خرایە چوارچێوەی یاساکەوە کە هەڵبژاردن لەکەرکوک دوابخرێت، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٧/١٥دا دووبارە بڕیاردرایەوە دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت، بەڵام لە هیچکام لە کۆبوونەوەکاندا نەتوانرا یاساکە پەسەند بکرێت.

### کورد هەڵوێستی وەرگرت

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧دا مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بێ ئاگاداریی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ڕێککەوتنی لیستەکان، یاسای هەڵبژاردنی خستە بەرنامەی کارەوەو مادەی دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بە ڕێژەی ٣٢٪ کرابووە بەشێک لە یاساکە، ئەمەش لیستی هاوپەیمانی‌و لیستی یەکگرتووی تووڕەکردو هۆڵی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانیان جێهێشت.

### ڕێککەوتنی کوردو شیعە

هەرچەندە بڕیاربوو ٧/٢١ ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر یاساکەبدات، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لیستەکانەوە، دەنگدانەکە دواخراو سەرلەئێوارەی هەمان ڕۆژ لیستەکانی هاوپەیمانی‌و یەکگرتوو و لیستی ئیئتیلافی شیعە، کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ یەکلاییکردنەوەی یاساکە، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی کەرکوک دوابخرێت‌و ئەنجومەنی ئێستای پارێزگای کەرکوک هەمان دەسەڵاتی دەبێت بەپێی ئەو یاسایانەی کاری پێدەکرێت، لیژنەیەکیش پێکدێت لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کەرکوک لە هەر پێکهاتەیەک یەک کەس (کورد، عەرەب، تورکمان‌و ئاشوری)، هەر کوتلەیەکی سەرەکیش نوێنەرێکی دەبێت، ئەم لیژنەیە لە کەرکوک لە مەسەلەی ئەو کەسانە دەکۆڵێتەوە کە مافی دەنگدانیان هەبێت‌و دواتر بە تەوافوق ڕاسپاردە بەرزدەکەنەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ ئەوەی بڕیارێک بدات کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک‌و قەزاو ناحیەکانی دیاری بکات، بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نوێنەران دەریدەکات نەک بەپێی یاسایەکی تایبەت.

ئەو لایەنانەی کە ئیمزای ڕێککەوتنەکەیان کرد، پێکهاتبوون لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، حیزبی دەعوە- هەردوو باڵەکەی، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، ڕێکخراوی بەدر لەناو ئیئتیلافدا، هەروەها بێلایەنەکان‌و چەند ئەندامێکی تورکمانی لیستی ئیئتیلاف ئەوانیش عەباس بەیاتی‌و محەمەد بەیاتی‌و فریاد توزلوو)، بەڵام هەریەکە لە نوێنەری بەرەی تورکمانی سەعدەدین ئەرکیج‌و فەوزی ئەکرەم تەرزی ئەندامی تورکمانی لیستی سەدری ئیمزایان نەکرد.

دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی لیستەکان، بڕیاردرا ئەو مادەیە بخرێتە دەنگدانەوە لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لە ئەندامان، ئەنجومەنی نوێنەرانیان جێهێشتبوو، دەنگدان لەسەر یاساکە دواخرا بۆ ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٨/٧/٢٢.

### کودەتاکەی ٧/٢٢

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی درەنگانی ئێوارە کرابوو، ڕۆژی ٧/٢٢ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدرا، گفتوگۆکان ئاسایی بوون تا مادەی (٢٣)ی یاساکە، لە مادەی (٢٤)ەوە مەحمود مەشهەدانی بڕیاریدا دەنگدان لەسەر یاساکە لە دەنگدانی ئاشکراوە بکرێتە نهێنی، کورد نارەزایی لەم بڕیارە نیشانداو دوای مشتومڕێکی زۆر، هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی جێهێشت، بەڵام مەشهەدانی درێژەی بە کۆبوونەوەکە داو لە مادەی (٢٤) بەدواوە بە دەنگدانی نهێنی‌و بە دەنگی (١٢٧) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەکۆی (١٤٠) ئەندامی ئامادەبوو، یاساکە پەسەندکراو بەپێی مادەی (٢٤) کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا دابەشکرا بەسەر ٣٢٪ بۆ کوردو عەرەب‌و تورکمان کە بەپێی دەستووری عێراقیش تەنیا هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و دوو جێگرەکەی بەشێوازی نهێنییە، پەسەندکردنی یاساکان بە دەنگدانی ئاشکرایە، شارەزایانی یاساییش بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێ ڕەزامەندیی هەردوو جێگرەکەیان، بە ناشەرعی داناو بە پێشێلکردنی دەستووریان دانا، داوایانکرد، ئەو دەنگدانە هەڵبوەشێنرێتەوە.

### ڕەتکردنەوەی یاساکە

ڕۆژی ٧/٢٣ سەرۆک کۆماری عێراق لە بەیاننامەیەکدا یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ڕەتکردەوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان دوو لائیحەی ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران‌و دادگای دەستووری کرد بۆ پوچەڵکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، دواتریش ڕۆژی ٧/٢٦ بەڕەسمیی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق یاساکەی بە ئیمزانەکراویی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە ژمارەیەک تێبینییەوە.

### نارەزایی شەقام

ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٤ سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان‌و سەرۆکایەتی حکومەت‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی کرد، بەبەشداری نوێنەری کلدۆئاشورییەکان‌و لەبەیاننامەیەکدا بەتوندی مادەی ٢٤یان ڕەتکردەوە هەروەک لیژنەیەکی باڵابەسەرپەرشتی قادر عەزیز پێکهات، بۆ ڕێکخستنی نارەزایی‌و خۆپیشاندان لەسەر ئاستی جەماوەری بۆ ڕەتکردنەوەی مادەکە.


ڕۆژی ٧/٢٨ خۆپیشاندانێکی جەماوەری لەشاری کەرکوک ڕێکخرا، هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکەدا تەقینەوەیەک لەناو ئاپۆرای جەماوەردا ئەنجامدراو بووەهۆی کوژرانی نزیکەی ٢٥ کەس‌و برینداربوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەس، سەرەڕای ئەوە لەناو بارەگای بەرەی تورکمانییەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراو بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژران‌و بریندابوون‌و دواتر پۆلیس ١٠ کەس لە پاسەوانەکانی بەرەی تورکمانی دەستگیرکرد.

ڕۆژی ٧/٢٩ لە هەولێرو ڕۆژی ٧/٣٠ لە سلێمانی خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە بۆ ڕەتکردنەوەی مادەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا سەرەڕای ئەوەی لەزۆربەی قەزاو ناحیەکانی کوردستاندا خۆپیشاندان بۆ ڕەتکردنەوەی مادەکە ڕێکخرا.

### هەوڵی دووبارە پەسەندکردنەوەی یاساکە

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق





# پێکهێنانی حیزبی کوردیو فرەییو ئۆپۆزسیۆن

رەشاد حسێن

**(١-٢)**

کورد دانیشتووی ئەو گوندە کەونیەیە کە نیشگەی مرۆڤایەتییە، کوردستانیش بەشێک لەو جوگرافیایەیە کە جیهانگیریی نەخشەڕێژی کردووە، کەواتە هەر ئاڵوگۆڕێکی جیۆستراتیژی سەردەم کە رووبدات، پێویستە کوردیش لێی بێبەریی‌و نائاگا نەبێت‌و دژە شەپۆلیش مەلە نەکات تا زیان نەگات بە ئامانجە ستراتیژی‌و خەونە دێرینەکانی.

کورد لەهەموو گەلان زیاتر پێویستی بە بنەبڕکردنی ئەو مەترسیانە هەیە کە هەڕەشە لە ئاسایشی مرۆیی‌و نەتەوایەتی دەکات، بۆیە لۆژیکی پێکەوە ژیانی دۆستانەو پاراستنی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی ناوچەکەو بوونی دیموکراسی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و پاراستن‌و پەرەپێدانی ئازادییەکان، زەمانەتی مانەوەو پێشکەوتن‌و پێوەری هەمەئاهەنگی گەشەکردنیەتی، دیارە بەهۆی نەبوونی کیانی سیاسیی سەربەخۆیی‌و زوڵم‌و زۆرو چەوساندنەوەی کوردەوە، ئارەزووەکانی لەمەڕ داوا دیموکراسییەکان بووەتە غەریزەو بەردەوام بەدوای تێرکردنیدا دەگەڕێت، دەسەڵاتی شارییانەی دوای راپەڕینیش کە زادەی دەیان ساڵەی خەباتی شاخەو لەناو فەزای رادیکاڵانەی شۆڕشێکی درێژخایەنەوە سەر دەردەکات، کە فەرمان زاڵ دەبێت بەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراسی‌و بڕیاری کۆنکرێتی فەرماندەکانی (مەرکەزیەتی دیموکراتی) کە شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ خۆی بەدەستهێناوە، لەم وێستگەیەی کە تازە فەرمانڕەوایەتی تێدا دەکات، نەیتوانیوە بە کردار شەقاوێک نزیک بکەوێتەوە لەو ئازادییەی هەموو نەستە خەفەکراو و کۆزراوەکانی مرۆڤی کورد کە لە خەونەکانی ئازادیی دەیبینی، کەچی لە واقیعدا نەبەکام دەرچوو، بۆیە ئێستا تەوژمی نارەزایی لە بنکە گەورەکەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات بەردەوام لە هەڵکشاندایە، ئێستا وا (١٨) ساڵە (گۆڕانییەکانی رابردوو، سەروەرییەکانی پێشمەرگە، حەکایەتەکانی خەباتی شاخ) بەردەوام لە خەوی غەفڵەتگێریدا نوقمان دەکات‌و لێرەوە نوخبەیەکی هۆشیار دەیەوێت ئەم یۆتۆبیا بێمانایە لە دۆخێکی ئاکتیڤی سەردەمانەدا وەک تراژیدیایەکی ترسناک بە مەرگی سەرجەم خەبات‌و دەستکەوتەکانمان رابگەیەنێت، لە بەرامبەریدا دەسەڵاتێکی هاوشێوەی سەرجەم تیزەکانی هەموو ئیستیبدادەکانی ناوچەکەو دنیا، جەمسەری ململانێیەکی خۆکوژیی‌و خنکێنەر دەکەوێتە پارسەنگی راگرتنی باڵانسی ئەو دۆخە چەقبەستووەی تروسکەی گۆڕان‌و نوێبوونەوەو گەشەی تێدا بەدی ناکرێت، لێرەوە قەیرانگەلێک سەرهەڵدەدات‌و نموونەکەشی ئەمڕۆ لەم هەرێمە دەرکەوت.

ئەم تەنگەژەیەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسیی ئەم هەرێمەی تێکەوتووەو گەندەڵی سیاسیی سەرجەم جومگەکانی حیزب‌و رایەڵە بەهێزەکانی کارگێڕیشی لێکترازاندووە، وەک ڤایرۆس بەردەوام پەرە دەستێنێت، وامان لێدەکات بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی دروستبوونی حیزبی کوردی‌و پرسیارێک لەمەڕ ئەم دۆخە بکەین‌و بڵێین، حیزبی کوردی چۆن سەرهەڵدەدات؟

## سەرهەڵدانی حیزبی کوردی

دیارە حیزبی کوردی هەمیشە لە بارودۆخی تەنگەژەو قەیراندا سەریهەڵداوە، هەروەک چۆن ئامرازی خەبات بووە، کەچی لە ئەنجامدا هەستی زاڵخوازی دواجار لە گرێژەنە دەریدەچێنێت‌و خۆی دەبێتە ئامانج و پەیامە راستەقینەکەی کە لەپێناویدا دروستبووە، وندەکات، بەو مانایەی کەسانی پاوانخواز بە ئاکامگەیاندنی خواست‌و گرێ دەروونی‌و شکستی کەسێتی‌و رابردوویان‌و ژینگەی گەورەبوونی، ئەو هەستەی لا دروستدەکات دۆخی لاوازو ناتەندروست‌و بارگاوی بە عەقڵ‌و شەقڵی خێڵ بەرهەمبهێنێت، تا خۆی تێیدا گەشە بکات‌و باڵادەست‌و تاکڕەوبێت، تەنیا بەم فۆرمەش دەتوانێت تێکشکانە دەروونی‌و رۆحییەکەی ئاسودەو زاڵ‌و سالاربێت، ئەم شێوازە چەقبەستووەش هەژموونیان دەپارێزێت. بارودۆخی کوردستان کە هەمیشە مەحکوم بووە بە چەوساندنەوەو داگیرکاریی‌و هەوڵدانێکی دڕندانەی نامرۆڤانە بۆ سڕینەوەی شوناس‌و گۆڕینی سیمای کوردانەو کۆچی زۆرە ملێ، دەرفەتی نەڕەخساندووە بتوانێت خەباتی سیاسیی‌و مەدەنیانی خۆی لەناو کەش‌و تەشقێکی دیموکراسیانەدا پیادەبکات، ناچار خەباتی نهێنی‌و یاخیبوونی چەکدارانەی کردووەتە ئەڵتەرناتیڤی ئەو خەباتە. ئەگەرچی دروشمی رووخاندنی رژێمە داگیرکەرەکانیشی بەرزکردبێتەوە، دواجار بۆ دەسکەوتی لایەنی کەمی داوا رەواکانی رێگای مفاوەزاتی گرتووەتەبەر، هەرچەندە دوژمنان هەمیشە دانووساندنیان وەکو مانۆڕێکی خۆبەهێزکردن‌و پیلانگێڕی لەگەڵ کورددا بەکارهێناوەو لەڕووە مرۆڤایەتی‌و یاساییەکەوە داخڵنەبوونە بەم پرۆسەیە، کەواتە ئەزموونی سەرهەڵدانی حیزبی کوردی کاردانەوەی زوڵم‌و زۆری دوژمنانییەتییە بۆ گەیشتن بە سەرەتاترین مافی ژیان، ئەم پرۆسەی حیزبایەتییەش هەر بەشە تەقلیدیەکەی کلتووری تاک زاڵی‌و پارتی پێشڕەوو پاوانخوازی‌و بنەماڵەچێتی‌و برەودان بە تەشقی خێڵگەرایی، ئاوێتەبوونێکە کە ئایدۆلۆژیاو پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت‌و باوەڕهێنان بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات‌و گوێگرتن لە دەنگی جیا، ناسازو لێڵ‌و وێڵ دەکات، واتە ئەگەر حاڵی دروستبوونی حیزبی کوردی وابێت‌و چەنددەیان کێشە بەوجۆرە هاتبێت، لە سەردەمی شارو فراوانبوونی دەنگی دیموکراسی‌و پیادەکردنی ئەدای مۆدێرنانەی کارگێڕیی سەردەم‌و پەیامی ئازادیی‌و خۆگونجاندن لەگەڵ شنەبای دژ بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری‌و خۆکردنەوەو دەنگی زوڵاڵی مافەکانی مرۆڤ، ئەستەمە ئەمجۆرە مۆدێلە خنکێنەرە حیزبی کوردی بتوانێت هەزمی بکات، بۆیە سیاسییە تەقلیدییەکانی کوردیش هەم بوونەتە رێگر لەبەردەم گۆڕان، هەم خۆشیان نموونەیەکی دۆگمای سەرمایەداری خۆسەپێن‌و رەوتی حیزبایەتی باویش هیچ جۆرە گۆڕانێک لە سایەی ئەمجۆرە مۆدێلە بەرهەم ناهێنێت.

## حیزبی کوردیو فرەیی

دۆخی نێگەتیڤی سەرهەڵدانی حیزبی کوردی هێند نائارام‌و پڕ تەنگەژەیە، هەمیشە بە نهێنی جوڵەی کردووە، دیارە ئەمجۆرە خەباتە (مەرکەزیەت) زاڵدەکات بەسەر (دیموکراسییەت)، زۆرجار وادەخوازێت بڕیار تەنیا لای سەرچاوەیەک بێت، چۆنیەتی پیلانی لەناوبردنی کورد لەلای داگیرکەران‌و سۆزی کوردیش بۆ ئەوانەی داکۆکی مانەوەی لێدەکەن، جەمسەری زاڵی تاک دروستدەبێت‌و تانوپۆی حیزبیش لامەرکەزیەت لەدەستدەدات‌و حوکمی باڵای ستوونی مافەکانی ئاسۆیی فەرامۆش دەکات، لێرەوە ئەگەر حیزب نەیتوانی دەستووری حیزبایەتی پۆزەتیڤانە جێبەجێ بکات‌و دەرفەتی دەربڕینی راو بۆچوونی جیاش لەنێو پرۆسەی (زۆرایەتی‌و کەمایەتی) جێگای پێ سەغڵەت بوو، دەتوانی کتومت ئەم نموونەیە بەو مۆدێلە خواستراوە نەریتییەوە لە شێوەی حوکمڕانی ئەو حیزبانە لە ئیدارەی حوکمدا بەبێ بەڵگەنەویست بسەلمێنیت‌و لە ژیانی عەمەلیدا بیبینیتەوە کە عەرەبەکان لە حوکمداریدا پەیڕەوییان کردووە، بۆیە قبوڵنەکردنی یەکتر لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە، ترسناکترین تراژیدیا دەخاتەوەو هەردوو مەنجەنیقی پاکتاوی یەکتر جۆش دەدەن‌و غەمگینترین رۆژە رەشەکانی ئەم قۆناغە مێژووە بە مەرگەساتی لەناوبردنی گەورەترین سەروەتی مادیی‌و مەعنەویی کورد دەسپێرن، کەواتە هەر شەڕی خێڵەکان بوو کە ناونرا بوو شەڕی حیزبەکان، شەڕی بەرژەوەندییەکان بوو ببووە دیدو بۆچوونی جیا، شەڕی سەرۆک خێڵەکان بوو ناوی پێشکەوتن‌و پاشکەوتەیی لێنرا، ئەگەر وانییە ئەی بۆچی کاتێک بەرژەوەندییەکان ئامباڵای یەکتر دەبن، هەموو تفەنگەکان دەخەون، کاتێکیش ئارەزووە هەڵچووە شیزۆفرینیاکان بە دەستکەوتە زاتییەکان ئارام دەبنەوە، حساب بۆ قوتەو لوتکەو شیوو دۆڵەکان ناکرێت، ئایا لەناو ئەم فەزا بارگاوییە بە کلتووری خێڵ‌و کەسایەتییە نەخۆش‌و نەرگسی‌و دوژمنکارانەدا کەی فرەیی فری دەبێت؟.

## یەکێتیی نیشتمانییو ئەزموونێک

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی لە ساحەی خەباتدا غائیب بوو، بۆ یەکەمینجاریش بوو پارتی پێشڕەو لە دەستپێکی چەک هەڵگرتنەوە لەساڵی ١٩٦١-ەوە تا هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ هەژموونی گەورەیی‌و سەروەریی‌و تاقانەیی خۆیان لەم بەشەی کوردستانی باشوور لە پاوانخوازی چۆڵکەن، کەواتە نە پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی پێشڕەو) تاک جەمسەر نە سەرۆکی تاقانەی باوکی رۆحی کوردو نە دەزگای پاراستن هیچیان نەمان، ئەمەش گەورەترین فرسەت بوو بۆ دەنگە نەیارەکانی دژ بەو جۆرە مۆدێلە دەربکەون، ئاشکرایە چەند گروپ‌و کۆمەڵی رۆشنبیران‌و خوێندکاران‌و کەسانی شۆڕشگێڕی خەفە بوو چ لەناو شۆڕشی ئەیلول چ لەناو ناوەندە رۆشنبیرییەکەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥، لە هەمووشیان کاریگەرتر بازنە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی (مارکسی لینینی) بوون کە پشکی زۆری بەرخۆدانی شۆڕشی نوێی کەوتە ئەستۆ، بۆیە جارێ ئەگەر بە پێوەری زەمەن تەماشای دروستبوون‌و خۆڕاگەیاندنی یەکێتی بکەین، دەبینین تەنیا دوو مانگ بەسەر هەرەسدا تێنەپەڕی بوو، (ی.ن.ک) خۆی بۆ جەماوەرە شکست دیدەکەی کوردستان ئاشکراکردو خاڵێکی جەوهەریی دیکەشی پەی پێبرد، کە تا ئەم قۆناغە کە پارتی تاکڕەوانە بەبێ مونافس‌و تەنانەت دۆستایەتیشی لە هیچ حیزب‌و لایەنێکی کوردستانی پێ قبوڵ نەبوو، بۆیە گومانی تیا نەبوو لە کۆمەڵگایەکی ئاوا ئاڵۆزو پڕ ململانێ‌و نابەرامبەردا لە ژیان‌و گوزەران دەنگی نەیارو فرەیش هەیە کە بەردەوامی بدات بە شۆڕش، وزەو تینی نەوەکانیش هەمیشە لە گەشەو نوێبوونەوەو ململانێدان، تاقیکردنەوەش دەریخست کە پارتی ناتوانێت نوێنەرایەتی گشت چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان بکات‌و گۆڕەپانی خەباتیش بۆ هەموو تێکۆشەرێکەو پاوانکردنی تاوانێکی مێژووییە.

(ی.ن.ک) کە خۆی راگەیاند لە یەکەمین بەیاننامەکەیدا کە لە شام دەریکرد، سیاسەت‌و ستراتیژو ناسنامەو بڕوای خۆی بەتەواوی دەرخست، بۆ جەماوەریشی روونکردەوە کە نە لە دیموکراسییەت نە لە پاوانخوازیی خەبات بۆ تاکە حیزب بێت‌و نە لە ستراتیژی نەتەوەیی هیچ خەسڵەت‌و مۆرکێکی لە پارتێکی تەقلیدی پێش خۆی ناچێت، کەواتە ئەمە وێستگەیەک بوو بۆ لەدایکبوونی دنیا بینییەکی نوێ لە پارتایەتی کوردستان، ئەم بووە جێگای ئومێدو متمانەی جەماوەرەکەی، بە بڕوای من ئەگەر یەکێتی بەو زوو بە زوویییە خۆی رانەگەیاندایە، مەعلوم نەبوو پارتی ئەگەر باوەڕیشی بە خەبات ببووایە ئاوا بە زوویی ئەویش تێهەڵچوایەتەوە، بەڵام لەبەر زەروورەتی هەلومەرجی ئەم شێوە خەباتەو غەریزەی خۆ بە خاوەن بزووتنەوەی کوردایەتی زانین لەلای پارتییەوە، دەبوایە ئەویش دەستپێبکاتەوە، کە دەکرا ئەوکاتە ئەو پرسیارەیان لەخۆ بکردایە ئەگەر بەتەمای بەردەوامیی شۆڕشن، بۆچی ئەو هەموو چەکو پارەو توانامرۆیی‌و سەربازیانەیان لەکیس خۆدا؟ نرخی تفەنگێک وارسوا ببوو دەدرا بە ژەمێک خواردن‌و پاش چەند مانگێکیش دەبوایە بە قاچاغ لە سنوورە دوورەکانەوە بەوپەڕی زەحمەت‌و مەرگەساتەوە، تفەنگو تەقەمەنی‌و پێویستییەکان بهێنرایەوە کوردستان. پارتی‌و یەکێتی یەکەمین ماندوو نەبوونیان بە شەڕی براکان لە یەک کرد، دیارە بە دەستپێشخەری پارتی لە سنووری بادینان‌و کوشتن‌و دیلکردنی ئەو پێشمەرگانەی لەو دیو سنوورەوە بە عەشقی خەباتەوە دەیانویست تروسکەی هیوا بجۆشێننەوە، یەکێتی پشتبەستوو بوو بە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی سەردەم‌و رۆشنبیران‌و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی دەوڵەمەندی گەلان، توانی جیهانبینی کورد بۆ خەباتی مۆدێرنانەو ژیانی فرەیی‌و یەکتر قبوڵکردن‌و رێزگرتن لە بیروڕای جیاواز ئاراستە بکات، کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ خۆشی‌و ئازارەکانی خەڵکدا بوون، بەردەوام لە خۆپەروەردەکردن‌و تاقیکردنەوەدا بوون، کەمترین هەڵەو کەموکوڕییان هەبوو، لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکو فرماندا کاراو دڵسۆزو ئەمین بوون، سەرکردایەتییەکی کارامەو هۆشیار ئاراستەی دەکردن، بەردەوام لە هەموو بارودۆخە سەختەکاندا لەگەڵ جەماوەرەکەیدا بوو، هەروەک چۆنیش بەردەوام خۆی نوێ دەکردەوەو پلانی بەردەوامیی‌و بەرەنگاری دادەڕشت، لە دوارۆژەکانی سوتماکی کوردستان‌و کیمیایی رێژکرنی گەلی کوردو چۆڵکردنی گوندەکان کە تەنیا نەوای پێشمەرگە بوون، ئەمجارەش وەک ئەزموونێک پارتیزانی دابەزنە ناوچە راگوێزراوەکانی ناوجەرگەی دوژمن، ئەوەش گەورەترین گیانی بەرەنگاریی‌و بەگژداچوونەوەی ئەم رێکخراوە مۆدێرنە بوو، دواجاریش نەخشەی شەڕی ناو شارەکانی کردە ئامانجی‌و سوپای رزگاری کوردستانی (سرک)ی بناغە دانا، ئەم هەموو خەسڵەت‌و ستراتیژو گۆڕانەش، نەیتوانی رێگری بکات لەبەردەم هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو چەندین مەرگەساتی دیکە چووە مێژووی خوێناوی کوردەوە، لەجیاتی مۆدێلی سەردەمانەی خەبات‌و ئەزموونی شکستخواردووی کوردو دەرس‌و پەندەکان، دیسان لەشکری خێڵ بەریگرت بە ئاوەدانی‌و تیغی براکان گەییە سەر ئێسک، دواجار شەقی زەمانە، ماڵە وێرانەکەی کورد پێکدەهێنێتەوەو بەرەی کوردستانی لێ پەیدادەبێت‌و بەرژەوەندی داگیرکەران ماچ‌و مووچی نارەزایمان دەرەوێنێتەوە، بەخێرهاتی راپەڕین، دوافرسەت‌و دوائەزموونی کە نەمانتوانی تەنیا جارێکیش بە هزرێکی مەسئولانەو جیهانبینییەکی شارستانیانە مۆدێلی فرەیی قبوڵ بکەین، دوائەزموون‌و دوافرسەتی پاش سوتماککردن‌و کێومالکردنی کوردستان، لە مرۆڤ‌و زیندەوەرو هەموو ئاوەدانییەک کە بە هەڵەی رژێمی رووخاوی بەعس هاتە ئاراوە، جارێکی دیکە کورد وزەو تینی تێگەڕایەوەو راپەڕینی مانگی ئازاری ١٩٩١ی بەرهەم هانی، رۆژگارەکانی راپەڕین‌و چرکەساتەکانی دواهەناسەی لێدانەوەی دڵی خەبات‌و گورزەتیشکی ئومێدی کورد بوو، دەبوایە حیزبە سیاسییەکان ئەزموونێکی زۆریان لە ململانێی خوێناویی‌و عەقڵیەتی پاوانخوازیی ناوچەیی‌و هەستی زاڵخوازیی وەربگرتایەو رۆژگارەکانی راپەڕینیان بکردایەتە یەکەمین دەستپێکی خەباتی مۆدێرنانەی شارو تاقیکردنەوەی فرەیی یەکتر قبوڵکردن‌و رێزگرتن لە بیروڕای یەکترو جیاواز، دەبوایە کەرنەڤاڵی چوونە سەر سندوقی دەنگدان دەرگاکانی سەردەمێکی نوێی واڵاکردایە لەبەردەم گۆڕانکارییەکانی سەرجەم جومگەکانی سیاسەتی جیهانی گۆڕی، کەچی بەداخەوە نەتوانرا دەسەڵاتێکی ئەکتیڤبین، نەتوانرا یەکتر قبوڵکەین، شەرگەکان خوێناویترو زامەکان قوڵترو ململانێکان سەختتر بوو، گەندەڵی پرزەی بڕی لە ئەزموونی کوردستان‌و ناشارستانیترین مۆدێلی خێڵمان بووژانەوەو کۆمەڵێکی مشەخۆری چاو لەدەست، سەرۆک خێڵمان بەرهەمهانی‌و حیزب لە پەیامە راستەقینەکەی پاشەکشەی کرد، لە دواوێستگەی خۆیدا بەرپرسەکان چینێکی سەروو لە جەماوەریان بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان دروستکردو کۆچی خاوەن بڕوانامەو گەنجان بە کۆمەڵ‌و شیرازەی پەیوەندی‌و کلتووریمان تێکچوو، حیزبەکان لەبەر پێشبڕکێی دەوڵەمەندبوون‌و کەڵەکەکردنی سەرمایە، ئاگایان لە ژیان‌و خزمەتگوزاریی‌و بەهێزکردنی بنەماکانی پشت بەخۆبەستن‌و ئاسایشی ئابووری‌و داوا رەواکانی ستراتیژی نەتەوەیی نەما، بۆیە (ی.ن.ک)یش ئەو بەها گەورەو ئەو چەمکە مرۆڤدۆستانەی کە وەک رێکخراوێکی مۆدێرن هێنابوویە ناو فەزای حیزبی کوردییەوە، نەک بەهۆی کاراکتەرە نەریتیەکانییەوە نەیتوانی گۆڕان بکات، بەڵکو خۆشی بوو بە بەشێک لەو کوتەکانەی سەری دەنگە جیاوازەکان بکوتێتەوە، کەواتە ئیتر بەهاری خەباتی (ی.ن.ک) کۆتایهات.

# دەسەڵاتی هەزەلی



ئاسۆ جەبار

– مووچەی پەرلەمانتارێک بەقەدەر مووچەی (٢٥٠) کەمئەندامە. (هاوڵاتی)

– دوو ملیۆن دۆلار مانگانەی پەرلەمانتارو وەزیرو بریکارو بەڕێوبەرەکانە، تەنیا (١٠٠) دۆلار مووچەی مانگانەی خێزانێکی ئەنفالە. (ئاوێنە، ژ: ٢٠)

– مووچەی پەرلەمانتارێکی حکومەتی عێراق (١٨٠) ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی ئاساییە. (سایتی سبەی، راپۆرت: سیروان رەشید)

– مووچەی وەزیرێک (٣٥) ئەوەندەی فەرمانبەرێکی گەنجە.

– بودجەی مانگانەی هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی (٣٥) ملیۆن دۆلارە، واتە بە هەردووکیان مانگانە (٧٠) ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم دەبەن. (هاوڵاتی، سایتی سبەی)

لێرەدا باس لە دەسەڵاتێکی سەیرو سەمەرە دەکەین کە رەنگە تائێستا قسەی لەسەر نەکرابێت، ئەویش دەسەڵات‌و حکومەتی هەزەلییە. زۆر بەسادەیی دەسەڵاتی هەزەلی ئەو دەسەڵاتەیە کە باس لە دیموکراسیەت دەکات‌و فری پێوەی نییە، دنیایەک بەڵێن دەدات‌و بیری دەچێتەوە، بەرەڵڵاخانەی ئابووری‌و ئێکسپایەرخانەیان لێبووە بە بازاڕی ئازاد، (١٧) ساڵە دەڵێن کارەبا چاک دەکەین‌و چاکی ناکەن، مووچەی پەرلەمانتارێکی حیزبی لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا (١٨٠) جار لە سەروو مووچەی فەرمانبەرێکی ئاساییەوەیەو کەس قسە ناکات، مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن‌و لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە چەندین سەعات هەڵپەڕکێو سەیران پەخشدەکەن، لە رۆژنامەنووسان دەدەن‌و زیندانییان دەکەن‌و دەیانخەنە لیستی رەشەوەو باس لە دیموکراسیەتی عەیارە (٢٤) دەکەن، بەڵام بیرمان نەچێت ئەمجۆرە لە حکومەت لە چەند بەشێکی گرنگو هەزەلی پێکهاتووە، با پێکەوە گەشتێک بکەین بەناو هەزەلیاتی حکومڕانیدا.

### مووچەی هەزەلی

مووچەی پەرلەمانتارێکی وڵاتێکی تا بینەقاقا گەندەڵ (١٨٠) ئەوەندەی فەرمانبەرێکی ئاساییە، کە پێکرا دەکاتە (٢٥،٠٠٠،٠٠٠) دینار، مووچەی گەنجێکی دەرچووی زانکۆ ناگاتە بەرپێی هیچ بەرپرس‌و پەرلەمانتارێکی بەختەوەرو وەزیرێکی بێئیش. مووچەی وەزیرو پەرلەمانتاری هەرێمێکی بچکۆلەی وەک هەرێمی کوردستان (٦٣٥٠) دۆلارو قسورە، واتە (٦٣) وەرەقەو نیوی رەبەق کە دەکاتە (٣٥) ئەوەندەی فەرمانبەرێکی ئاسایی‌و داماو، بەڕێوبەرێکی گشتیی (١٢) ئەوەندەو هاوکات تەنیا خوا دەزانێت مووچەو نەسریەو ئەو بەرەکەتە بەهەشتییەی کە بەرپرسە سیاسییەکان هەیانەو بازرگانیشی پێوەدەکەن، بەڵام هاوڵاتییان هەر بێدەنگن، دەرئەنجام ئەوانیش دەستکراوەترن لە ناعەدالەتی‌و خواردنی حەقی هاوڵاتییان بە ناشرینترین شێوە.

دوو ملیۆن دۆلار مانگانەی پەرلەمانتارو وەزیرو بریکارو بەڕێوبەرەکانە، تەنیا (١٠٠) دۆلار مووچەی مانگانەی خێزانێکی ئەنفالە، کە لە ژمارە (٢٠)ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە. پێکرا ئەم مووچە هەزەلیانە سەرباری ئەوەی ناحەقییەکی گەورەیە بەرامبەر هاوڵاتییان، هاوکات لە سەردەمی دەسەڵاتە خوێنڕێژەکانیشدا ئەم ناعەدالەتییە بوونی نەبووە.

سەرۆکی حکومەت (١٠) ملیۆن دینار مووچەی مانگانەتە، کە سەرلەبەر بەبێ نەسریەو پارەی حیزب لە چوار وەرزەکەدا دەکاتە دوازدە مانگ (١٢٠) ملیۆن دینار وەردەگریت کە بە نرخی ئەمڕۆی دۆلار دەکاتە (١٠) دەفتەر دۆلار، جێگرەکەی کە مانگی (٧) ملیۆن دینار مووچەکەیەتی، ساڵانە بەپێی وەرزەکان دەگاتە (٨٤) ملیۆن دینار، کە بە دۆلار ساڵانە دەگاتە (٦) دەفتەر بەبێ نەسریە، لەکاتێکدا قوتابییەکی زانکۆش ئیمانی دەردێت تا (١٦) ساڵی خوێندن تەواودەکات‌و هەڵیدەدەنە دەرەوەی شارو (٢٠٠) دۆلاری هیچ‌و حەزینی دەدەنێ، ئەوە ئەگەر کرێچی بێت کە بێگومان نیوەی ئەم وڵاتە کرێچییە، ئەوا دەبێتە ئەندامێکی پلە نزمی جەهەننەم، هیوادارم سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەی عاجزبن لێم، چونکە ئەوان دەمێکە عاجزن لێمان، لەبەرئەوەی ئەوەی من دەیڵێم حەقیقەتێکی حەزینە، بەڵام ئەم حوزنە پڕە لە ناعەدالەتی‌و نابەرپرسیارێتی ئێوە، ئەوە ئەگەر بێینە سەر قسەکردن‌و بەراوردکردنی مووچەی ئێوە بەو مووچە حەزینەی مامۆستاو ئەو هەموو گەنجە تازە دامەزراوەی کە مووچەکەیان ناگاتە بەرپێی هیچ کام لە ئێوەی مورتاح، ئەوا من دەیشوبهێنم بە ئەنفالکردنی کۆمەڵگایەک لەڕێی گەندەڵی‌و ناعەدالەتییەوە.

### کۆمیدیای کوشندە

ئەمجۆرەلەکۆمیدیابێئەندازەخەیاڵکوژو خەونکوژو هونەرکوژە، بەجۆرێک هەموو بابەت‌و دیاردەو مەسەلەیەکی جدیی‌و پڕ بایەخ لەبەردەم گاڵتەجاڕییەکی بێماناو بێمەعریفەت‌و هەژاردایە، کۆمیدیای کوشندە بریتییە لە سازکردنی گاڵتەجاڕیی خاڵی لەهەر روانینێکی مرۆڤگەرایانەو شارستانیانە، بە ئەندازەیەک ئیشکردنە لەسەر سووککردنی حەقیقەت‌و مەهزەلەیەکی گەورەیە بۆ بچووککردنەوەی مرۆڤ لەبەردەم گۆڕانکاریی‌و ژیان‌و دیاردەکاندا.

لە راستیدا دەسەڵاتە کوشندە، بێئەندازە دەزگاو میدیاو دامەزراوەی ناهونەریی‌و ناڕۆشنبیرییان هەیە، بۆ پەخشکردن‌و بڵاوکردنەوەی کۆمیدیای کوشندەو پرۆگرامی گاڵتەجاڕیی بۆ سووککردنی ژیان‌و حەقیقەتە سادەکان.

کۆمیدیای کوشندە رۆچووەتە نێو سەرلەبەری فێستیڤاڵ‌و کەرنەڤاڵ‌و بۆنەی حیزبی‌و حکومیی‌و خێڵەکانەوە، بێئەندازە حیزب کار لەسەر کوشتنی حەقیقەتەکان دەکات لەڕێی دەزگاگەلێکی ناشارستانی‌و وێرانەوە.

### تەلەفزیۆنی هەزەلی

ئایا تەلەفزیۆن وەک کۆپرۆگرامێکی هەزیل‌و هەزەلی، دەتوانێت گەردونگەرای گۆڕانکاریی‌و دیاردەو گەشەو پەیوەندی‌و دنیای هاوچەرخ بکات؟ ناکرێت لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار ئاراستەی ئەو عەقڵیەتە هەزەلییە نەکەین، ئایا تەلەفزیۆن تەنیا مۆنیتەرێکە بۆ پەخشکردن؟ یان دەزگایەکی گەورەی پرۆفیشناڵ‌و وردەکارە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و شارستانی‌و سیاسی؟ ئایا تەلەفزیۆن بۆ ئەوە داهێنراوە ساڵ دوازدە مانگ هەڵپەڕکێ‌و سەیران‌و هەلهەلە پەخشبکات؟ ئایا تەلەفزیۆن بۆ ئەوە کراوە پیاوێکی خەوتوو بهێنێتە سەر تەلەفزیۆن‌و باوێشک بژمێرین؟ ئایا تەلەفزیۆن بۆ ئەوە کراوە خەڵک بانگکەیتە سەر تەلەفزیۆن‌و سەرمەقولاتیان پێبدەیت؟

### کۆمیدیای ئایینی

ئەم زاراوەیە رەنگە ئەمە یەکەمجار بێت بەرچاومان کەوتبێت، کۆمیدیای ئایینی بریتییە لە سەرلەبەری ئەو روانین‌و دنیابینییە حیزبیانەی کە لەوتارێکی ئاینیدا خۆیان دەشارنەوە، بریتییە لەو مەلاو خوتبەبێژانەی باس لە خواو پێغەمبەر دەکەن‌و هەندێکیان ریزێک خانوویان هەیە بۆ کری‌و چەند پاسێکیان هەیە لە خەتی بەهەشتا، باس لە خێروخێرات دەکەن‌و بە پرادۆ دێن بۆ خوتبەی جومعە، دێنە سەر تەلەفزیۆن‌و باس لە حەرام‌و حەڵاڵ‌و چاکەو خراپە دەکەن، بەڵام ناتوانن حەقیقەت لە چەواشەکاریی‌و مەهزەلەی حیزبی جیابکەنەوە، خوازیارن لەهەر کۆڵانێکدا مزگەوتێک بکەنەوە، بەڵام ناتوانن باس لە نەهامەتییەکانی هاوڵاتییان بکەن‌و هەرگیز بیر لە پرۆژەی شارستانی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ناکەنەوە.

### کۆمیدیای گەندەڵی


رەنگە زۆرترین قسە کرابێت لەسەر گەندەڵی، گەندەڵی هەرچییەک دێت شەقێکی تێهەڵدەدات‌و بە ئارەزووی خۆی جوێنی پێدەدات‌و قسەی سوکی پێدەڵێت، بەڵام ئەوەی تائێستا باسی لێوە نەکراوە کۆمیدیای گەندەڵییە.. ئەمجۆرە لەکۆمیدیا پێکڕا جیاوازییەکی گەورەی هەیەو بەرەنگو دەنگو شێوەو قەبارەی جیاوازەوە پەخشدەکرێت‌و بڵاودەکرێتەوە. گەندەڵی کاتێک دەبێت بە کۆمیدیا کە بەرپرس‌و مەرپرس‌و وەزیرو گوزیرو پەرلەمانتارو مەرلەمانتارو سەرکردەو سەرۆکەکان دێنە سەر تەلەفزیۆن‌و باسی گەندەڵی دەکەن، سەرۆک هەیە دەڵێت یەک بەرپرسی گەندەڵم بۆ بدۆزەرەوە با من ئیعدامی بکەم، سەیری ئەو کۆمیدیایە، لەکاتێکدا گەندەڵی لە سەرکردەکانەوە دەستپێدەکات‌و رۆچووەتە بینەقاقای حیزب‌و پەرلەمان‌و بەرپرسەکانەوە.

### کۆمیدیای رۆشنبیریی

کاتێک حیزب دەیان دەزگای ناڕۆشنبیریی‌و ناهونەریی‌و ناکلتووریی دروستدەکات‌و ناویان لێدەنێت دەزگای رۆشنبیریی‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سەربەخۆ، کاتێک حیزب سەرلەبەری کایە رۆشنبیرییەکان داگیردەکات‌و باس لە ئازادیی رادەربڕین دەکات، ئەمە بەشێکە لە کۆمیدیای حیزبی.

ئەمجۆرە لە کۆمیدیا، پێکڕا ئەو فێستیڤاڵ‌و بۆنەو موناسەبە رۆشنبیریی‌و هونەری‌و چلەی ماتەمینیانەش دەگرێتەوە کە حیزب پێیان دەڵێت فێستیڤاڵی جیهانی رۆشنبیریی‌و ئەدەب‌و هونەر، هەموو ئەو شیعرو تێکستە هەزەلیانە دەگرێتەوە کاتێک حیزب لە بۆنەو موناسەبەکانی خۆیدا بەگران بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە، بەڕێزان ئا ئەمەیە دەسەڵاتی هەزەلی.

# یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لەنێوان تاکتیکو ستراتیژدا



ئەبوبەکر ئەحمەد سلێمان

یەکێتی‌و پارتی تائێستاش لەژێر کاریگەریی فەرهەنگو عەقڵییەتی تاکڕەوی حیزبایەتیدان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی وڵات، ئەم دوو حیزبە ناتوانن لانیکەم لەم قۆناغەدا دەسەڵاتەکانی حکومەت‌و حیزب لێک جیابکەنەوە، ئەم دوو حیزبە ئامادە نین تەنیا بۆ یەک رۆژ لە دەسەڵات‌و کورسی حوکم دابەزن، کلتوورو ئایدۆلۆژیکی ئەم دوو حیزبە تائێستاش لەژێر کاریگەریی خەسڵەتی سیستمی دەرەبەگایەتیدایە، سەرەڕای ئەوەش کە بەشێوەیەکی بەربڵاو ئیدیعای کۆمەڵگای مەدەنی‌و دیموکراسیبوون دەکەن، بەڵام لە کردەوەدا هەزمکردن‌و قبوڵکردنی تێگەیشتن‌و چەمکی دیموکراسی بۆ ئەم دوو حیزبە هێشتا کارێکی ئاسان نییە.

* راستە لە سیاسەتی روو بە دەرەوەیاندا وای نیشاندەدەن کە دیموکراسی‌و حکومەت‌و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو هەیە لە کوردستان، بەڵام لە پراکتیکدا بەتەواوی پێچەوانەیەو ئەم دوو حیزبە هەرگیز نایەنەوێت حکومەت لەژێر کۆنترۆڵ‌و دەسەڵاتی حیزب بێتەدەر، ئەم راستییانەش دۆست‌و دوژمن باش دەیزانن‌و ئەم سیاسەتە بۆ هەموولایەک روون‌و ئاشکرایە، ئەم دوو حیزبە بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆیان لەو جۆرە لە سیاسەت‌و سیستم‌و ئیدارەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبیننەوە، ئەگەر پارتی‌و یەکێتی دەیانەوێت دامودەزگای حکومەت‌و کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و سکۆلار لە کوردستان بنیات بنێن، دەبێت لەپێش هەموو شتێکەوە سەرجەم دامودەزگاکانی سەربازیی‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و دادگاو دارایی بە یاسایەک لەژێر دەسەڵات‌و کۆنترۆڵی حیزب ئازادو سەربەخۆ بکرێن، تەشکیلات‌و کاری حیزبایەتی بە یاسایەک قەدەغەو یاساغ بکرێت لەناو ئەم هێزە سەربازیانەدا، دەبێت دەسەڵاتی تەواوی حیزبەکان لەناو دامودەزگاکانی سەربازیی‌و پۆلیس‌و ئاسایش نەمێنێت‌و کاری تەشکیلاتی حیزبی لەناو ئەو دامودەزگایانەدا قەدەغە بکرێت، ئەم دامودەزگایانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، دەبێت بکرێنە دامودەزگای سەربەخۆو کاریگەریی‌و دەسەڵاتی هیچ حیزبێک لەناو ئەم ئۆرگانانەدا نەمێنێت، دەبێت یاساو دادگاکان بەتەواوی سەرووەرو سەربەخۆبن، دەبێت دادوەرەکان کەسانی غەیرە حیزبی بن‌و بەتەواوی لەژێر دەسەڵات‌و کاریگەریی حیزبی ئازادو سەربەخۆبن لە بڕیاردان، هەر کاتێک یەکێتی‌و پارتی ئەم کارەیان کرد ئیتر دەتوانن بڵێن حکومەت‌و حیزب لێک جیاکراوەتەوەو ئیدارەیەکی یەکگرتوومان هەیە، ئیتر دەتوانن بڵێن سیستم‌و دەسەڵات لە کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوەدەچێت.

* ئەوەی پارتی‌و یەکێتی کردوویانە سەبارەت بە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، هەنگاوێکی زۆر سەرەتاییەو دەکرا (١٦) ساڵ بەر لەئێستا ئەم کارەیان بکردایە، ئەگەر نەیان کردووە، ئامانجەکان زۆر ئاشکراو رۆشنن بۆ هەموولایەک، ئەم هەنگاوەی ئێستای ئەم دوو حیزبە لەژێر پاڵەپەستۆو فشاری سیاسیی دەوڵەتی ناوەند روویداوە، ئەمە زیاتر کاردانەوەیکی تاکتیکییەو بەرژەوەندییەکانی باڵای نیشتمان‌و پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕین‌و بەرهەم‌و خەرمانی خوێن‌و خەباتی خەڵکی کوردستان، پێویستی بە بڕیارێکی لێبڕاوانەترو ستراتیژی‌و چارەنووسساز هەیە، پشتگوێخستنی ئەم مەسئولیەتە لەماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا بە پلەی یەکەم هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لێی بەرپرسیارن، دەکرا لەماوەی ئەو (١٨) ساڵەدا کە کوردستان ئازادو سەربەخۆ بووە زۆر کاری باشتر بکرێت، بەڵام بەرژەوەندی شەخسی‌و حیزبی رێگا بەو دوو حیزبە نەداوە، لەماوەی رابردوودا زۆر فرسەتی زێڕینمان لەدەستچووە، کە ئێستا بواری قەرەبووکردنەوەیان نەماوە.

* کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە راگەیاندراوە، بەڵام هەر کاتێک ئەم دوو حیزبە بیانەوێت جارێکی دیکە هەڵی دەوەشێننەوەو لێکی جیادەکەنەوە هەروەک لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٦ روویدا، مەسەلەکە ئەوەیە کە دامەزراوەکانی حکومەت، بەتایبەتیش هێزە سەرەکییەکانی وەک دادگاکان‌و سەربازیی‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و دارایی سەربەخۆنین، بەڵکو راستەوخۆ لەژێر فرمانی حیزبدان، یەکێتی‌و پارتی راستەوخۆ لە رێگای حیزبەوە ئیدارەی حکومەت بەڕێوەدەبەن‌و هەر کاتێکیش ئەم دوو حیزبە بیانەوێت، هێزەکانی سەربازیی‌و پۆلیس‌و ئاسایش‌و دادگاکان‌و دارایی لێک جیادەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەم ئۆرگان‌و هێزانە (١٠٠٪) حیزبین‌و بەشێوەیەکی یاسایی نەکراونەتە دامەزراوەیی حکومی، هەردوو حیزب بەشێوەی ئۆرگانێکی حیزبی چوونەتە ناو حکومەتەوە، کەواتە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە زەمانەت‌و مەرجی سەرەکی بۆ یەکخستنەوەی هەردووئیدارە لەپێش هەموو شتێکەوە لە گرەوی ئەوەدایە، ئەو هێزە سەرەکیانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە دەبێت بە یاسا بکرێنە دامودەزگای حکومی‌و لەژێر دەسەڵاتی حیزب، ئازادو سەربەخۆ بکرێن.

*لەژێر فشاری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی عێراق‌و ناوچەکەدا، پارتی‌و یەکێتی بۆ ئەوەی نەکەونە پەراوێزی رووداوەکان، جۆرێک لە یەکهەڵوێستی‌و یەکدەنگی ئەم دوو حیزبەیە یان لە سیاسەتی روو بە دەرەوەیاندا ئارایش‌و نمایشکردووە، جگە لە وەزارەتی دارایی هەموو وەزارەتەکانیان یەکخستووەتەوە، گوتاری رۆژانەیان سەبارەت بە چارەنووسی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبەو پێشهاتە سیاسییەکانی ئایندەی عێراق‌و کوردستان بەشێوەیەکی هەمەئاهەنگ کاری لەسەر دەکەن‌و دەیبەنە پێشەوە، زۆر جیاواز لە سیاسەتی رابردوویان ناکۆکی‌و ململانێکانی ناوخۆیان وەلاناوە، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان، ئەم دوو حیزبە بڕیاریانداوە بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

* یەکێتی‌و پارتی لەدوای رووخانی رژێمی بەعس بەشێوەیەکی زۆرباش لە دەوڵەتی ناوەندو لە کوردستانیش جێگاو رێگای دەسەڵاتی خۆیان قایم کردووە، لەماوەی رابردوودا ئەم دوو حیزبە بەشێوەیەکی یەکسان سەرچاوەکانی دەسەڵات‌و خێرو بێری ئەم وڵاتەیان لەنێوان خۆیاندا بەشکردووە، لە ململانێی هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، ئەم دوو حیزبە رکەبەرێکی ئەوتۆیان نەبووەو لەماوەی (١٨) ساڵی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا هەمیشە لە دەسەڵاتی حکومەتدا بەشی شێریان هەبووە.

* لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستاندا بڕیاروایە چەندین لیستی جیاوازو سەربەخۆ بەشداری بکەن، پێشبینی ئەوەش دەکرێت هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئاڵوگۆڕێکی جدیی لە هاوکێشەی سیاسیی کوردستان بهێنێتەدی‌و دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتی لە پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر کەمبکاتەوە، قبوڵکردنی دەرئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕانە بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کارێکی ئاسان نییەو لەگەڵ حوکم‌و دەسەڵاتی لەو جۆرە رانەهاتوون، هەر بۆیەش یەکێتی‌و پارتی زۆر بە جدیی هەست بەو مەترسییانە دەکەن‌و لەم قۆناغەدا هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان خستووەتە لاوە.

* لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەشدا، پارتی‌و یەکێتی دەبێت پرەنسیپەکانی دیموکراسی‌و فرەیی قبوڵ بکەن‌و رێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە، عێراق وڵاتێکی پڕ خێرو بەرەکەتەو بەشێکی گەورەی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنان پێکدەهێنێت لە سیستمی ئابووری جیهانیدا، هەربۆیەش ئەم وڵاتە جێگای بایەخێکی زۆرە بۆ وڵاتانی بڕیار بەدەستی جیهانیی، لەسەرووی هەمووشیانەوە دەوڵەتی ئەمریکا، ئیتر نە پارتی‌و یەکێتی نە هیچ هێزێکی دیکە لە عێراق‌و کوردستان ناتوانن بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسییەکانیان لە دژی یەکتری دەست بۆ چەک ببەنەوە، هەر هێزێک ئەگەر بیەوێت لەم راستییە لابدات‌و سەرپێچی بکات‌و پشێویی‌و ئاژاوە دروستبکات لە ناوچەکەداو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە، دەکەوێتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە.



# بۆچی نەوشیروان مستەفا؟

هیوا محەمەد

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی لە باشووری کوردستان دابەشبووە بەسەر دوو ناودا (مەلاییو جەلالی)، بەپێی ئەو بناغە داکوتانەش کە لەم چەند ساڵەی رابردووەوە هەردووکیان هەوڵیان بۆ داوە، واپێدەچێت (گەر رێگا بدرێن) بۆ (٥٠) ساڵی دیکەش حوکمڕانی وڵاتو حیزبیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبێتو نەهێڵن لە دەرەوەی بنەماڵەی خۆیان بچێتەدەر، کەوابوو دەتوانین بڵێین خەباتی میللەتێکو سەدان هەزار قوربانی بۆ کردنی کوردستان بە پاشایەتی بوو، بەڵام بە خاوەنێتی دوو پاشا، چونکە هەر لە پاشایەتیدا وەک سعودیەو ئەردەنو کوەیتو قەتەرو بەحرەین حوکمی وڵات بەدەست بنەماڵەوەیە یان لای دوو وڵاتی وەک سوریاو لیبیا، پێویست ناکات بەناو دەستنیشان بکەین، چونکە هەموان دەزانین کوڕو خزمە نزیکەکانی هەردوو سەرۆک چ رۆڵێکیان هەیە، لە ساڵی ١٩٦٥وە لەژێر سایەی رەوتی سیاسیی ئەماندا ئامانجە سەرەکییەکان بەدی نەهاتوون، وەک دیاریکردنی سنوور (نەخشە) کە خانەقین تا سنجار دەگرێتەوە، بەڵام بە ملیونلێرکردنی خۆیانوکەسە نزیکەکانیان هاتووەتەدی، ئەگەر لێشیان دەپرسی ئەوەتان لەکوێ بووە، دەڵێن ئێمە سەر بە عەشیرەت بووینو ماڵو موڵکی خۆمان هەیە، یا دەڵێن ئەوانە کاری سیاسیشیان نەکردایە هەر دەوڵەمەند دەبوون، کەواتە (من این لک هـذا؟) نایان گرێتەوە، جا بۆئەوەی چیدی ئاسنی سارد نەکوتینو ئێمەش لە بەروبوومی خەباتو سامانی وڵاتمان بحەسێینەوەو چی دی بێ (کارەباو خوێندنگاو نەخۆشخانەو شارستانی)و هەموو خۆشگوزەرانیاکانی دیکە نەبین، ئەوە دەبێت کارێک بکەین کەسێک رابەرایەتی بکات کە سەر بە عەشیرەت نەبێتو سبەینێ پێمان نەڵێت لە باوانمەوە بۆم ماوەتەوە، هەروەها دەبێت کەسێک بێت کە رووناکبیرو رۆشنبیریش بێت نەک هەر سیاسەتمەدار، باشترە لە رێگای نووسینەوە هاتبێتە ناو مەیدانی خەباتو باوەڕی بە مافی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ هەبێت، هەندێک دەڵێن نەوشیروان مستەفاش وەک ئەوانی دیکە لەناو بێشکەی ئەواندا پەروەردە بووەو لەوان باشتر نابێت، باشە خۆ سکرتێرو سەرۆکی حیزبەکانی دیکەش هەر لەو بێشکەدا پەروەردە بوون، بۆ بۆ ئەوان رەوایە چەندین ساڵە بەناوی بودجەی حیزبەوە پارە دەخۆنو بێدەنگیان هەڵبژاردووە، بەڵام رەوا نەبێت لەسەر بناغەیەکی زانستیانەو بە هاوڕێیەتی سەدان کەسی لێهاتووی رۆشنبیرو خاوەن خەباتو ئەزموون، بیر لە دامەزراندنی لیستێکی دیکە بکەنەوە بۆ گۆڕان، گۆڕانێک کە رۆڵەکانی گەل پشت بە (شەهادە)و تواناکانیان، حوکمی وڵات بگرنەدەست، نەک لە رێگای باوکە دەوڵەمەندەکانیانەوە، با تاکی کورد بگاتە ئەو باوەڕەی کە دەتوانێت بە هەوڵو خەبات خۆی بگەیەنێتە لووتکەو ئەوەی پێیەتی بۆ وڵاتەکەی ئەنجامی بدات، من ئەگەر بزانم قەد ئەو جێگایەی سەرۆک تاپۆی کردووە چۆڵی ناکاتو تا کوڕەکەیو نەوەکەی مابێت نایدات بە کەس، ئیتر بۆ خەباتی من لەو حیزبەدا چ ماناو لێکدانەوەیەک هەیە؟ ئەی ئەوانەی مەکتەب سیاسیی چی بە خۆیان دەڵێن کە هیچ کات ناوێرن خۆیان بۆ سەرۆکایەتی حیزب کاندید بکەن؟ کێ دەتوانێت پێمان بڵێت وانییە، بەندە یەکێک بووم لەوانەی کە گلەییم هەبووە لەوەی کە نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی هەندێک شەڕی کردووە کە هی یەکتر کوژی بووە، بەڵام ئایا دەستەو حیزبی بەرامبەر لەوانەی ئەو شەڕی لەگەڵ کردوون، ئێستا چینو لە کوێن؟ ئایا لەو کاتانە مام جەلال خۆی بەرپرسی یەکەمی حیزب نەبووە؟ ئایا عەزیز محەمەدو مەسعود بارزانیو حەمەی حاجی مەحمودو ئەوانی دیکە کە (تەرەفێک) بوون لە شەڕ، دادگایی کراون؟ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ئێستا بە پێشمەرگەی دێرین یان ئەیلول ناوزەد دەکرێن، ئەوانە نەبوون کە شەڕەکانیان بەڕێوە دەبرد؟ ئێمە هەموو بەشداربووین، ئیتر چی وادەکات ئەمڕۆ هەموو تاوانی شەڕی براکوژیی لەدوای چەند ساڵ بێدەنگیو کپکردنی لەسەری (نەوشیروان مستەفا)دا بشکێندرێت؟ هەندێک پێشمەرگە بەشداربوون بەدەیان کەسیان لە شەڕەکاندا کوشتووەو ئێستاش خۆی بە تاوانبار نازانێتو دەڵێت سیاسەتی حیزبم پەیڕەو کردووەو بەرپرسی شارێکیشەو دادەنیشێت داکۆکی لە پەیمانی ستراتیژی دەکات، ئەی بۆ دەبێت بۆ کەسێکی دیکە کە بەتەنیا ئەو بەرپرس نەبووبێت، بەڵام تاوانباری یەکەمو کۆتایی بێت؟ ئەوانەی دەیانەوێت لەژێر ئەو دروشمانە کە لەکاتێکدا سەرهەڵدەدات (لیستی گۆڕان) بەڕێوەیە بیکەنە پڕۆپاگەندە لە بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتدار، بابچن داوای ئەو ناوانە بکەن کە ناوەندی چاک لە رابردوویەکی نزیکدا بڵاویکردنەوە کە زیاتر لە (٢٠٠) کەسی کۆنە مستەشارنو ئێستا لای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پلەو پایەیان هەیە، هەموو سەرکردایەتی کورد لە کوردستان دان دەنێت بەوەدا کە گەندەڵو کەموکورتی هەیە، بەڵام تەنیا بۆ قسە بەڵێن دەدەن کە چارەسەری بکەن، هەمووشمان دەزانین هەر لە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانو ئەندامانی مەکتەب سیاسیی هەردوولا لە دەیان بۆنەدا (لەماوەی چوار ساڵی رابردوو)، بەتایبەت دانیان بەوەدا ناوە کە کەموکورتی زۆرەو گەندەڵی ئیداریش هەیە، ئەی بۆ نەتوانرا بڕێکی چارەسەربکرێت تا ئێمەش بژین، دیارە دەیانەوێت کاری بۆ بکەن، ئەمڕۆ لە هەفتەیەک لەمەوپێش خراپترە گەندەڵیو (قۆرغکردنەکە)و دەستخستنە ناو یاساو دادگا تا دێت چڕتر دەبێتەوە، ئەویش بەوەی زۆر شت لەسەر زاری کەسە باڵادەستەکانەوە درکێندراوە، حیزبی کۆماریو دیموکرات لە ئەمریکا ململانێی شەریفانە دەکەن بێئەوەی کەسێک ئازاری بدرێت یان هەڕەشەی لێبکرێت هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەنو کۆتاییەکەشی پەسەنددەکەنو حوکمی وڵاتیش پێکەوە دەکەن. ئێستا ئەگەر نەوشیروان مستەفاش نەبوایە بارودۆخەکە کەسانێکی دیکەی دروستدەکرد، تا هەستن بە دروستکردنی لیستێک بۆ هەڵبژاردنو رێکخراوێک بۆ گۆڕان، بۆیە دەتوانین بڵێین لیستی گۆڕان پێویستییەکی مێژوویی دەیهێنێتە کایەوەو لیستی گۆڕینو رزگارکردنو بووژانەوەو بنیاتنانو پێشکەوتنی کۆمەڵ دەبێت.

> **بۆیە دەتوانین بڵێین لیستی گۆڕان پێویستییەکی مێژوویی دەیهێنێتە کایەوەو لیستی گۆڕینو رزگارکردنو بووژانەوەو بنیاتنانو پێشکەوتنی کۆمەڵ دەبێت**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا (١٠٥)**

پرۆژە: بە کرێگرتنی یەک ئوتومبیل بۆ لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆژە لە تەکیە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٤/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٢- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٣- پێویستە بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٤- ئەو شۆفێرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتیان پێبدرێت بۆ ساڵی نوێ.
٥- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٦- هاوپێچ فۆڕمی بەکرێگرتنی ئوتومبیل.
٧- ئەرکی چاککردنی ئوتومبێلەکە ئەکەوێتە ئەستۆی خاوەن ئوتومبێل وەدەبێت ئوتومبێلەکە بە باشی کاربکات و مۆدێلی لە (٢٠٠٥) کەمتر نەبێت.
٨- ئەو شۆفێرەی کە ئوتومبێلەکە لێ دەخورت دەبێت مۆڵەتی لێخورین (اجازە)ی هەبێت و پڕکردنەوەی تەندەر بە هەمان ناوی ساڵنامەی ئوتومبێل دەبێت و گرێبەست لەگەڵ ئەو دەکرێت.
٩- بەشداربوو مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**ونبوون**

باجێکی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی یاسای رامیاری بەشی یاسا (ئێواران) بەناوی (زانا محمد احمد) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٢١٦٧٠٨٥)

---

وەزارەتی داد
دادگای بەرایی دوکان

ژمارە: ١٩٧/ب/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٤/٢٠

**(ئاگانامە)**

داواکار: عمر عبداللە صابر/ بە ولایەتی کچە ناکامەکەی/ ئانیا
داوالێکراو: راستگری تۆماری باری شارستانی لە دوکان وێڕای کارەکەی
داواکار (عمر عبداللە صابر) داوای ژمارەی سەرەوەی لە دادگاکەمان تۆمار کردووە بۆ ناوگۆڕینی (کچە) لە (ئانیا) وە بۆ (شاجوان) بۆیە بڕیارماندا بە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەیەکدا بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی، جا هەرکەسێ مافی رێگرتنی (اعتراض) هەیە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگانامەیە سەردانی دادگاکەمان بکات بەپێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**کامران حسن فرج**

---

هەرێمی کوردستان /عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرای هەڵەبجە

ژمارە /١٨٨/ب/٢٠٠٩
بەروار/٢٠٠٩/٤/١

**بابەت /ئاگانامە**

داواکار/خنسا محمد شریف عبدلقادر
داواکار خنسا محمد شریف عبدلقادر داوایەکی بەو ژمارەی سەرەوە تۆمارکردوە بۆ (گورینی ناوی خۆی ) لە (خنسا)ەوە(تۆلاز )وەبەپێی مادەی (٢١)لەیاسای باری شارستانی دادگا بریاری دا بە بلاوکردنەوەی داواکەی لەرۆژنامەیەکی ناو خۆدا جاهەرکەسێک مافی رێگرتنی هەیە باپەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لەماوەی (١٠)رۆژدا لەپاش بلاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا بەپێجەوانەوە دادگاداواکە دەبینێت بەگوێرەی یاسا

**دادوەر**
**قادر محمد نوری**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – ednan.osman@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# ئەندام پەرلەمانەکەی باڵەکایەتی وبێدەنگیی هەمیشەیی!؟



**شوان وەسانی**

دەمـێـک بـوو گوێچکەم ئاواتی بیستنی دەنـگی نوێنەرەکەم بوو، زەمەنێکە چاوم بڕیوەتە شاشەی تیڤییەکان ببینم، بـۆ تـاکـە جارێ نەمبینیو نەمبیست باڵەکایەتی لە دەمی ئەندام پەرلەمانەکەیەوە ناوی بهێنرێت، خۆزگەم دەخواست باڵەکایەتی وەکو هەڵەبجەو تەواوی گەرمیان لەناو پەرلەماندا موناقەشەی رۆژە سەختەکانو راگواستنو ئاوارەییو جادە خۆڵەکانی بکرێت، چونکە باڵەکایەتی لەسایەی کارگە قیرەکەی، گوندەکانی رێگاوبانیان خۆڵە، خۆزگەم دەخواست رۆژێک بێتو باڵەکایەتی وەکو رێگاوبانەکانی قەڵادزێ لەناو پەرلەماندا پەنجەی بخرێتە سـەر، کـە لـەدوای باسکردنی لەلایەن نوێنەری ناوچەکەوە هەمووی نۆژەنکرایەوە، ئاواتم بوو ئەندام پەرلەمانەکەم لە بەسەرکردنەوەیەکدا کتێبێکی پێشکەشی کتێبخانە خنجیلانەکە بکردایە، کە لە مێژووی باڵەکایەتیو بۆ یەکەمجار لە گوندێکدا چەند گەنجێک لەسەر ئەرکی خۆیانو بە سواڵکردن لە ئەمو ئەو دروستیانکرد، چاوم بڕیبووە ئەو رۆژەی چەند ماڵە شەهیدو هەژارێکی ناوچەکەی خۆت بەسەربکردایەتەوەو لە بژێویی ژیانیان پرسیار بکردایە، ئاخۆ ژیانی هاوڕێ رۆژە سەختەکانت لەسایەی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەتدا چۆن دەگوزەرێت، رۆژەکانی تەمەنی نوێنەرەکەم ئەژمار دەکرد، بەڵکو ئەو رۆژە بێتو تۆ ببینم بۆ کارەبایەکی کارۆئاوی بەرەو باڵەکایەتی هەنگاوبنێی، کە لافـاوەکـەی پارساڵ تاریکستانی لە سیانزە گوندی باڵەیان دروستکرد! ئێستا ئەمانە خەڵکی گوندەکان خۆیان کردیانو بە سوپاسیشەوە ئەندام پەرلەمانەکانی ناوچەکانی دیکە هەم بۆ بەدواداچوونو هەمیش بۆ مەراسیمەکانیان ئامادەییان هەبوو لە ناوچەکەدا، بەڵام کاک ئیسماعیل مەحمود تۆ کە لە باڵەکایەتی ژیـاویـتو خەڵکی ناوچەکەیت، تاکە پۆستێکی بەرزی ئەم ناوچەیە کە یەکێتی نیشتمانی بە تـۆی داوە بۆ گەیاندنی دەنگەکانی خەڵکی ئەم دەڤـەرەو دەیان کێشەی دیکەیە کە لە پەرلەماندا موناقەشە بکرێت، تۆش وەک هەر ئەندامێکی دیکەی پەرلەمان بۆت هەبوو باسی ناوچەکەی خۆت بکەیتو کەموکوڕییەکانی ببینیت، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی حیزب بۆ مەڵبەندەکان، خوا هەڵناگرێت ماندوویت پێوە دیاربوو، بەردەوام ناوچەکەت چۆڵنەکرد، کەچی بۆ پۆستە دیارو راسپێردراوەکەت تائێستاش کە هەڵبژاردنێکی دیکە بەڕێوەیە، تۆ بە کرومات لە پەرلەمانی کوردستان لێی دانیشتووی، نوێنەرە بەڕێزەکەم نازانم لەماوەی تەمەنی ئەندامێتیدا باسی کامە دانیشتنی پەرلەمان بکەم کە تۆ پەنجەت بۆ کەموکوڕییەکانی ناوچەکەت درێژکردبێت، نازانم باسی کام سەردانت بۆ ناوچەکە بکەم، بەڵام هیوادارم بە رۆحێکی وەرزشی لێم قبوڵ بکەیت کە لەم چەند ساڵەی ئەندامێتیدا نەتتوانی ئەو گرێکوێرانەی ناوچەی باڵەکایەتی بکەیتەوەو بیانخەیتە ناو باسەکانی پەرلەمانەوە، چونکە ئەو خەڵکە مەزڵومەکە کە تۆ نوێنەریان بوویتو بە هاوکارییو بوونی ئەم جەماوەرەو رۆژانی سەختی خەبات، تۆ لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نوێنەرمانیت، لەکۆتایی تەمەنی ئەمجارەی پەرلەمانو کۆتایی ئەرکەکەتدا، هەقە دان بەوەدابنێین کە تۆ ناتوانیت ئەرکەکەی خۆت بەجێبگەیەنیت، چونکە باڵەکایەتی دوبەی کوردستان نەبوو هیچ کێشەی نەبێت!

shwanwasan@yahoo.com

# سەرکردەو هێڵی سوور



**ساڵح ژاژڵەیی**

هێڵی سـوور زۆر چەمکو رەهـەنـدی جـیـاوازی هەیەو بـۆ مـەبـەسـتـی جـۆراوجـۆر بـەکـاردەهـێـنـرێـت، خیانەتی نیشتمانیو سیخوڕیکردن بۆ دوژمـنو سازشکردن لەسەر مافەکانی گەلێک، ئەمانە چەند نموونەیەکن لەسەر هێڵی سوور نابێت بەهیچ شێوەیەک ببەزێنرێنو سازشیان لەسەر بکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هێڵی سوور بۆ مەبەستی زۆر جیاوازتر لەوانەی کە باسمکردن بەکاردەهێنرێت.

بەڕێز د.بەرهەم ساڵح لە زۆر بۆنەداو لە لێدوانەکانیدا کە باس لە کێشەو گرفتەکانی ناو یەکێتی دەکـات، بەڕێز مام جـەلال یان یەکێتی دەکاتە هێڵی سوور، ئەگەر بەڕێز مام جەلال بەشێک بێت لە کێشەکانی ناو یەکێتیو بکرێتە هێڵی سـوور، چۆن دەتوانرێت کێشەو گرفتەکانی ناو یەکێتی چارەسەربکرێن؟.

لە راستیدا هێڵی سوور لەم حاڵەتەدا بە مانای دانانی بەربەستە لـەبـەردەم چـارەسـەرکـردنـی کێشەکانو مانای رێگرتنە لە رەخـنـەگـرتـنو لێپرسینەوەو بـەدواداچـوونو ئەنجامدانی چـاکـسـازیـیو پـاکـسـازیـیو نەهێشتنی گەندەڵی، بە مانای دانانی بەربەستە لەبەردەم گەشەکردنو بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی دیموکراسییو شەرعیەتدانە بە درێـژەپـێـدانـی دەسـەڵاتـی تـاکـەکـەسـیو هێنانە کایەی سیستمی دیکتاتۆرییو رێنەگرتنە لە گەندەڵیو رێگا نـەدانـە بە گۆڕانکاری.

ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێز مام جـەلال پرۆژەیەکی خستەڕوو بۆ چاکسازییو جیاکردنەوەی دەسـەڵاتـی حیزبیو حکومی لەیەکتری، بـەڵام تائێستا بە کـردەوە هیچ شتێکمان نەدی لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە حیزب زیاتر دەستدەخاتە بینەقاقای حکومەتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا زۆر بە گرنگی دەزانم کە باسی بکەم ئەوەیە، ئەو بەرپرسانەی کە ئێستا پۆستی حیزبی یـان حکومییان هەیە ئەوکاتەی کە لە شاخ پێشمەرگە بوون، نموونەی پیاوی دەستپاکو دڵـسـۆزو داوێـنـپـاک بـوونو جێگای رەزامەندی هەموولایەک بـوون، بـەڵام هـەر ئـەوانـە کە ئێستا کاربەدەستی حکومی یان حیزبین زۆر بەخراپی باسیان دەکەنو کەس لێیان رازی نییە، بە بۆچوونی من ئەوە هۆکاری خراپی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتە نەک کەسەکان خۆیان، لەبەرئەوەی سیستمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان ئەوەندە خراپە هەر کەسێک بچێتە بازنەی سیستمی ئەو کارکردنەوە خراپ دەبێتو ناوی دەزڕێت.

ئێمە ناتوانین چاکسازییو پاکسازیی بکەین لە رێگای گۆڕینی دەموچاوەکانەوە، بەڵکو دەتوانین ئەوە بکەین لە رێگای گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردنەوە، کاتێک کە سیستمی کارکردنەکە باشکراو خرایە سەر سکەی خۆی، هەموو ئەوانەی لەو بازنەیەدا کاردەکەن گۆڕانیان بەسەردا دێتو چاک دەبن، نە کەس دەتوانێت کاری خراپ بکاتو نە کەسیش مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکرێتو سوکایەتی پێدەکرێت.

سیستمی بـەڕێـوەبـردن لە هەرێمی کوردستان شێوەی هەڕەمی هەیەو کەسی یەکەم هەمیشە لـەسـەری سـەرەوەی هەڕەمەکەیەو خاوەنی دەسەڵاتو بڕیارە، بۆ ئەوەی هەمیشە کەسی یەکەم بێتو کـەس نەتوانێت قسەی لە قسەدا بکات، نـاوە ناوە هەڵکشانو داکـشـان بە بەرپرسەکان دەکات.

لـە کـۆبـوونـەوەی رۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٨ شاری هەولێر بەڕێز د.بەرهەم ساڵح تورەیی زۆر بە قسەکانییەوە دیار بوو، کاتێک کە دەستی بـەرزکـردەوەو دەیوت: «لە کەسی قبوڵ ناکەین ریزەکانی یەکێتی تێک بداتو چاکسازییو پاکسازیی لەژێر چەتری بەڕێز مام جەلالدا ئەنجامدەدەین».

سەرەتا دەڵێم خوا ئەوە بگرێت ریزەکانی یەکێتی تێکدەداتو چاکسازییو پاکسازیی بەلاوە خراپە، بەڵام تائێستا کەس دەستی کەسی نەگرتووە چاکسازیی بکات، ئەگەر مەبەستی لێدوانەکەی بەڕێز د.بەرهەم لایەنێکی دیکە بێت کە رێگرە لەبەردەم پرۆسەی چاکسازیدا، گریمان ئەو لایەنە منمو لە وەڵامـدا دەڵێم بەڕێزم ئـێـوە خـاوەنـی داهـاتـی زۆرو پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو خاوەنی دەسـەڵاتـنو دەتوانن خەڵک دامەزرێننو خەڵک لابەرن، زەویو پارەو دەمانچەو مۆبایلو زۆر شتی دیکە دەبەخشن، بەڵام من هیچ کامێک لەوانەم نییەو جەماوەری من لە جەماوەری ئێوە زیاترە، لەبری ئەوەی تورە ببنو هەڕەشە بکەن، پرسیارێک لە خۆتان بکەنو بزانن هۆکار چییە ئێوە لە جەماوەر دابڕاون؟ ئەوکاتە دەتوانن چارەسەری کێشەکان بکەنو سەرکەوتوو دەبـن، هـەمـوومـان خۆشحاڵ بووین بە هاتنەوەی کەسێکی رۆشنبیرو خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی بەرزی وەکو بەڕێز د.بەرهەم لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکرد کە گۆڕانکاری گەورە بکات لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامـودەزگـاکـانـی حکومەتدا، چـاوەڕوانـی ئەوەمان لێدەکرد میکانیزمی چارەسەرکردنی گەندەڵی دەستەبەر بکات، بەڵام ئێستا خۆی لەناو ئەو سیستمە ناتەندروستو گـەنـدەڵـەی لە کوردستاندایەو بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرگری لەو سیستمە دەکات.

ئێستا د.بەرهەم خۆی دیارییو بەخشیش بـەسـەر سـەرۆکو خێڵەکاندا بەشدەکاتو هەوڵی لەو رێگەیەوە بەدەستهێنانی دەنگەکانیان دەدات، لەبری بەخشینەوەی دەمـانـچـە کە هەموومان دەزانـیـن ئـەوە بۆ کوشتنی مرۆڤە، باشتر نەبوو کۆمپیوتەر بکڕن بۆ زانکۆو پەیمانگاکان؟ بەڕێز د.بەرهەم دەتوانیت حاشا لە (٣٥) ملیۆن دۆلار بکەیت کە مانگانە لە بودجەی هەرێم کە بۆ یەکێتی دادەنرێتو (٥) ملیۆن دۆلار یارمەتی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگەو ئەو هەموو داهـاتـی گـومـرگـو فرۆشتنی نەوتی خاوو پارەی گرێبەستە نەوتییەکان کە بەشی یەکێتی لە (٦٠٠) ملیۆن دۆلار زیاترە؟ کۆی هەموو ئەمانە مانگانە نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلار دەکات ئەگەر داهاتی کۆمپانیاکانی نۆکانی یەکێتیشی بخەینە سەر، هیچی ناچێتە سەر بودجە، ئەگەر ئێوە راستگۆن لەگەڵ ئەم میللەتە ئەم پارانە دەچێتە لای کێو چۆن خەرجدەکرێت؟ لەکاتێکدا ئەم هەموو پارانە بە تاڵان دەبرێن کە موڵکی ئەم میللەتەن، (٤٠٠) ماڵە شەهید لە شاری سلێمانی کرێچینو نزیکەی (٤٠٠) ماڵە ئـــاوارەی کەرکوکیش لەناو یاریگایەکدان، قوتابخانە هەیە لە دەڤەری مەرگە لە مزگەوتدایەو قوتابخانەی گـونـدی چیمەن لـە چـــادردا بـوو ئـەویـش با بـردی، زۆربـەی هـەرە زۆری قوتابخانەکانی نـاو شارەکان سێ دەوام کەمتری تێدا نییەو ئاوەڕۆی زێرابەکانی شارۆچکەی دوکان دەچێتە ناو زێکەو تێکەڵ بـەو ئـاوە دەبـێـت، کە دێـت بۆ شاری سلێمانیو بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێت.

رۆژی ٤/ ٤/ ٢٠٠٩ کە قوتابی قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان لە تـەلاری هونەر کۆکرانەوەو زۆربەیان تاقیکردنەوەیان هەبوو، ئەمەش تەنیا بۆ مەرامی حیزبیو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو، دەپرسم چ پەیامێکی خۆشتان پێ بوو بۆ هەموو ئەو خوێندکارانەی کە ساڵانی پێشوو زانکۆیان تـەواو کـردووەو ئەوانەشی کە ئەمساڵ خوێندن تەواودەکەنو دانامەزرێن؟

شانازی بە کام دەستکەوتی ستراتیژییەوە بکەین کە ئێوە لە بەغدا بۆ کوردتان وەرگرتووە؟ تەنیا لەبەرخاتری چەند پۆستی سیاسیی بێبایەخ، هەر کە چوونە بەغدا بانی مەقانتان کردە سنووری هەرێمی کوردستانو بەشێکی زۆری خاکی کوردستانتان خستە راپـرسـیـیـەوە، ئەگەر کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی لێدەرچێت کە خۆمان دۆڕاندمان، ئـەی دەستکەوتە گرنگەکانی دیکە کامانەن کە بە دەستتان هێناونو ئێمە نایزانین؟ بەپێی زانیاری گۆڤاری لڤین لەماوەی (٤) ساڵدا (٢٤) ئەندام پەرلەمان یەکجار قسەیان نـەکـردووەو مانگانە (٢٥) ملیۆن دینار لەسەر حسابی کورد مووچە وەردەگرن، بەشێکی زۆری ئەوانەی کە لە بەغدان، نەک سوودیان هەبووە زیانی زۆریشیان بە دۆزی کورد گەیاندووە.

ئێستا کاتی هەڵبژاردنەو کـەوتـوونـەتـە بەخشینەوەی پـارەو دەمانچەو دابەشکردنی زەوییو دامەزراندنی ئەمو ئەو، بەڵام لەولاشەوە ئاو و کارەبا نییە، هەموو ئەو پارانەی بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنرێت موڵکی ئەم میللەتەیەو ئێوە زەوتتان کردووە، لەبری خەرجکردنی بۆ خزمەتگوزاری ویژدانی خەڵکی پێدەکڕن، دەتانەوێت ئەمجارەش دەنگی خەڵکی بەدەستبهێنن بۆ ئـەوەی شەرعییەتتان هەبێت بۆ بە تاڵانبردنی سامانی وڵات نـەک بۆ خزمەتی هاوڵاتییان، من تێناگەم بۆچی هەر لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئاوا دەستتان کراوەیەو دەستکراوە دەبن؟

گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵێک بـەرپـرس هـەن چـاوەڕوانـی رۆژێکی لەم شێوەیەن بۆ ئەوەی دەستی خۆیان بوەشێنن،

بەڕێزم جەنابی د.بەرهەم دەتەوێت ئەمو ئەومان لێبکەیتە هێڵی سـوورو پاشا گەردانی هـەر بـەردەوام بێت؟ دەبوایە سازشکردن لەسەر کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بکەنە هێڵی سوورو نەیانخەنە راپرسییەوە، نەک ئەمەی کە جەنابت مەبەستتە، بەپێچەوانەی ئێوەوە لەماوەی سـەرۆکـایـەتـی (٣) سـەرۆک وەزیـــری عـــەرەب عـەلاویو جەعفەرییو مالیکیدا، کەرکوک کرایە هێڵی سوورو سازشیان نەکردو رازی نەبوون بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

کورد لە بواری دیبلۆماسیدا تێشکاوەو لە ئاستی سفردایەو دۆستایەتی زۆربەی لایەنەکانی لە دەستداوە، لەسەر ئاستی ناوەوە جەماوەر بڕوای بەم دەسەڵاتە نـەمـاوە، ئـەوانـەی دەسـەڵات بەڕێوەدەبەن تەنیا بیر لە خۆیانە دەکەنەوە.

یەکێتی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایەو نزیکە بە یەکجاری هەڵبووەشێتەوە، کۆمەڵێک بـەرپـرس هـەن لەبری ئـەوەی هەوڵبدەن یەکێتی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، هەوڵدەدەن دەستکەوتی تایبەتی خۆیان هەبێت، تائێستاش ئەوەی دەتوانێت یەکێتی لە مردن رزگـار بکات بەڕێز تاڵەبانییە، ئەگەر تاڵەبانی بە پەرۆشەوەیە بۆ مانەوەی یەکێتی، باشترین رێگا ئەوەیە واز لە پۆستەکەی بهێنێتو وەک سکرتێری گشتییو رێگای دووەم نییە، زۆرن ئەوانەی دژی ئەوەن تاڵەبانی دەستبەرداری پۆستەکەی ببێتو دەیانەوێت زۆرترین سامان کۆبکەنەوەو دواجـار ببنە خاوەنی یەکێتی، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەو ئاواتەیان نایەتەدیو دەبێتە خەونی شاعیرانە.











چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ئابووری
رۆژنامە

ژمــارە (452) | چوارشەممە 2009/4/22 | aburi.rozhnama@gmail.com


نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا، لە (١٦٠) هەزار دینارەوە بەرزبوووەوە بۆ (١٦٦) هەزارو چاودێرانیش هۆکاری ئەو بەرزبوونەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ زیادبوونی خواست لەسەر ئاڵتون

% 0.037

بەهای دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٧,٩٥٠) هەزار دینارەوە بەرزبوووەوە بۆ (١١٨)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی بانکی ناوەندیی لەخستنە بازاڕی دۆلاردا


% 0.001

بەهای یەک بەرمیل نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٥٢) دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ (٥٣) دۆلاری ئەمریکیو شارەزایانیش رایانوایە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی خواست لەسەر نەوت

%0.076

# مەبەستێکی سیاسیی
# لە پشت ئاشکراکردنی نەوتی یەدەگی کوردستانەوە هەبووە

ل٤



حسێن شەهرستانی



د.ئاشتی هەورامی

**ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی:**
وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم نابێت یەدەگی نەوت ئاشکرابکات

ل٤

**بایز تاڵەبانی:**
هەفتەی ئایندە بودجە دەگاتە پەرلەمانی کوردستان

ل٥

**پسپۆڕێکی بواری ئامار:**
پێویستە داهاتەکانی کوردستان ئاشکرا بن، چونکە هی هەموو خەڵکی کوردستانە

ل٧



**لە ژمارەی داهاتوودا دیدارێکی تایبەت لەگەڵ سەلام عەبدوڵڵا کانێسکانی بڵاودەکرێتەوە کە قسە لەسەر رەوشی وەبەرهێنان و بارودۆخی ئابووری کوردستان دەکات**

یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان لە پێشانگای کنتۆن (١٠٤)ی وڵاتی چین کرد. لەوبارەیەوە شێخ مستەفا عەبدولڕحمان، سەرۆکی یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: (٢٠) بازرگانی شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک ئێستا لە شاری کوانجۆ بەشدارن لە پێشانگاکەدا، کە ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام دەبێت.

سەرۆکی یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە پێشانگاکە تایبەتە بە شمەکو کاڵاو بەرهەمی کۆمپانیاکانی وڵاتی چینو زیاتر لە (١٨٥٠) کۆمپانیای چینی بەشدارن تێیدا، کە یەک ملیۆن بازرگان لە سەرانسەری جیهانەوە بانگهێشتکراونو بەشدارییان تێدا کردووە.

شێخ مستەفا ئەوەشی روونکردەوە، کە ئەو پێشەنگایە لە ساڵێکدا دووجار دەکرێتەوەو ماوەی (٥٢) ساڵە بەردەوامە، چەند ساڵێکە بازرگانانی کوردستان لەلایەن سەرپەرشتیاری پێشانگاکەوەو لە رێگای یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستانەوە بانگهێشت دەکرێن.

**دوو وەزیری** دیکەی حکومەتی عێراق سامانەکانیان ئاشکرا دەکەن

ئاشکراکردنی سەروەتو سامان لە بەغدا درێژەی هەیەو دوو وەزیری دیکەی حکومەتی عێراق سامانی خۆیان بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکراکرد، بەڵام پەرلەمانتاران کەمتر بەپیر ئەو مەسەلەیەوە چوون.

دەستەی نەزاهەی عێراق لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردووەتەوە کە باقر جەبر ئەلزوبەیدی وەزیری داراییو تامر جەعفەری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، لە دوو رۆژی رابردوودا سامانی خۆیان بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکراکردووە.

بەپێی ئەو بەیاننامەیە، ژمارەی ئەو وەزیرو بەرپرسانەی لەو پلەیەدان سامانی خۆیان ئاشکراکردووە، گەیشتووەتە (٤٢) کەس، بەڵام تەنیا (٦) پەرلەمانتار ئەو هەنگاوەیان ناوە.

ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسانی عێراق لە سەرۆک وەزیرانو جێگرەکەیەوە دەستیپێکرد، بەپێی لێدوانی بەرپرسان ئامانج لەو پرۆسەیە نەهێشتنی گەندەڵییە لە وڵاتدا.

# ـــەندەرو بەدانوستانی راستەوخۆ ئەنجامداوە

ئەوکاتە هەموو بەرمیلێک دەفرۆشرا بە (١) دۆلار، بەڵام لە ساڵی رابردوودا بە (١٥٠) دۆلار دەفرۆشرا، بابەتەکە بەوشێوەیە بووە کە نەیانویستووە لە بیرە کەم نەوتییەکان پارە سەرف بکەن.

**رۆژنامە: ئەو گرێبەستانەی حکومەتی عێراقی کردوویەتی بۆ گەشەپێدانی بیرە نەوتییەکانی، ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی نەگرتووەتەوە، ئایا مافی هەرێم نییە خۆی ئەو گرێبەستانە بکات؟**

* پێویست بوو وەزارەتی نەوتو ئەو دەستانەی دامانمەزراندووە بۆ پلاندانانو دەرکردنی بڕیار، گەشەیان بە نەوتی هەموو عێراق بدایە بەیەکەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریی کردووەو لە سەردەمی بەعسدا (٥) گرێبەستیان کردووە، لە سەردەمی ئەو دانووستانو جیاوازییەشدا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بابەتی گەشەپێدانی کانەکاندا، حکومەتی هەرێم (٢٢) گرێبەستی دیکەی مۆرکردووە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکیشدا کە زۆرینەیان لاوازن، بەشێکیش لەو گرێبەستانە دەکەوێتە ئەو کانانەوە کە لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانە، کە گرێبەستی بەشداریکردنە، کە بەپێی یاسای نەوت ئەو گرێبەستانە رێگای پێنادرێتو پشتی پێنابەسترێت.

**رۆژنامە: ئێوە لە وتارەکانتاندا ئاماژەتان بەوەکرد کە گرێبەستی موشارەکە باشترە، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان ئەو گرێبەستانە بە خراپ دەزانن؟**

* من نەموتووە گرێبەستی موشارەکە باشترە، بەڵکو من وتوومە ئەوە یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر رێککەوتنێکی سیاسیی هەبێت لەسەر ئەوەی ئەو گرێبەستە پشتی پێنابەسترێت، چارەسەری دیکەمان هەیە، چونکە ئەو گرێبەستانە لە دەسەڵاتو سیاسەتی دەوڵەت کەمدەکاتەوە.

**رۆژنامە: خاڵە لاوازەکانی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم چییە؟**

* نوێنەرانی حکومەتی هەرێم ئەوە دەزانن کە یاسای نەوتی عێراقی نوێ دەسەڵات بە هیچ لایەنێک نادات خۆی ئەو گرێبەستانە مۆربکات، چونکە رێکخستنێکی دیاریکراو هەیە، وەکو دەستەی فیدراڵیو نەوتو گاز، کە ئەوانە دەبێت رەزامەندبن لەسەر ئەو گرێبەستانە، دەبێت ئەوە روونبێت کە دەبێت کێ دانووستان بکات، کێ بڕیار دەدات، دەستەی دانووستانکار نوێنەری هەموو لایەکی تێدابێت، یاسا گەشەپێدراوەکەی عێراق ماف دەداتە هەرێمی کوردستان کە دانووستان بکات، بەڵام رێگای پێنادات گرێبەست مۆربکات، ئەوەش هیچ مافێکیان نییە هەتاهەتایە، لەبەر ئەو جیاوازییەش حکومەتی هەرێم بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی گرێبەستو (٢٢) گرێبەستی دیکەشیان ئەنجامدا، لەکاتێکدا لە رێگای تەندەرەوە ئەنجامیان نەداوە، لە رێگای خستنەڕووەوە نەبووە، بە دانووستانی راستەوخۆ ئەو کارانەیان کردووە، گرێبەستی موشارەکە (psa)یان ئەنجامداوە، کە تائێستا لە عێراقدا رێککەوتنی لەسەر نەکراوە، دوای ئەوەش خاڵی جیاوازی ناڕاستیان هەیە لەگەڵ ناوەندا، حکومەتی هەرێم مافی داوە بەخۆی دانووستان بکاتو ئیمزای ئیلتیزامەکانی کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتیی هەموو عێراق دەکات، ئەو گرێبەستانە دەکات کە مادەیەکو رەگەزێکی سەرەکییەو موڵکی هەموو عێراقییەکانە، ئەوەش هەڵەیە، بەڵام لەم کۆتاییەدا سەرنجی ئەوەمداوە کە حکومەتی بەغداش بەهەمان ئەو هەڵەیەدا دەڕوات کە حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوەو هەمان گرێبەست ئەنجامدەدات.

خاڵێکی دیکەی لاوازی شێوازی گرێبەستەکانی هەرێم ئەوەیە کە تائێستا واریدات نییە، بەڵکو تەنیا (هبە(bones)) هەیە، ئەوەش تائێستا بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەیە، نەدراوەتە حکومەتی مەرکەزیش، چونکە تائێستا جیاوازیی هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو سەروەتەی دەبێت لەو نەوتە، تەنیا بۆ هەرێم نابێت.

**رۆژنامە: ئایندەی ئەو جیاوازیانە چۆن دەبینیت؟**

* ئەگەر سیاسییەکان دانەنیشنو دانوستان نەکەن، تەنیا لە ژوورە داخراوەکاندا سەربنێن بەسەری یەکەوە بۆئەوەی لەیەکتر تێبگەنو رێک بکەون، سوودی عێراق وندەبێت.

**رۆژنامە: تائێستا هیچ لایەنێکیان راوێژیان پێکردویت لەو گرێبەستانەدا؟**

* نەخێر، بەڵام من بۆچوونی خۆمم بڵاوکردووەتەوە لەوبارەیەوە لە زیاتر لە وتارێکدا، سیاسییەکان ئەو کارەیان کردووەو تائێستا من بەشێک نەبووم لەو دانووستانو بڕیارانەو هیچ راوێژێکیان پێنەکردووم، من دانیشتنی تایبەتم کردووە لەگەڵ ئاشتی عەبدوڵڵا، وەزیری سامانە سرووشتیەکانی هەرێم لە کۆتاییدا گەشتینە ئەنجامو ئەو وتی ئەگەر لە سەرەتاوە پێکەوە ئەم دانیشتنەمان بکردایە، لەوانەیە ئەو گرفتانە نەهاتایەتە رێ.

کاتێک رەشنووسی یاسای نەوتی عێراقیمان نووسییەوە، سێ کەس بووین، منو وەزیری نەوت.. پێویست بوو ئاشتی لەگەڵماندا بوایە، بۆئەوەی سەرەتایەکی یەکگرتوومان دابنایە، من پرسیم، بەڵام وەڵامیان نەدامەوە، بەڵام کاتێک بە ئاشتیم وت، وەڵامی دامەوە کە پێیان رانەگەیاندووەو بانگهێشتیان نەکردووە، ئەوەش زۆر ناخۆشبوو.

> ئەگەر سیاسەتی نەوت لە سەرتاسەری عێراقدا یەکنەخرێتو پلانەکان یەکگرتوو نەبن، نەوت زۆرتر دەبێتە هۆکاری لێک دوورکەوتنەوە، نەک هۆکارێک بۆ پێکەوەژیان

## وەزارەتی کارەبا بەهای کارەبا زیاددەکاتو خاوەن کارگەکانیش ئەو بڕیارە بە هەڵە دەزانن

## بەکورتـــی

**وەزیری دارایی** عێراق داوای کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرە باڵاکانی وڵات دەکات

بەیان باقر جەبر زوبەیدی، وەزیری دارایی عێراق، داوای کەمکردنەوەی مووچەی بەرپرسانی باڵای وڵاتی کرد بۆ ئاستی نیوە.

زوبەیدی لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی رادیۆ دیجلە وتی: «بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان فەرمانبەرە باڵاکانو فەرمانبەرانی ئاساییدا هەیە، داواکارم مووچەی وەزیرو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو هەرسێ سەرۆکایەتی بۆ ئاستی نیوە کەمبکرێتەوە».

هەروەها وەزیری دارایی ئەوەی روونکردووەتەوە کە وەزارەتەکەی کاری کردووە بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینان، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی راگرتووە.

## تاریق شەفیق، پسپۆڕی بواری نەوت:

# حکومەتی هەرێم (٢٢) گرێبەستی نەوتی بەبێ تـ

بەرهەم عومەر

بەیروت

**(٢-٢)**

**د.تاریق شەفیق، پسپۆڕی بواری نەوتو یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای نیشتمانی نەوت لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٢و یەکێک لە داڕێژەرانی یاسای نەوتی عێراقیو دانیشتووی وڵاتی بەریتانیا، هەروەها یەکێک بووە لەو سێ پسپۆڕەی رەشنووسی نوێی یاسای نەوتی عێراقیان نووسیوەتەوە، لە بەشی دووەمی ئەم دیدارە تایبەتەیدا لەگەڵ رۆژنامە، ئاماژە بە مەترسییەکانی سامانی نەوت دەکات لەسەر عێراقییەکانو ئەو هەڵەو خاڵە لاوازانەش دەکات کە حکومەتی هەرێمو ناوەند ئەنجامیانداوە لە بەستنی گرێبەستە نەوتییەکاندا.**

**رۆژنامە: چۆن لە عێراقدا نەوت دەکرێتە رەگەزێکی پیشەسازیی؟**

* چەندین جۆری سانسۆر هەیە بۆ بە سیاسیکردنی نەوت، ئەوەش لە سوودماندا نییە کە نابێت ملکەچی ئەو سانسۆرانە ببین، چونکە ناتوانین سوودی تەواو لە نەوت وەربگرین لە بە ساسیبوونی نەوتدا، بۆیە پێویست دەکات رێکخستنەکانی بواری نەوت لەسەر شێوازی پیشەیی رێکبخرێت نەک سیاسی، من کاتێک باسی دەستەی فیدراڵی دەکەم بۆ دەرهێنانی نەوت، بۆئەوەی بڕیارەکان خۆی بدات، بە بۆچوونی من ئەو کەسانەی خاوەنی بڕیارن لەو دەستەیەدا، پێویستە بڕیارەکانیان لەسەر بنەمایەکی پیشەیی بدەن، چونکە توانای بڕیاردان پێویستی بە کەسانی شارەزاو هونەرییو شارەزا لەبواری نەوتو حەکیمبوون لە دانی بڕیاردا هەیە، ئەوە زۆر باشترە لە هێنانی چەند وەزیرو سیاسییەک کە ئەو بڕیارانە بدات.

**رۆژنـامـە: پیشەیی نەبوونی پیشەسازیی نەوت چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکەوەیی لە عێراقدا هەبووەو دەبێت؟**

* بە بڕوای من ئەگەر سیاسەتی نەوت لە سەرتاسەری عێراقدا یەکنەخرێتو پلانەکان یەکگرتوو نەبن، نەوت زۆرتر دەبێتە هۆکاری لێک دوورکەوتنەوە، نەک هۆکارێک بۆ پێکەوەژیان، چونکە ئەگەر بۆ نموونە کوردستان سیاسەتی تایبەتی خۆی هەبێت لە پیشەسازیی نەوتدا، لە ئایندەدا هەرێمی دیکە هەیە کە لەوانەیە سەربەخۆیی خۆی وەرگرێت لە بڕیارەکانیدا (بە ئاماژەدان بە هەرێمی بەسرە)، ئەوەش زۆر ماندووکەرو ئازاربەخشە بۆ ئایندەی عێراق، لە هەمانکاتدا چەند هەرێمێک پەیدادەبێت کە نەوتیان نییە، حاڵیان چۆن دەبێت لەکاتێکدا هەر هەرێمێک بەشی خۆی نەوت بەکاردەهێنێتو سیاسەتێکی جیای دەبێت، ئەوەش جیاوازیی دەخاتە نێوانیانەوە.

ئێمە دەبێت لەم کاتەدا ئەو پرسیارە بکەین کە لەم کاتە حەریجەدا دەکرێت دەسەڵاتەکان لەبواری نەوتدا دابەش بکرێتو بڕیارەکان بۆ پارێزگاکان بەجێ بهێڵرێت؟ کە ئەمەش فرە بڕیاری دروستدەکات، ئەوەی ئەمڕۆ کورد داوای دەکات، دوورنییە سبەینێ بەسرەش داوای بکات، کە (بە نزیکەیی) پشت بە توانای کۆمپانیا بیانییەکان دەبەستێت، کە ئەمەش لە سوودی کوردو عێراقدا نییە.

**رۆژنامە: چەندین چاڵە نەوت لە کوردستاندا دۆزرابـوونـەوە، بەڵام سەریان داپۆشرابوو، ناوچەکە لەو پیشەسازییە بێبەشکرابوو، نەوتیان تێدا بەرهەم نەدەهێنرا، ئایا ئەوە بە مافێکی سروشتی نازانیت کە لە ئێستادا هەرێم سوود لەو پیشەسازییە وەرگرێت؟**

* ئێمە ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندووە، هیچ کوردو تورکمانو عەرەبێک نییە لە عێراقدا ئەوە نەزانێت کە نەوت مولکی هەموو عێراقییەکانە، ئەو بیرانەی دۆزرابوونەوەو گەشەیان پێنەدرابوو، لە سەردەمی ئیمتیازاتدا بوو، کە کۆمپانیای (ipc) کانە نەوتەکانی عێراقی بەڕێوە دەبردو خۆیان



بڕیاردەبوون لە هەموو جیهاندا، پێشتر (٦- ٧) کۆمپانیا هەبوو دەستی گرتبوو بەسەر سەروەتەکانی وزەدا، بەتایبەتی نەوت، خۆیان دەیاندۆزییەوە، دەریاندەهێنا، دەشیان فرۆشتەوە، کۆنترۆڵی نرخەکانیشی دەکرد، ئەو کۆمپانیایانەش وەکو (مۆبڵ، ئەسۆش، تۆتاڵ، بی پیو تشێل)، ئەوکاتە لەو دۆزینەوە نەوتیانەی دەیانکرد زۆر بیریان لەوە دەکردەوە کە گەشە بە بیرە نەوتییەکان نەدەن، حکومەتی عێراقیش ئەوکاتە ئیمیازاتی پێدابوونو تەنیا زەریبەی لێوەردەگرتن، ئەوەش لە هەموو ئەم ناوچەیەدا بەربڵاوبوو نەک بە تەنیا لە عێراق، بەڵام دوای ئەوەش دۆخەکە گەشەی کردو گەلان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست ئەو کۆمپانیایانە راگەیاند، بۆ ئەو بیرانەش کە ئاماژەت پێکرد، کاتێک ئەو کۆمپانیایانە بۆیان دەرکەوتووە بەرهەمەکەی کەمە، داپۆشراوەتەوەو بەجێهێڵراوە، ئابووریی بازاڕیش بە هەمانشێوە هاندەر نەبووە،

**حکومەتی هەرێم پرۆژە یاسای رێکخستنی بازاڕ پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکات**

# بودجه‌یه‌كی دره‌نگ وه‌خت ده‌چێته‌ په‌رله‌مان

ستاره‌ عارف

به‌ بیانووی جێگیرنه‌بوون‌و دابه‌زینی نرخی نه‌وت‌و دواكه‌وتنی په‌سه‌ندكردنی بودجه‌ له‌ ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، بودجه‌ی هه‌رێم چه‌ند مانگێكه‌ دواكه‌وتووه‌و تائێستا نه‌گه‌شتووه‌ته‌ په‌رله‌مانی كوردستان، وه‌زیری دارایی هه‌رێمی كوردستان ئاماژه‌ به‌وه‌ده‌كات هه‌فته‌ی ئاینده‌ بودجه‌كه‌ ده‌گاته‌ په‌رله‌مان.

شێخ بایز تاڵه‌بانی، وه‌زیـری دارایـی هه‌رێمی كوردستان، له‌ لێدوانێكیدا به‌ رۆژنامه‌ی وت: «به‌هۆی دابه‌زینی نرخی نه‌وت‌و دواكه‌وتنی په‌سه‌ندكردنی بودجه‌ی گشتی له‌ ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق، بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان دواكه‌وتووه‌، ئێستا گه‌شتووه‌ته‌ لای ئێمه‌و كاره‌كانی ته‌واوبووه‌، هه‌فته‌ی ئاینده‌ بودجه‌كه‌ ده‌گاته‌ په‌رله‌مانی كوردستان».

بایز تاڵه‌بانی باسی له‌وه‌كرد، بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان بریتیه‌ لـه‌(٨٢٨٣١٧٢) تریلیۆن، بڕی(٥٩٧٩٨٣٣) ده‌چێت بۆ بواری ته‌شغیله‌، ئه‌وی دیكه‌ی بۆ بواری وه‌به‌رهێنان ته‌رخانكراوه‌، كه‌ سولفه‌ی عه‌قاریش هه‌ر له‌و به‌شه‌ی وه‌به‌رهێنان دانراوه‌.

د.فازڵ نه‌بی، بریكاری وه‌زیری دارایی عێراق، له‌ لێدوانێكیدا ئاشكرایكرد، كه‌ «بودجه‌ی ساڵی نوێ له‌ رۆژی ١٢/٣١دا كۆتاییدێت‌و پێویست بـوو لـه‌ ١/١ی ساڵی نوێوه‌ كاركردن به‌ بودجه‌ی ساڵی ٢٠٠٩ ده‌ستی پێبكردایه‌، بـه‌ڵام به‌هۆی گۆڕانه‌كانی نرخی نه‌وت‌و كێشه‌كانی ناو ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانه‌وه‌، په‌سه‌ندكردنی بودجه‌ی ساڵی نوێ دواكه‌وتووه‌، بۆیه‌ له‌م هه‌فته‌یه‌وه‌ كاركردن به‌ بودجه‌ی ساڵی نوێ ده‌ستپێده‌كات».

به‌پێی ستانداردی ئابووری، له‌ هه‌موو وڵاتێكدا له‌ مانگه‌كانی (تشرینی یه‌كه‌م‌و دووه‌م)ی هه‌موو ساڵێكدا ده‌بێت بودجه‌ی دیاریكراو بگاته‌ په‌رله‌مان، بۆئه‌وه‌ی گفتوگۆی له‌سه‌ر بكرێت‌و په‌سه‌ند بكرێت، به‌ڵام هه‌ركاتێك دوابكه‌وێت، كاریگه‌ریی له‌سه‌ر دواكه‌وتنی پرۆژه‌كان ده‌بێت.

نه‌سروڵلا عه‌بدوڵلا شێخانی، پسپۆڕی ئابووری‌و مامۆستا له‌ زانكۆی سه‌لاحه‌دین، له‌وباره‌یه‌وه‌ وتی: «چه‌مكی دانانی بودجه‌ ده‌بێت له‌ مانگی ته‌مموزه‌وه‌ واته‌ پێنج مانگ پێش ساڵی ئاینده‌ ئاماده‌بێت، گفتوگۆی له‌سه‌ر بكرێت‌و داڕشتنی كۆتایی بۆ كرابێت، پێش ئه‌وه‌ی بودجه‌ په‌سه‌ند بكرێت ده‌بێت ژماره‌كان ئاماده‌كرابن له‌ ١/١وه‌ بخرێته‌ خانه‌ی جێبه‌جێكردنه‌وه‌، له‌ هیچ وڵاتێكدا نه‌بووه‌ بودجه‌ بخرێته‌ ساڵی كردارییه‌وه‌و ده‌ست به‌ دانانی بكرێت».

نـه‌سـروڵـلا وتـیـشـی: «دواكـه‌وتـن‌و په‌سه‌ندنه‌كردنی بودجه‌ له‌كاتی خۆیدا، شێوازی وه‌به‌رهێنان ده‌شێوێنێت، ئه‌و پلان‌و به‌رنامانه‌ی په‌یوه‌ستن به‌ جێبه‌جێكردنیانه‌وه‌ دواده‌كه‌وێت، چونكه‌ ئه‌و پرۆژانه‌ پێویستیان به‌ پاره‌ هه‌یه‌ بۆ كاركردن تێیانداو كاریگه‌ریی راسته‌خۆ له‌سه‌ر پرۆژه‌كان دروستده‌كات».

ئاماژه‌ی به‌وه‌شكرد، «ئه‌و پلانانه‌ی كه‌ بۆ پرۆژه‌كان دانراون، بۆ ئه‌وه‌بووه‌ له‌كاتی خۆیدا بخرێته‌ بواری جێبه‌جێكردنه‌وه‌، به‌ڵام په‌سه‌ندنه‌كردنی‌و ئه‌و ماوه‌یه‌ی كه‌ به‌هۆی دواكه‌وتنی بودجه‌وه‌ به‌سه‌ریدا تێپه‌ڕبووه‌، حاڵه‌تێكی نـه‌رێـی لـه‌سـه‌ر پـرۆژه‌كـان دروستكردووه‌».

ده‌ربـــاره‌ی دابه‌زینی نرخی نـه‌وت‌و دواكه‌وتنی بودجه‌ له‌ عێراقدا، ئه‌و پسپۆڕه‌ ئابوورییه‌ ئه‌وه‌ باسده‌كات كه‌ «ئاڵوگۆڕه‌كانی نرخی نه‌وت كاریگه‌ریی له‌سه‌ر دواكه‌وتنی بودجه‌ نییه‌، ئه‌و بودجه‌یه‌ی ئێستا پێی ناوترێت بودجه‌، چونكه‌ به‌شێوه‌یه‌كی زانستی داڕشتنی بۆ نه‌كراوه‌و دووره‌ له‌ ئامانجی ئابوورییه‌وه‌».

هه‌روه‌ها شێخانی وتی: «دواكه‌وتنی بودجه‌ بۆ حاڵه‌تێكی كتوپڕه‌و ده‌شێت روویدات، له‌وكاته‌دا بودجه‌یه‌كی پاشكۆی بۆ داده‌نرێت، ده‌بێت خه‌رجیی كه‌مبكه‌ینه‌وه‌، یاخود كورتهێنانی بودجه‌ ره‌چاوده‌كه‌ین‌و داهات زیادبكه‌ین، به‌ بودجه‌یه‌كی پاشكۆ چاره‌سه‌ری ئه‌و كێشه‌یه‌ ده‌كرێت، به‌ڵام له‌كاتی ئاسایی وه‌ك ئێستادا دواكه‌وتنی بودجه‌ راست نییه‌و بودجه‌ی پاشكۆشمان پێویست نییه‌».

په‌رله‌مانی كوردستان جه‌خت له‌وه‌ ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ ده‌بێت بودجه‌ له‌ مانگه‌كانی (تشرینی یه‌كه‌م‌و دووه‌م)ی هه‌موو ساڵێكدا بگاته‌ په‌رله‌مان، بۆئه‌وه‌ی له‌ سه‌ره‌تای ساڵه‌وه‌ ئه‌و بودجه‌یه‌ به‌كاربهێنرێت.

زرار تاهیر، ئه‌ندامی لیژنه‌ی دارایـی له‌ په‌رله‌مانی كوردستان، به‌ رۆژنامه‌ی وت: «ده‌بوو بودجه‌ی ٢٠٠٩ له‌ مانگه‌كانی (تشرینی یه‌كه‌م‌و دووه‌م)ی ٢٠٠٨ه‌وه‌ په‌سه‌ند بكرایه‌، ئه‌وه‌ ستانداردێكی ئابوورییه‌ بۆ هه‌موو ساڵێك، به‌وپێیه‌ بێت بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان شه‌ش مانگ له‌كاتی خۆی دواكه‌وتووه‌».

ئه‌و ئه‌ندامه‌ی لیژنه‌ی دارایی په‌رله‌مانی كوردستان ئاماژه‌ی به‌وه‌كرد، هه‌تا بودجه‌ی عێراق په‌سه‌ند نه‌كرێت، نازانرێت به‌شه‌ بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان چه‌نده‌، ئه‌گه‌ر پشتیان به‌ بودجه‌ی عێراق نه‌به‌ستایه‌، «ده‌بوایه‌ بمانوتایه‌ كاره‌ساته‌، چونكه‌ شتی وا راست نییه‌».

دوو سێ هه‌فته‌یه‌ حكومه‌تی عێراق به‌شه‌ بودجه‌ی هه‌رێمی ره‌وانه‌ی حكومه‌تی هه‌رێم كردووه‌، به‌ڵام ئه‌ندامانی په‌رله‌مان داوایانكردووه‌، كه‌ به‌ خه‌مڵاندن ئه‌و بودجه‌یه‌ بگاته‌ په‌رله‌مانی كوردستان، به‌ڵام حكومه‌ت بیانووی ئه‌وه‌ی هێناوه‌ته‌وه‌ كه‌ بودجه‌كه‌یان له‌ به‌غداوه‌ بۆدێت.

له‌وباره‌یه‌وه‌ زرار تاهیر وتی: «له‌گه‌ڵ شێخ بایز، وه‌زیری دارایی دانیشتم‌و پێش چه‌ند مانگ پێموتووه‌، ده‌بوایه‌ ئێوه‌ بودجه‌تان به‌شێوه‌ی خه‌مڵاندن بناردایه‌ته‌ په‌رله‌مان‌و له‌سه‌ر عێراق رانه‌وه‌ستانایه‌، چونكه‌ بودجه‌ شتێكی مه‌زه‌نده‌كراوه‌ كه‌ ئه‌مساڵ چه‌ندمان پێویسته‌».

به‌ڵام وه‌ك ئه‌و وتی: «شێخ بایز پێیوتم ده‌توانین ئه‌و بودجه‌یه‌ بنێرین، به‌ڵام بۆیه‌ نه‌ماننادرووه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ی پاره‌كه‌مان له‌ به‌غداوه‌ بۆدێت، ئه‌گه‌ر بماننادرایه‌ بۆ حكومه‌ت‌و حكومه‌ت بۆ په‌رله‌مانی بناردایه‌، ئه‌و پاره‌یه‌ی بۆمان ده‌هـات نه‌مانده‌زانی چه‌نده‌، چونكه‌ نه‌وت هه‌ر رۆژه‌ی نرخێكی هه‌یه‌، بۆیه‌ هه‌تا بودجه‌ی عێراق په‌سه‌ند نه‌كرێت‌و نه‌زانین به‌شی هه‌رێم چه‌نده‌، بڕیارمانداوه‌ نه‌ینێرینه‌ په‌رله‌مان».

لـه‌وه‌ڵامـی ئـه‌وه‌ی له‌حاڵه‌تی زیاتر دره‌نگكه‌وتنی بودجه‌، ده‌كـرا په‌رله‌مانی كوردستان هه‌روا بێهه‌ڵوێست بێت؟ زرار ئه‌وه‌ی روونكرده‌وه‌ كه‌ «هه‌ندێك داهاتی ناوخۆیمان هه‌یه‌، بـه‌ڵام ئه‌و بڕه‌ پاره‌یه‌ نییه‌ كه‌ به‌شی كوردستان بكات ئه‌گه‌ر له‌ به‌غداوه‌ بۆمان نه‌یه‌ت، ده‌بوایه‌ ئه‌وكاته‌ په‌رله‌مان هه‌ڵوێستێكی دیكه‌ وه‌ربگرێت‌و سه‌ركردایه‌تیی سیاسیی كورد ئاگاداربكاته‌وه‌ كه‌ به‌ نووسراوێكی فه‌رمی حكومه‌تی ناوه‌ندی ئاگادار بكردایه‌ته‌وه‌ له‌و دواخستنه‌».

له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی پێشبینی ده‌كات كه‌ی بودجه‌ بگاته‌ په‌رله‌مانی كوردستان، زرار تاهیر وتی: «بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانه‌، نازانم كه‌ی ده‌گاته‌ په‌رله‌مان، هـه‌ر كه‌ گه‌یشته‌ په‌رله‌مان، گفتوگۆ له‌سه‌ر بودجه‌كه‌ ده‌كرێت، چونكه‌ هه‌ندێك وه‌زاره‌ت كه‌م‌و هه‌ندێك زیاتریان بۆ دانراوه‌، كه‌ په‌سه‌ندكرا ده‌خرێته‌ بواری جێبه‌جێكردنه‌وه‌، پێده‌چێت ماوه‌ی گفتوگۆكه‌ هه‌فته‌یه‌ك یان زیاتر بخایه‌نێت».

له‌ كۆتایی قسه‌كانیدا ئـه‌و پسپۆڕه‌ ئابوورییه‌ به‌پێویستیزانی دواكه‌وتنی بودجه‌ له‌ په‌رله‌مانی كوردستان گفتوگۆی له‌سه‌ر بكرێت‌و داوا له‌ حكومه‌ت بكرێت كه‌ ساڵانه‌ به‌ خه‌مڵاندن بودجه‌كه‌ بنێرێته‌ په‌رله‌مان تا له‌كاتی خۆیدا په‌سه‌ند بكرێت.



**وێڕای بوونی دوو كارگه‌ی چیمه‌نتۆی گه‌وره‌ له‌ كوردستان، به‌ڵام بازرگانان پێیانوایه‌ ئه‌و دوو كارگه‌یه‌ پابه‌ند نین به‌ نرخه‌ جیهانیه‌كانه‌وه‌**



### «مەبەستێکی سیاسیی لە پشت ئاشکرا کردنییەوە هەیە»

# وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان بڕی یەدەگی نەوتی کوردستانی ئاشکرادەکات

ئارا ئیبراهیم

وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی یەدەگی نەوتی هەرێمی ئاشکراکرد، ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش پێیوایە نابێت حکومەتی هەرێم خۆی ئاشکرای بکات.

پسپۆڕێکی ئابووری ئاماژە بەوەدەکات مەبەستێکی سیاسیی لەپشت ئاشکراکردنی کێڵگە نەوتییەکانەوە هەبووە لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا، ئەمە لەکاتێکدایە کە کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان هەردوولا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکیدا ئاشکرایکرد «ڕێژەی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەنێوان (٤٠- ٤٥) ملیار بەرمیلدایە، ئەگەر ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕێژەی نەوتی یەدەگی هەرێم بۆ (٦٥) ملیار بەرمیل بەرزدەبێتەوە».

وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان ئەوەشی خستووەتەڕوو کە قەبارەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان کە ئامادەیە بۆ دەرهێنان، بە ملیارێک یان زیاتر دەخەملنرێت، هەروەها وتویەتی: «جۆری ئەو نەوتەی کە لە کوردستاندا دەردەهێنرێت زۆر باشە».

ئاشتی هەورامی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە بەرهەمهێنانی نەوتی «کێڵگەی تەقتەق (٢٥٠) هەزار بەرمیلە لەیەک ڕۆژدا».

لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز ئاشتی هەورامی هێرشیکردە سەر حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراقو سیاسەتەکانی بە «فاشیل» وەسفکردو ڕایگەیاند، سیاسەتە چەوتەکانی وەزارەتی نەوت ڕۆژانە زیانی ملیۆنەها دۆلار بەئابووری عێراق دەگەیەنێت.

دەربارەی ئاشکراکردنی بڕی یەدەگی نەوتی کوردستان، ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان باس لەوەدەکات، کە وەزیری سامانە سروشتییەکان نابێت بڕی یەدەگی کانە نەوتییەکان ئاشکرابکات، لەوبارەیەوە بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی وت: «وەزیری سامانە سروشتییەکان نابێت بڕی یەدەگی کانە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکرابکات، بەڵکو دەبێت لایەنێکی بێلایەنو جێگر کە کۆمپانیا نەوتییەکانن، ئەوە ئاشکرابکەن، چونکە لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن نەوتن، کۆمپانیاکان ئاشکرای دەکەنو بڕەکەیان دیاریدەکەن».

بایەزید وتی: «یەدەگی نەوت لە هەموو عێراقدا خەملێنراوە بە (١١٥) ملیار بەرمیل، کە هەرێمی کوردستان بڕی ١٧٪ی ئەو ڕێژەیەی هەیە کە ئێستا دۆزراوەتەوە، بەڵام (٤٢٥) کانی نەوتی دیکە هەن کە وەزارەتی نەوتی عێراق لە هەوڵدایە ئاشکرایان بکات».

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتیشی: «ئێمە لەجیاتی ئەوەی بیین کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانمان بەپێی دەستوور لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا چارەسەربکەین، دێین یەدەگی نەوت ئاشکرا دەکەین کە نابێت بوترێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، چونکە ئێمە هێشتا کێشەمان لەگەڵ ناوەندا هەیە لەسەر ئەو گرێبەستە نەوتیانە».

لهۆن نەسرەدین، پسپۆڕی بواری ئابووری کە چەندین توێژینەوەی لەبواری دەرهێنانی نەوتدا کردووە، بە ڕۆژنامەی وت: «یەدەگی نەوت کاریگەریی لەسەر سیاسەتی وڵاتان هەیەو فاکتەرێکی سیاسییە نەک ئابووری، ئەو لێدوانەی وەزیری سامانە سروشتییەکان مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوە بووە، چونکە حکومەتی هەرێم کێشەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا هەیە لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان، بۆیە دەیەوێت لەو ڕێگایەوە وەک کارتێکی فشار بەکاریبهێنێت، کە ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان خاوەنی نەوتین».

لهۆن وتیشی: «ئەگەر سیستمێکی ڕێکوپێک کانە نەوتییەکان بەڕێوەبباتو شەفاف بێت، کاریگەریی گەورەی لەسەر ئابووریی کوردستان دەبێتو بووژانەوەیەکی گەورە ڕووی تێدەکات».

لە هەرێمی کوردستاندا داهاتەکانی کوردستان بە گشتیی‌و داهاتەکانی نەوت نەچوونەتە ناو بودجەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هیچ فرۆشێکی نەوت نین.

جوتیار مەجید، جێگری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کورستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە وەک لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونمان بۆ ئەوە کردووە کە ئایا ئەو نەوتەی دەردەهێنرێت دەفرۆشرێت، داهاتی هەیە یان نا، حکومەتی هەرێم دەڵێت تائێستا نەوتمان نەفرۆشتووە، ئێمەش کە بەڵگەیەکی دیاریکراومان لانەبێت، بە چی بیسەلمێنین».

جێگری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان وتیشی: «ئەگەر فرۆشی نەوت هەبێت، دەبێت بەئاگاداری حکومەتی ناوەندی بفرۆشێتو هەناردەی دەرەوەی بکات، چونکە داهاتەکەی دەچێتەوە ناو بودجەی گشتیی عێراق، بۆیە کوردستان ناتوانێت بێ ئاگاداریی حکومەتی ناوەندی نەوت بفرۆشێت».

هەر لەوبارەیەوە لهۆن نەسرەدین وتی: «مادام تائێستا شەفافیەت لە بودجەی حکومەتی هەرێمدا نییەو داهاتەکان نایەنەوە ناو بودجەی گشتیی هەرێم، ئەو داهاتانەی نەوت دوورنییە بۆ ئەملاولا بچێتو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بیبەن بۆخۆیانو لە شتێکدا خەرج بکرێت کە قازانجی ئابووریی کوردستانی تێدا نەبێت، چونکە کاتێک لەسەروو یاساوە مامەڵەکراو شەفافیەت لە دارایی وڵاتدا نەبوو، شیرازەی هەموو شتەکان تێکدەچێت».

بەڵام وەک ئەو وتی: «ئەگەر بە وردی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا دیاری بکرێتو شەفافیەت هەبێت لە چۆنێتی گرێبەستە نەوتییەکانو داهاتەکانیان دیاری بکرێت، کە ئایا دەچێتەوە ناو بودجەی گشتیی عێراق یان بودجەی هەرێم، ئەوکات کەس گومان ناداتە پاڵ هیچ کەسو لایەنێک».

دەربارەی ڕێژەی ئەو قازانجە زۆرەی دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان لە کوردستاندا، لهۆن نەسرەدین باسی لەوەکرد، کە حکومەتی هەرێم ناچارە ڕێژەیەکی زۆر قازانج بداتە کۆمپانیا نەوتییەکان، چونکە وڵاتێکی سەربەخۆ نییەو هەرێمێکە لەناو عێراقدا ناتوانێت فەرزی ئەوە بکات کە پارەیەکی ستانداردی نێودەوڵەتیان پێبدات.

هەموو ئەو وڵاتانەی کە خاوەن نەوتن، بەتایبەت لەدوای شۆڕشی نەوت لە ساڵی ١٩٥٣، کە لە ئێراندا کراو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروستکرد، ئامادەنەبوون قازانجێکی زۆر بدەن بە کۆمپانیا نەوتییەکان، دوای ئەو شۆڕشەو بەتایبەت لە سی ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەو وڵاتانە تەنیا کرێی کاری ئەو کۆمپانیایانە دەدەن، ئەوەش بەپێی ڕێککەوتن دەبێت کە ڕێژەکەی ٣٪ تێپەڕناکات.

لەکۆتایی قسەکانیدا ئەو پسپۆڕەی بواری ئابووری وتی: «لە هیچ وڵاتێکدا قازانج نادرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان، بەڵکو کرێی دەستی کاریان دەدرێتێ بە ڕێژەیەکی کەم کە ٣٪ تێپەڕناکات، بەڵام حکومەتی هەرێم سەروو ڕێژەی ٤٠٪ قازانج دەدات بە کۆمپانیا نەوتییەکان، کە ڕێژەیەکی زۆر زۆرە».

### ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی:
### نابێت وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم بڕی یەدەگی نەوت ئاشکرابکات



**وەزیری دارایی عێراق پێیوایە، ئەگەر نرخی نەوت بەرز نەبێتەوە، ئەوا لە ساڵی داهاتوودا عێراق دووچاری قەیرانی ئابووری دەبێت**



## ئیبراهیم فەتاح، پسپۆڕی بواری ئامارو پلاندانان

# نەبوونی ئامارو زانیاری لەسەر بودجەو داهاتەکانی کوردستان، هۆکارێکی سیاسییە

**ڕۆژنامە**

دەربارەی هۆکاری نەبوونی ئامارو زانیاری ورد لەسەر بودجەو داهاتەکانی کوردستان، شاردنەوەی بڕی ئەو داهاتانەی کە دەست حکومەت دەکەوێت‌و نەچوونەوەیان بۆ ناو بودجەی حکومەتی هەرێم، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئیبراهیم فەتاح، پسپۆڕی بواری ئامارو پلاندانان‌دا سازکرد.

**ڕۆژنامە: پسپۆڕانی بواری ئابووری باس لەوەدەکەن، بودجە لەبەرئەوەی ئامارو زانیاری وردی تێدا نییە لەسەر ئەو داهاتانەی دەست حکومەت دەکەوێت، کەواتە نایاساییە، ڕای ئێوە سەبارەت بەو بابەتە چییە؟**

* حکومەتی هەرێم باس لەوەدەکات کە بەشی زۆری بودجە بۆ مووچە خەرجدەکرێت، بەشێکیشی دەدرێت بە وەزارەتەکان بۆ پرۆژەو خزمەتگوزاریی‌و بەشێکی زۆر کەمیشی دەچێتە بواری وەبەرهێنانەوە، حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانیش بەشی خۆیانی لێدەبەن هەر لەو بودجەیە، بەڵام پێویستە لەسەر حکومەت شەفاف بێت لە بودجەداو ئامارو زانیاری وردی تێدابێت سەبارەت بە خەرجییەکان‌و هەموو ئەو داهاتانەی دەست حکومەت دەکەوێت، ئەگەر بە نموونە وەریبگرن بەڕێوبەرێتی شارەوانیی سلێمانی کە ساڵانە داهاتی خۆی هەیە، دەبێت بزانرێت چەندی داهات هەیە، ئەگەر ئەو داهاتانە بۆ پرۆژەکانی خۆشی خەرجی بکاتەوە دەبێت دیارو ئاشکرا بێت، جا بۆ هەموو وەزارەت‌و شوێنەکانی دیکە کە داهاتیان هەیەو ئەو پارەیەی کە دەستیان دەکەوێت دەبێت بچێتە ناو بودجەی کوردستانەوە، هەر داهاتێک کە دەست حکومەتی هەرێم دەکەوێت پێویستە ئاشکرا بێت، چونکە هی هەموو هاوڵاتییانی کوردستانە، پێویستە حکومەت چاودێریی زیاتری لەسەر بێت، بۆ ئەوەی ئەو گومانە بڕەوێتەوە لای هاوڵاتییان کە داهاتی کوردستان لە چیداو چۆن خەرج دەکرێت.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە چۆن دەکرێت چاودێریی زیاتری کاروبارەکانی دارایی حکومەت بکرێت، لەکاتێکدا کە ئامارو زانیاری پێویست نییە لەوبارەیەوە؟**

* دەزگای چاودێری دارایی دەبێت زیاتر کارا بکرێت، لەلایەن حکومەتەوە داتاو زانیاری وردی پێبدرێت، بۆ ئەوەی کارەکانی بەباشی بەڕێوەببات، چونکە پەرلەمان ناتوانێت بەو وردییە چاودێریی حکومەت بکات، واچەند لیژنەیەکیان دروستکرد، ئەو لیژنانە فریاناکەون سەردانی هەموو وەزارەتەکان‌و بەڕێوبەرێتییەکانی حکومەت بکات، پەرلەمان دەتوانێت چاودێریی دەزگای چاودێریی بکات‌و ئەو دەزگایە سەر بە پەرلەمان بێت، بۆئەوەی باشتر کارەکانیان بەڕێوەبەرن، هەندێکجار دەزگای چاودێریی زانیارییان لایە، بەڵام لەوانە نییە لیژنەی دارایی لە پەرلەمان ئاگایان لێبێت، پەرلەمان دەبێت بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ دەزگای چاودێریدا زیاتر چاودێریی کارەکانی حکومەت‌و چۆنێتی خەرجکردنی بودجە بکات.

**ڕۆژنامە: ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتەکان دادەنرێت دوای خەرجکردنیان، پەرلەمان (٦) مانگ جارێک داوای ڕاپۆرت لە وەزارەتەکان دەکات، بەڵام جێگری لیژنەی دارایی لە پەرلەمان دەڵێت ئاماری زۆر ورد لەو ڕاپۆرتانەدا نییە، بەڕێزت لەوبارەیەوە دەڵێیت چی؟**

* زۆر زۆر گرنگە هەموو وەزارەتەکان خەرجییەکانیان‌و ئەو بودجەیەی کە بۆیان دابینکراوە، بە ئامارێکی ورد تەسلیمی پەرلەمانی بکەن‌و هاوڵاتییانیش بیزانن، بواری دارایی شتێکی گرنگەو هەموو کەس چاوی لێیەتی، ئەگەر بچووکترین کەموکورتی هەبێت دیارە، ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامدەدرێت چەندی لەسەر ئەو داهاتانەیە کە حکومەتی کوردستان دەستی دەکەوێت‌و چەندیشی لەسەر ئەو پشکەی هەرێمە کە لە حکومەتی ناوەندییەوە دەدرێت بە هەرێمی کوردستان؟ دەبێت ئەوە دیارو ئاشکرابێت، زۆر باسی ئەوە کراوە کە بودجەی کوردستان ٦٠٪ دەچێت بۆ مووچە، ئەی ئەوی دیکەی چۆن خەرج دەکرێت‌و لە چیدا بەکاریدەهێنرێت‌و چۆن دابەشدەکرێت؟ ئەو ڕاپۆرتانە دەبێت ئامارو زانیاری وردی تێدا بێت، پێموایە ئەوە کاری لیژنەی داراییە داوابکات ئامارەکانی ئەو ڕاپۆرتانە وردتربن، هەندێک شت هەیە لەوانەیە نهێنی بێت، بەڵام چۆنێتی خەرجکردنی بودجەو داهاتەکان پێویست ناکات نهێنی بێت، ئەگەر شتێک بکەوێتە بازنەی ئەمنی قەومییەوە زۆر ئاساییە نهێنی بێت، بۆ نموونە: وڵاتێک چەک دەکرێت نایەوێت ئاشکرای بکات، بۆ ئەوەی مەترسی لەلایەن وڵاتانی دیکەوە لەسەری دروست نەبێت.

**ڕۆژنامە: سیستمی مووچە لە کوردستاندا پلانی تێدا نییەو پارتی‌و یەکێتی لەسەردەمی دوو ئیدارەیدا لەپێش هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەسیان دامەزراند، کە تائێستا فەرمانبەری حکومی‌و کەسی حیزبی جیانەکراوەتەوە، ئایا ئێوەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان؟**

* ئەوە شتێکی ئاشکراو دیارە کە ئەو کارە کراوە، کەس نییە ئەوە نەزانێت، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەسی وا هەیە لە دوولا یان زیاتر مووچە وەردەگرێت، ئێستا چاودێری دارایی خەریکی ئەو کارەن کە هەموو ئەو کەسانەی فەرمانبەرو مووچەخۆرن فۆرمێکی تایبەت پڕ دەکەنەوە، هەر کەسێک بە هەڵە پڕی بکاتەوە خۆی لێی بەرپرسیار دەبێت، بەڵام لە کوردستاندا هۆشیارییەکی ئابووری نییە تا هەموولایەکمان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین، پێویستە ژمارەو ناوی ئەو کەسانەی کە مووچە لە حکومەت وەردەگرن ئاشکرابێت‌و بڕەکەشی بەوردی بزانرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت بودجەی کوردستان چەندی لێدەچێت بۆ مووچە، پەرلەمان گرنگە بیزانێت‌و هەموو ئەو ئامارانەیان لابێت.

**ڕۆژنامە: بەرپرسێکی دارایی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژەی بەوەکردبوو ئەو داهاتانەی کوردستان ناچێتە ناو بودجەوە، قسەت چییە لەسەر ئەوە، ئایا نەبوونی ئامار شتێکی ئابوورییە یان پەیوەستە بە سیاسەتەوە؟**

* ئێمە ماوینەتەوە لە پاشماوەی سەدام، کاتی خۆی عێراق داهاتی نەوتی هەبوو، بەڵام ئەو داهاتە نەوتەی کە دەستی دەکەوت کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت، ئەمریکا کە عێراقی داگیرکرد چوو بۆ وەزارەتی نەوت، چونکە داهاتەکە لە وەزارەتی دارایی نەبووە، ئێمەش ئەو داهاتەی کە دەست حکومەتی کوردستان دەکەوێت، لە وەزارەتی دارایی نییە، لەوانەیە لە شوێنێکی دیکە بێت، نەبوونی ئاماری بودجەو داهاتی کوردستان دوورە لە بنەماکانی ئابوورییەوەو شتێکی سیاسییە، چونکە لەسەر بنەمایەکی ئابووری ڕێکخستن‌و پلانی تێدا نییە، ئێستا وەزارەتی پلاندانانمان هەیە لە کوردستاندا، بڕواناکەم ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا ئەنجامدەدرێن پلانیان تێدابێت، چونکە پلان پێویستی بە ئامارو زانیارییە، بەڵام تائێستا ئامارو زانیاریمان نییە، ئاسانترین شت ئاماری دانیشتووانی کوردستان‌و شارەکانی نازانین، ئەولەویەتی پرۆژەکانمان لەسەر ئەو پێوەرە نییە کە گرنگە لەسەر پێوەری ژمارەی دانیشتووان بێت.

### پڕۆفایل

ئیبراهیم فەتاح ئیبراهیم لە ساڵی ١٩٥٥ لە قەڵادزێ لەدایکبووە، خاوەنی دوو دبلۆمی باڵایە لە ئاماری دانیشتووان‌و بواری پلاندانان‌دا، چەند ساڵێک وانەی ئاماری لە کۆلێژی بازرگانی زانکۆی سلێمانی وتووەتەوە، ئێستا سەرۆکی بەشی کارگێڕی کارە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.



خوێندکارێکی کورد خەڵاتی خستنەڕووی باشترین پرۆژەی زانستی‌و تەکنەلۆژی لە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان بەدەست دەهێنێت

# چاوی ئابووری

## د.لەتیف ڕەشید: لەبەر چەند هۆکارێک حکومەتی هەرێم نایەوێت بەنداوی بێخمە دروستبکرێت

هەرچەندە حکومەتی عێراق نزیکەی (٥) ملیار دۆلاری بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە تەرخانکردووە، بەڵام وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ئاماژە بەوەدەکات، بەهۆی ژێرئاوکەوتنی ژمارەیەک گوند لە ناوچەی بارزان، تائێستا حکومەتی هەرێم نایەوێت بەنداوی بێخمە دروستبکرێت، د.لەتیف جەمال ڕەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ڕایگەیاند: هەرچەندە بەنداوی بێخمە بە گەورەترین بەنداو لە عێراقو تەنانەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش دادەنرێت، بەڵام تائێستا چەند جارێک بەرپرسانی حکومەتی هەرێم گفتوگۆیان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەی بارزان کردووەو نەگەیشتوونەتە دوابڕیار بۆ دروستکردنی بەنداوەکە، وتیشی: «پێدەچێت ئەو دیزاینەی کە پێشتر بۆ دروستکردنی بەنداوەکە دارێژرابێت بەباشی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابێت، هەربۆیە ئێستا وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ئەو دیزاینانەیە، هیوادارین بەمزووانە بگەینە دوابڕیار بۆ دروستکردنی بەنداوەکە»، د.لەتیف ئەوەشی ڕوونکردەوە، ئێستا وەزارەتەکەی دیزاینی ژمارەیەک بەنداوی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە وەک بەنداوەکانی (باسەڕەو بەستۆرەو تەقتەق)، بەڵام پێیوابوو کاری دیزاینو توێژینەوەو دواتر وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ دروستکردنیان، کاتێکی زۆری دەوێتو هۆکارێکن بۆ دواکەوتنی دروستکردنیان، هەرچەندە هەرێمی کوردستان دەیان سەرچاوەی ئاوی تێدایەو بە سامانی ئاو دەوڵەمەندە، بەڵام تائێستا وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق هیچ پرۆژەیەکی گەورەو ستراتیژییان لە بواری ئاودا ئەنجام نەداوە.



## تورکیاو عێراق ڕێککەوتنی ستراتیژی لە بواری ئاودا واژۆدەکەن

تورکیاو عێراق ڕێککەوتنی ستراتیژی لە بواری ئاودا ئیمزادەکەنو ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی عێراقیش ئاماژە بەوەدەکات، ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی عێراقدا نییە، چونکە بەشە ئاوی عێراق لەو ڕێککەوتنەدا دیاری نەکراوە.

کەریم موحسین، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لەوەکرد، لیژنەکەیان نیگەرانە لەو ڕێککەوتنەو لەکاتی دەنگدان لەسەر ڕێککەوتننامەکە لە پەرلەمانی عێراقدا، ئامادە نین دەنگی لەسەر بدەن،لەلایەکی دیکەوە د.لەتیف جەمال ڕەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ڕایگەیاند: هەرچەندە لەمەودوا عێراق پێویستی زیاتری بە ئاو دەبێت، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی ڕەسمیی هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان تورکیاو عێراقدا ئیمزا نەکراوە، هەولیش دەدرێت لەو ڕێککەوتنانەدا بەرژەوەندی گشتیی عێراق لەبەرچاو بگیرێتو کێشەکانی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا چارەسەربکرێت.

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو وتیشی: «خوازیارین هەڵسوکەوتی وڵاتانی دراوسێ کاریگەری خراپ نەکاتە سەر ڕێککەوتنەکانی نێوانیان لە بواری ئاودا».

## کۆنگرەی ئاو بێ ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت لە سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد

بێ ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتو وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەژێر ناونیشانی (ئاو ئایندەمانە)، کۆنگرەی ئاو لە شاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد.

د.لەتیف جەمال ڕەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، ڕایگەیاند: کۆنگرەکە زیاتر هونەرییەو تایبەتە بە سەرچاوەکانی ئاوەوە لە عێراقو هەرێمی کوردستانو چۆنێتی سوودوەرگرتن لێیان، وتیشی: «لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا حکومەتی عێراق گرنگییەکی ئەوتۆی بە بواری سەرچاوەکانی ئاو نەدابوو، بەڵام ئێستا دوو وەزارەتی سەرچاوەی ئاویی لە عێراقو هەرێمدا هەیە».


د.لەتیف ئاماژەی بەوەشدا، لە ڕێگای ئەم کۆنگرەوە دەیانەوێت گوێ لە راوبۆچوونی ژمارەیەک لە پسپۆڕانو شارەزایانی عێراقو بیانی بگرن، بۆ جێبەجێکردنی پلانی وەزارەتەکەیان لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی خاوێن.

## کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەری عێراقی لقێک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە

بەمەبەستی پاراستنی بەکاربەر لە کاڵاو خۆراکی خراپو ماوە بەسەرچوو، کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەری عێراقی لقێک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

کامەران شێخ عوسمان، مامۆستای ئابووری لە کۆلێژی تەکنیکی سلێمانی، ڕایگەیاند: ئەوان وەک ژمارەیەک لە ئابووریناسان داوایان لە سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی بەکاربەر کردووە، بۆ ئەوەی لقێکی ئەو کۆمەڵەیە لە شاری سلێمانی بکەنەوە بەمەبەستی پاراستنی مافی بەکاربەرو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەربارەی ئەو کاڵاو خۆراکانەی لە دەرەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن.

کامەران شێخ عوسمان، ئاماژەی بەوەشکرد، هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخۆشیی جۆراوجۆرو بەتایبەتی نەخۆشیی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ هاوردەکردنی خۆراکو دەرمانی خراپو بەسەرچوو، لەکاتێکدا زۆرینەی کاڵاو خۆراکو پێداویستییەکانی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵیش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی سەرجەم ئەو بەرهەمانە بکات کە دێنە ناو بازاڕەکانی هەرێمەوە، تائێستاش هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی نییە پارێزگاری لە بەکاربەران بکات.



**بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ داوا لە دەروازە سنوورییەکان دەکات، هاوردەکردنی گەنمو جۆ بۆ کوردستان قەدەغە بکەن**

# به‌كارهێنانی پاره بۆ ده‌نگ كڕین نایاساییه



سۆران پاڵانی

هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی کوردستان کاتەکەی دیارینەکراوە، بەڵام هەر لەئێستاوە «هەڕەشەی نانبڕین و فەسڵکردن لەفەرمانبەران دەکرێت ئەگەربێت و دەنگ بەلیستی سەربەخۆ بدەن، پسپۆڕێکی ئابووری باس لەوە دەکات کڕینی دەنگ لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە بە پارە، شتێکی نایاساییە».

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، داوا لەسەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان دەکەن، ڕێگە نەدرێت دامودەزگاکانی حکومەت بۆ مەرامی حیزب و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت و ئاماژە بەوەشدەکەن کە»ئێستا هەڕەشەی نانبڕین لەفەرمانبەران دەکرێت ئەگەر دەنگ بەلیستی ئازادو سەربەخۆ بدەن».

محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی سەوز، لەدانیشتنی پێرێی پەرلەمانی کوردستان، داوای لەسەرۆکی پەرلەمان کرد، ڕێگە بگیرێت لەوەی، کەدامودەزگاکانی حکومەت بۆ مەرامی حیزبی و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن، ئاماژەی بەوەشکرد، «لەئێستاوە هەڕەشەی فەسڵکردن لەفەرمانبەران دەکرێت لەسەر کارەکانیان، ئەگەر دەنگ بەلیستی ئازاد بدەن».

هەروەها محەمەد ڕەفعەت، وتیشی «پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نزیکبووەتەوەو هەردوو حیزبی باڵادەست کەوتوونەتە هەڕەشەکردن لەهاوڵاتیان و نانبرینیان، ئەگەر دەنگ بەلیستی ئازادو سەربەخۆ بدەن».

حکومەتی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر تێچوونی بڕی (٣٧) ملیۆن دۆلار بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت، سەرچاوەیەکیش لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەڵێت ئەوە بۆ تێچوونی کاروباری ئیداریی و ڕێکخستنی هەڵبژاردنە، هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە کە بڕە پارەیەک بۆ لیستەکانی هەڵبژاردن تەرخانکرابێت، کە پڕوپاگەندەی بۆخۆیان پێ بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە، چاودێرانی سیاسیی و ئابووری دەڵێن، لەسەر حکومەتە لەو بودجەیەی بۆ هەڵبژاردن دیاریدەکات، پارە بە لایەنەکان بدات بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆئەوەی بەرنامەی خۆیان بۆ هاوڵاتییان ڕوونبکەنەوە.

سەرۆک وەزیرانی عێراق (نوری مالیکی) ڕەزامەندیی پیشاندا لەسەر ئەوەی بڕە پارە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان تەرخان بکات، سەرچاوەیەکیش لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو بڕە پارەیە کە ئێمە داوامانکردووە لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە، بۆ تێچوونی کاروباری ئیداریی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانە، هەرچەند لەو پارەیەش مایەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەتی عێراقی.

بەپێی یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو لەکاتی ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکدا، حکومەت بڕە پارەیەک لە بودجەی گشتیی وڵات تەرخاندەکات بۆ هەڵبژاردنەکان، یارمەتیی لایەنەکانی بەشداربوو دەدات بۆئەوەی بتوانن بانگەشەی هەڵبژاردن بۆخۆیان بکەن، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابینکراوە، بۆ تێچوونی کاروبارەکانی هەڵبژاردنە. وەک سەرچاوەکە وتی: «ئێمە لەو پارەیەی کە لە بەغداوە بۆمان دابینکراوە، ناتوانین هیچ پارەیەک بە لایەنە بەشداربووەکان بدەین، تەنیا ئەو بڕە پارەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی کۆمسیۆنە».

د.خالید مەلا کەریم دەلۆ، پسپۆڕی بواری ئابووری، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەپێی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت نسبەیەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکان دادەنرێت، لایەنەکانیش بەپێی قورسایی خۆیان پارەیان پێدەدرێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆئەوەی کە بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵک ئاشکرابکەن.

ئەو پسپۆڕە لەوبڕوایەدایە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جەماوەری هۆشیار دەنگ نافرۆشێت و پارتەکانیش دەنگ ناکڕن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی پارە بۆ کڕینی دەنگ، ناوبراو وتی «کڕینی دەنگ لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە بە پارە، ئەمە شتێکی نایاساییەو هیچ کەسیش ناتوانێت سامانی گشتیی لە هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت».

مەولود باوەموراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەوبڕوایەدایە بەکارهێنانی پارە دەبێتە هۆی تێکدانی شێوازی ئاسایی و یاسایی هەڵبژاردنێکی خاوێن و دیموکرات.

سەبارەت بە شێوازی بەکارهێنانی پارەش لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، باوەموراد وتی: «ئەمەش چەند ڕێگای هەیە: دابەشکردنی ڕاستەوخۆی پارەیە بەسەر دەنگدەراندا، بەکارهێنانی پارەیە بۆ کاندیدەکان بۆئەوەی پڕوپاگەندەیەکی لەڕادەبەدەری پێبکات، یان بەهۆی بەکارهێنانی پارەی زۆرەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵمەتی هەڵبژاردنی زۆر بۆ کاندیدەکان دەکەن کە پێش کاندیدەکانی دیکە بکەوێت، دوا ڕێگا ئەوەیە کەپارە ئەوەندە ناودەبرێت لە مێشکی دەنگدەردا دەبێتە خەونێکی ئایندەو کاریگەریی خراپی لەسەر دادەنێت».

باوەموراد هاوڕایە لەگەڵ پسپۆڕە ئابوورییەکەدا، کە دەبێت حکومەت میزانیەیەک بۆ هەڵبژاردنەکان دیاری بکات، هەر پارتێکیش بەگوێرەی لیستی خۆی هاوکاریی بکرێت، بۆئەوەی بتوانێت بەرنامەی کاری خۆی بۆ هەڵبژاردن بڵاوبکاتەوە، بەڵام باوەموراد ئەوەش دەڵێت: «هیوادارم سنوورێک بۆ دانی پارە دیارییبکرێت، بۆئەوەی هەڵبژاردنێکی خاوێن و تەندروست بێت».

# تا حكومه‌تێكی ئه‌لیكترۆنی له‌ كوردستاندا دانه‌مه‌زرێت گه‌نده‌ڵییه‌كان به‌رده‌وام ده‌بێت

هاوڕێز عەلی

پسپۆڕێکی بواری ئابووری باس لەوەدەکات، هەر کاتێک حکومەتی هەرێم ببێت بە حکومەتێکی ئەلیکترۆنی و شەفاف، دەتوانێت لەماوەی چەند ساڵێکدا گەندەڵییەکان نەهێڵرێت لە کوردستاندا.

د.خالید حەیدەر، پسپۆڕی بواری ئابووری و مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕیی و ئابووری زانکۆی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی وت: «حکومەتی هەرێم دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە حکومەتێکی ئەلیکترۆنی دروستبکات، بۆ ئەوەی گەندەڵییەکان لە کوردستاندا کەمبکرێتەوە».

د. خالید وتیشی: «دروستبوونی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی وادەکات هاوڵاتییان لە ماڵەکانی خۆیانەوە ئیشەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت، ئەو گەندەڵییەش کە ئێستا ڕێژەکەی لە سەروو ٩٠٪ لە تێکڕای عێراقدا کە پشکێکی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، ئەوکات دادەبەزێت بۆ خوار ١٠٪، هیچ کەسێکیش ناتوانێت گەندەڵی ئەنجامبدات، چونکە ئەم سیستمە چاودێریی دەکرێت لەلایەن لیژنەی تایبەتییەوە»، بەڵام وەک ئەو ئاماژەی پێکرد، لە ئاستی خوارەوەش گەندەڵی هەیەو چەندەها بەرپرس بە گەندەڵییەوە تێوەگلاون و وەرگرتنی ئەو پۆستەیان بە هەل دەزانن بۆ کاری گەندەڵی، د.خالید وتیشی: «ئەو کەسانەی لە وەزیفەیەکی ئیداریدان، دەڵێن بەردەوام نیم لەو پۆستەی کە هەمە، ئیتر بۆچی خۆم دروست نەکەم لەسەر حسابی هاوڵاتییان، زۆرجار ئەم گەندەڵییە بەرپرسانی سەرەوە مۆڵەت دەدات بەوانەی کە لە خوارەوەن گەندەڵ بن، هەندێکجار بێئاگان لەو گەندەڵییەی کە دەکرێت».

ئەو پسپۆڕە ئابورییە بە پێویستیزانی لە کوردستاندا دەزگایەکی چاودێریی تایبەتی لە هەموو بەڕێوبەرێتییەکاندا هەبێت، وتی: «ئەو دەزگایە لە چەند کەسێک پێکهاتبێت بە شەش مانگ جارێک گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست نەکەن، تا چارەسەری جدیی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵییەکان بکرێت و چاودێریی لەسەر کاروبارەکانی حکومەت بکرێت».

هەروەها وتیشی: «ئەگەر دەزگای شەفافیەت هەبێت لەگەڵ دەزگای چاودێری دارایی لە کوردستاندا، کە بە هاوبەشی کاربکەن بۆ ئەوەی گەندەڵییەکان کەمبکرێتەوە، کارێکی باش دەکرێت».

ئەو پسپۆڕەی ئابووری ئەوەی ڕوونکردەوە، گەندەڵییەکان لە عێراقدا دەمێنێتەوەو بەردەوامەو ناتوانین یەکسەر چارەسەری بکەین، ئێستا دەزگای نەزاهە لە عێراقدا هەیە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵییەکان، بەڵام تا «حکومەتێکی ئەلیکترۆنی دانەمەزرێت لە کوردستاندا، گەندەڵییەکان هەر بەردەوام دەبن».

سەرپەرشتیار: محەمەد شێخ فاتیح
٠٧٧٠ ١٤١٦٠٠٦